زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# دۆخی ڕێزمانی لە زمانی کوردیدا

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر کراوە
وەکو بەشێک لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر
لە زمانی کوردیدا

لەلایەن
**فیصل غازی محمد**
بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا

بە سەرپەرشتی
**پ.د. وریا عمر أمین**

ئەیلوول ٢٠١٥

# بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەرنامەیە کە ناونیشانەکەی (دۆخی ڕێزمانی لە زمانی کوردیدا) هەمووی کاری ڕەسەنی تاکەکەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێ کردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان تۆژینەوەی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: فیصل غازي محمد

بەروار: / /٢٠١٥

## پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشت

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیی من ئامادە کراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆریی زمانی کوردیدا. من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

ناو: پ.د. وریا عمر أمین واژوو ..........................

بەروار: / / 2015

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوە هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشت، من ئەو نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو...........................

ناو د.گۆران سۆران فەیزی

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

بەروار : /2015/9

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلیژ

واژوو...........................

ناو : پ.ی.د. محمد قادر خورشید

بەروار: / / 2015

## بڕیاری لیژنەی تاقیكردنەوە

ئێمە وەكو لیژنەی تاقیكردنەوە، ئەو ماستەرنامەیەمان كە ناونیشانی بریتی بوو لە: (دۆخی ڕێزمانی لە زمانی كوردیدا) خوێندەوە و قوتابییەكەمان كە ناوی (فیصل غازی محمد) بوو، لە ناوەڕۆكەكەی تاقی كردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین كە پێداویستییەكانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆریی زماندا تێدایە.

واژوو:
ناو: پ.ی.د. شهاب طیب طاهر
ئەندام
بەروار:

واژوو:
ناو: د.حاتم ولیا محمد
ئەندام
بەروار:

واژوو:
ناو: پ.د. وریا عمر امین
ئەندام و سەرپەرشت
بەروار:

واژوو:
ناو: پ.د. طالب حسین علی
سەرۆكی لیژنە
بەروار:

واژوو:
ناو: پ.ی.د. سعید عمر ابراهیم
ڕاگری كۆلیژی پەروەردە
بەروار:

# پێشکەشە بە

- گیانی پاکی داپیرم کە زمانی شیرینی کوردیی لێ فێر بووم.

- گیانی پاکی ئەو شەهید و قارەمانانەی کە لەپێناو کورد و کوردستان گیانیان بەخت کرد.

# سوپاس و پێزانین

* ســوپاس و پێزانینم بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و بۆ ســەرۆکایەتیی زانکۆی ســەلاحەددین و ڕاگرایەتیی کۆلێژی پەروەردەی زانســتە مرۆڤایەتییەکان و لیژنەی خوێندنی باڵا و بەشــی زمانی کوردی کە ئەم هەلەیان بۆ ڕخساندم خزمەتی زمانە شیرینەکەمی پێ بکەم.

* ســوپاســی بێ پایانی ســەرپەرشــتم پرۆفیســۆر دکتۆر وریا عومەر ئەمین دەکەم کە لە ڕادەبەدەر یارمەتیی دام و ڕێنمایی کردم و بەردەوام پشتگیر و هاندەرم بوو.

* سوپاسی مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست دکتۆر حاتەم ولیا محەمەد کە زۆر یارمەتیی دام و بەردەوام هانی دەدام و هیوای بە من دەبەخشی.

* ڕیز و سوپاسم بۆ سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی و هەموو ئەو مامۆستایانەم کە لە کۆرسی ماستەردا وانەیان پێ وتمەوە (د.تالیب حوسێن– د.هیمداد حوسێن– د.سەردار گەردی– د.نەوزاد وەقاس– د.وریا عومەر ئەمین – د.حاتەم ولیا – د.دیار عەلی کەمال – د.هیمداد عەبدولقەهار).

* ســوپاس و پێزانینم بۆ مامۆســتا و برای ئازیز و خۆشــەویســت نەبەز ئیســماعیل و خاتوو فرمێسک موسلیح کە زۆر یارمەتییان دام بە سەرچاوە و پێداچوونەوە وەرگێڕان و هاندان.

* ســوپاســی و ڕێزم بۆ هەردوو مامۆســتا و هاوماســتەری بەڕێز کە یارمەتییان دام، بنار عەبدولجەبار و هاوکار مامەند.

نموونەیان زۆر بێ

**توێژەر**

**فەیسەل غازی محەمەد**

# پوختە

ئەم نامەیە کە بە ناونیشانی (دۆخی ڕێزمانی لە زمانی کوردیدا)یە لە سیستەمی دۆخ لە زمانی کوردیدا دەکۆڵێتەوە.

ڕستە لە کار و چەند بەشێکی بنجی پێك دێت. هەر یەکە لەم بەشانە ئەرکێکی ڕێزمانیی پێ سپێرراوە. هەر یەکەیان دۆخێکە. واتە دۆخەکان پەیوەندییە سینتاکسییەکان لەناو چوارچیوەی ڕستەدا دەستنیشان دەکەن.

ڕێزمانی چاولێکەری بۆ دەستنیشانکردنی دۆخەکان لە سیمادا پشت بە گۆڕانکارییە گەردانییەکان دەبەستێ. هەر شێوەیێکی گەردانی لەسەر بنەمای واتایێك دادەڕێژرێ، کە ڕۆڵەکەی دەستنیشان دەکات. بۆ نموونە دۆخی ناوی هێمایە بۆ بکەری، دۆخی جێنێتڤی هیمایە بۆ هەبوون..هتد.

لە ڕووی تایپۆلۆجییەوە زمانانی جیهان کراونەتە دوو جۆر. زمانە (نۆمینەتیڤە ئەکیوزەتیڤییەکان)و زمانە (ئێرگەتیڤییەکان). لە زمانە (نۆمینەتیڤە ئەکیوزەتیڤییەکان) بکەری ڕستەی کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕ هاوسیمان. بەرکار شێوە و نیشانەیێکی جیاواز وردەگرێ کە هێمایە بۆ ئەکیوزەتیڤی.

لە زمانە (ئێرگەتیڤییەکان) بکەری ڕستەی تێنەپەڕ و بەرکاری ڕستەی تێپەڕ هاوسیمان. بکەر شێوە و نیشانەیێکی جیاواز وردەگرێ کە هێمایە بۆ بکەری بە ئێرگەتیڤ ناو دەبرێ. واتە لەم جۆرە سیستەمەدا دەقییەکی گەردانی هەیە لەنێوان بکەری ڕستەی تێنەپەڕ و بەرکاری ڕستەی تێپەڕ. بەپێی ئەو پوختەیەی سەرەوە بە پێویست زانرا، کە توێژینەوەکە بۆ چوار بەش دابەش بکرێت:

له بەشی یەکەمدا ناونیشان و ئامانج و سنوور و گیروگرفت و گریمانە و ڕێباز و کەرەسەی شیکردنەوەی لێکۆڵینەوەکە خراوەنەتە ڕوو.

له بەشی دووەمدا ئەرکی ڕێزمانی و لۆژیکی و جیاوازی نێوانیان وەك بنەمایێك بۆ پێناسینی دۆخ و پۆلکردنی بۆ چاولێکەری و فیلمۆڕی دەخرێتە ڕوو.

بەشی سێیەم لە دوو تەوەر پێکهاتووە. تەوەری یەکەم لە سیستەمی (نۆمینەتیف-ئەکیوزەتیف) و سیستەمی (ئێرگەتیف) و جیاوازیی نێوانیان لە زمانە جیاوازەکاندا دکۆڵێتەوە. تەوەری دووەم لە جۆرەکانی ئێرگەتیف (گەردانی و سینتاکسی و قلێشاو) دەکۆڵێتەوە.

بەشی چوارەمیش لە سیستەمی ئێرگەتیڤی لە سێ زاری زمانی کوردی (زاری ژووروو، ناوەڕاست، خواروو) دەکۆڵێتەوە.

## ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| II | بەڵێننامە |
| III | پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشت |
| IV | بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە |
| V | پێشکەشە بە |
| VI | سوپاس و پێزانین |
| VII-VIII | پوختە |
| IX-X | ناوەڕۆك |
| (3-1) | **بەشی یەکەم - پێشەکی** |
| 1 | ناونیشانی نامەکە |
| 1 | هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە |
| 2 | ئامانجی لێکۆڵینەوەکە |
| 2 | گریمانە |
| 2 | ڕێبازی لێکۆڵینەوە |
| 2 | سنوور و کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە |
| 3 | گیروگرفت |
| 3 | ئەنجامدانداني لێکۆڵینەوەکە |
| (45-4) | **بەشی دووەم - دۆخ چییە؟** |
| 4 | زاراوەوەی دۆخ |
| 6 | پێناسەی دۆخ |
| 10 | دۆخ لە زمانەکانی جیهاندا |
| 13 | تایپۆلۆژیای دۆخ |
| 19 | دۆخ و ڕیزبوونی وشە |
| 22 | ئەرکی ڕێزمانی و ئەرکی لۆژیکی و پەیوەندی بە دۆخەوە |

| | |
|---|---|
| پۆلێنکردنی دۆخ و جۆرەکانی | 26 |
| دۆخەکان | 32 |
| ڕێزمانی دۆخ | 42 |
| دۆخە قووڵەکان | 45 |
| **بەشی سێیەم - سیستەمە دۆخییەکان** | (82-51) |
| سیستەمە دۆخییەکان | 51 |
| سیستەمی دۆخی نۆمینەتیف-ئەکیوزەتیف | 53 |
| سیستەمی دۆخی ئێرگەتیف-ئەبسولوتیف | 55 |
| بەراوردێکی سیستەمی (نۆمینەتیف-ئەکیوزەتیف) و (ئێرگەتیف-ئەبسولوتیف) و نموونەی لە چەند زمانێکی جیهاندا | 57 |
| تایبەتمەندیی زمانە ئێرگەتیڤییەکان | 60 |
| سیستەمەکانی دۆخ لە ڕووی مۆرفۆلۆژی و لە ڕووی نیشانەی دیارخەریی دۆخەوە | 62 |
| کاری تێپنەپ (ئێرگەتیف) و کاری ناتێپنەپ (نائێرگەتیف) | 64 |
| پلەی دەرکەوتنی ئێرگەتیڤی لە زمانەکاندا | 67 |
| جۆرەکانی ئێرگەتیف | 72 |
| ئێرگەتیڤی مۆرفولوجی | 72 |
| ئێرگەتیڤی سینتاکسی | 75 |
| ێرکەتیڤی قلیشاو | 80 |
| **بەشی چوارەم - دۆخی ئێرگەتیف لە زمانی کوردیدا** | (105-83) |
| سیستەمی دۆخ لە زمانی کوردیدا | 83 |
| زاری کرمانجیی ژووروو | 84 |
| زاری کرمانجیی ناوەڕاست | 88 |
| بنەماکانی دیارخستنی دۆخی ئێرگەتیف | 93 |
| زاری کرمانجیی خواروو | 101 |
| **ئەنجام** | (106) |
| **سەرچاوەکان** | **(R107-R114)** |
| Abstract | **i** |

# بەشی یەکەم
# پێشەکی

## ناونیشانی نامەکە

ناونیشانی ئەم نامەیە (دۆخی ڕێزمانی لە زمانی کوردیدا)یە. لە دۆخی ڕێزمانی و سیستەمە دۆخییەکان دەکۆڵێتەوە و سیستەمی ئێرگەتیڤی لە زارەکانی (ژووروو، ناوەڕاست، خواروو)ی زمانی کوردی دەستنیشان دەکات.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە

تا کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کتێب و وتارە ڕێزمانی و زمانییەکانی کوردی هەرگیز ناوی ئێرگەتیڤیان نەهێنابوو. یەکەم کار کە زاراوەی ئێرگەتیڤی بەکار هێنابێ و دەریخستبێ، کە زمانی کوردی سەر بەم سیستەمەیە لە ساڵی (١٩٧٩)دا بوو لەو نامەیەی، کە بە ناونیشانی (کەرەسەکانی دارشتنی کار لە زمانی کوردیدا) بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش بە زانکۆی لەندەن کرا لەم کارەدا یاساکانی ئێرگەتیڤیتی لە زاری کرمانجیی ژووروو بە شێوەیێکی سیستەماتیکی خراونەتە ڕوو[1]. دوای ئەمە ژمارەیێك لە قوتابییانی خوێندنی باڵا ئەم بابەتەیان کرد بە کەرەسەی لێکۆڵینەوە و هەوڵیان دا سیماکانی ئەم لایەنەی ڕستە لە شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی دەسنیشان بکەن.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئەوەیە زیاتر تیشك بخرێتە سەر ئەم لایەنەی زمان و ڕێزمانی کوردی لە شێوەزارە جیاوازەکاندا.

---

**1 . Amin, Waria Omar., (1979), Aspects of the verbal construction in Kurdish, London university, P.30.**

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە

ئامانجی ئەم کارە دەستنیشانکردنی جۆرە جیاوازەکانی دیاردەی ئێرگەتیڤییە، لە سێ زاری زمانی کوردی.

## گریمانە

سیستەمی ئێرگەتیڤیتی لە زارە کوردییەکان جیاوازی پێشان دەدەن و هەر یەکە بە ڕادەیێک سیمای ئەم دیاردەیەی پاراستووە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پێی پێڕەوی وەسفیی گشتی ئەنجام دراوە، هەندێ جار سروشتی باسەکە وا دەخوازێت لە ڕێبازی ئیتمۆلۆژی، مێژوویی و بەراوردکاری بدات.

## سنوور و کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە

ئەم کارە بۆ شێکردنەوەی ڕوویێکی سینتاکسیی زمانی کوردی کە ئێرگەتیڤییە تەرخان کراوە. کەرەسەی شیکردنەوەی لە قسەی ڕۆژانە و نامە ئەکادیمییەکانەوە وەرگیراوە.

## گیروگرفت

کەمیی سەرچاوە لەبارەی ئێرگەتیڤ لە زمانی کوردیدا، بە تایبەتی ئێرگەتیڤی لە زاری ناوەڕاست و خوارووادا کە تا ڕادەیەك پەرێزخراوە، بۆیە ئەم توێژینەوە هەوڵی دا سەرنجێکی زیاتر بخاتە سەر ئەم بابەتە.

## ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان پێڕەوی لێکۆڵینەوەکە وا خراوەتە ڕوو کە کارەکە بە چوار هەنگاو ئەنجام بدرێ و نامەکە بە چوار بەش پێشکەش بکرێ بەم جۆرە.

**بەشی یەکەم**: پێشەکییە لە ناونیشان و ئامانج و سنوور و گیروگرفت و گریمانە و ڕێباز و کەرەسەی شیکردنەوەی لێکۆڵینەوەکە دەکۆڵێتەوە.

**بەشی دووەم**: بە ناونیشانی (دۆخ چییە؟) لە تایپۆلۆژیای دۆخ و پەیوەندیی دۆخ بە ڕیزبوونی وشە و ئەرکی ڕێزمانی و ئەرکی لۆژیکی و پۆلێنکردنی دۆخ و جۆرەکانی دەکۆڵێتەوە و پۆلکردنی دۆخ بۆ چاولێکەری و فیلمۆری.

**بەشی سێیەم**: بە ناونیشانی (سیستەمە دۆخییەکان)ـە، لە دوو تەوەر پێك دێت. تەوەری یەکەم لە سیستەمی (نۆمینەتیڤ- ئەکیوزەتیڤ) و (ئێرگەتیڤی- ئەبسلوتیڤ) جیاوازیی نێوانیان لە زمانە جیاوازەکاندا دکۆڵێتەوە. تەوەری دووەم لە جۆرەکانی ئێرگەتیڤ دەکۆڵێتەوە گەردانی و سینتاکسی و قلێشاو.


**بەشی چوارەم**: بە ناونیشانی (دۆخی ئێرگەتیڤ لە زمانی کوردیدا)یە لە سیستەمی ئێرگەتیڤی لە زارەکانی (ژووروو، ناوەڕاست، خواروو)ی زمانی کوردی دەکۆڵێتەوە.

# بەشی دووەم

# دۆخ چییە؟

## زاراوەی دۆخ (Case)

ڕستە (Sentence) لە هەموو زمانانی جیهاندا لە (کار) و چەند بەشێکی بنجی، وەك: (بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، ئاوەڵکار، و ...هتد) پێك دێت. هەر یەکە لەم بەشە بنجییانە ئەرکێك پێشان دەدات و هەر یەکێك لەم ئەرکانە دۆخێکە (Case). دۆخەکان پەیوەندییە سینتاکسییەکان دەستنیشان دەکەن[1].




زاراوەی دۆخ (Case) لە وشەیەکی زمانی لاتینی هاتووە بە شێوەی (Cāsus)، کە لە بنەڕەتدا وەرگێڕانی وشەی (Ptōsis)ی گریکییە کە بە واتای (Fall)ی ئینگلیزی دێت، واتە (کەوتن، نزمبوونەوە)یە. ئەو بیرۆکەیە لە زاراوەی (Declension) ڕەنگی دایەوە، واتە گەردان، کە بۆ ئاماژەکردن بۆ پۆلە گەردانییەکان (Inflectional classes) بەکار دەهێنرێت و لە (Dēclīnātiō) هاتووە کە واتاکەشی (چەمانەوە، نوشتانەوە، نزمبوونەوە)یە[2].

بە واتایەکی تر زاراوەکانی (Declination) و (Inflection) گەردانکردن کە گۆڕانی شێوەی وشە دەگەیەنێت، بۆ مەبەستی ئاماژەدان بە دۆخ بەکارهاتوون، ئەم دوو زاراوەیەش بە شێوەی خوازراو (مێتافۆری-Metaphor) بۆ ئەو گۆڕانانە بەکارهاتوون، کە بە هۆی گۆڕانی دۆخی ڕێزمانییانەوە لە شێوەی وشەکان ڕوو دەدات.

---

1. وریا عومەر ئەمین، (2015أ)، زاراوەی دۆخ، ڕۆژنامەی بەدرخان، ژ174، هەولێر، ل18.

2 . Blake, B. J., (2004), Case, Cambridge university press, Cambridge, P.18.

سەرەتا زاراوەی دۆخ بۆ ئاماژەکردن بۆ کار و بە هەمان شێوەش بۆ ناو بوو، لەگەڵ ناو: دۆخی ناوی یان بکەری (Nominative) و لەگەڵ کاردا: کەسی سێیەمی تاکی دەمکاتی ئێستا (Present indicative) کە بە شێوەی بنەڕەتی (Basic) دادەنرا. بیرۆکەی چەمکی (Ptōsis) بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە بۆ گەردانکردنەکان (Inflections) و داڕشتنە ئاوەڵکارییەکانی (Adverbial derivations)، پاشان لە سەدەی سێیەمی پێش زایین زاراوەکە سنووردار بووە بە گەردانکردنی ناوی (Nominal inflection)[1].

لەو کاتەدا بۆ ئاماژەکردن بۆ دۆخی ناوی (Nominative) وشەی (Orthē) بەکاردەهێنرا، کە بە واتای (ڕاست، ڕاستەوخۆ/ Upright, Straight) بوو، یان وشەی (Eutheia) کە واتاکەی فۆرمی (ڕاست، ڕاستەوخۆ/ Straight, Direct)، پاشان بوو بە (Ptōsis orthē, Ptōsis eutheia) دواتر بووە بە (Ptōsis onomastikē)، بە ئینگلیزیش دەبێت بە (Nominative case).

لێرەدا (Ptōsis) بە واتای دۆخ بەو شێوەیەی ئێستایە، نەك بە واتای (Fall- کەوتن، نزمبوونەوە) لە شێوە ستانداردەکەی، بە واتایەکی تر ئەم وشەیە تەنها بۆ دۆخی بکەری (Nominative) نەبوو، بەڵکو بۆ دۆخە نابکەرییەکانیش (Non-Nominative) کە لە زمانی کۆنی یۆنانی (Ptōseis plagiai)ی پێی دەوترا، بە واتای (Slanting cases) دۆخە لارەکان، دۆخە لاداوەکان یاخود (Blique cases) دۆخە لابەلاکان، لە زمانی کۆنی گریکی ئەو دۆخانەی کە ڕوویان دەدا بەم شێویە بوون: جێنەتیڤ (Genikē)، دەیتیڤ (Dotikē)، ئەکیوزەتیڤ (Aitiatikē)[2].

زاراوەی دۆخ (Case) کە بە واتای (کەوتن و نزمبوونەوە) بوو. خزاوەتە نێو زمانی ئەڵمانی بە شێوەی (Fall) و دواتریش زمانی ڕووسی بە شێوەی (Падеж/ Padež) وەری گرت و لە هەردوو زمانەکە هەمان واتای (کەوتن، نزمبوونەوە) دەدات[3]. ئەوەی جێی سەرەنجە ئەوەیەکە ئەم زاراوەیە لەو زمانانەدا وەرگێڕانێکی دەقاودەقە (loan translations)، پێدەچێت

---

1 . Blake, B., (2004), P.18.
2 . IBID, P.18-19.
3 . Haspelmath, M., (2006), Terminology of case, Handbook of Case, Oxford University Press, Oxford, P.1.

ڕەنگدانەوەی ئەو بیرۆکەیە بێت کە هەڵی گرتووە و ئەو بیرۆکەیەش بریتیە لە "کەوتن و نزمبوونەوەی فۆرمی وشەیەك لە فۆرمە باو و ستاندەرەکەی خۆی"[1].

دۆخ لە ڕێزمانی فارسی بە (حالت) و دۆخی ڕێزمانی بە (حالت دستوری) دەناسرێ[2]. لە ڕێزمانی عەربیشدا بە (الحالة) و دۆخی ڕێزمانی بە (الحالة الإعرابية) ناسراوە[3]. هەروەها لە ڕێزمانی تورکیدا دۆخ (Hâl)ە و دۆخی ڕێزمانی (Ismin hâlleri)یە[4].

## پێناسەی دۆخ (Definition of case)

لە ڕێزمانی چاولێکەریدا دۆخ بریتی بوو لەو گۆڕانکارییەی بە هۆی ئەرکی ناو لە ڕستەدا لە کۆتاییەکەیدا ڕوو دەدات، کە بریتییە لە خستنەسەری زیادەیەك بۆسەر فرێزە ناوییەکان، بۆ مەبەستی لێکدانەوەی وشەکانی ناو ڕستە و ناسینەوەی پەیوەندی نێوان وشەکانی ڕستەیەك لە ڕێی کەرەستەکانی وەك: بکەر، بەرکار و...هتد. چەمکی دۆخ لەلایەن چەندین زمانەوان پێناسە کراوە، هەر زمانەوانێك و بە جۆرێك پێناسەی دۆخی کردووە، بۆنموونە:

1-**مێلکۆک**، دەڵێت: دۆخ بریتییە لە لقێك لە ڕێزمانی هەر زمانێکدا و ڕەنگدانەوەی ئەو ئەرکە ڕێزمانییانەیە کە لەلایەن ناوێك، ڕاناوێك، فرێزێك، لاڕستەیەك (Clause) یان ڕستەیەك جێبەجێ دەکرێت. هەروەها دەکرێ دۆخەکان لە ڕێزماندا بەوە بناسرێنەوە کە ناوەکان یان ڕاناوەکان فۆرمی جیاواز وەردەگرن بە گوێرەی ئەو دۆخانەی کە تیایاندا دەردەکەون[5].

2-**کۆمری**، دەڵێت: دۆخ لقێکی بنچینەیی ڕێزمانە و یەکێکە لە باوترین ئەو بوارانەی کە توێژینەوەی لەسەر کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك ناتوانێت بڵێت ڕێك دۆخ چییە، ئەمەش

---

1 .Blake, B., (2004), P.18.

2. مصطفى عاصى و محمد عبد على. (1996)، واژگان گزيده زبانشنسى، شركت انتشارات علمى و فرهنگى، تهران، ل66، 81.

3. محمد حسن باكلا و محيي الدين خليل الريح و...أخرون. (1983)، معجم مصطلحات علم اللغة الحديث (عربي – إنكليزي)، مكتبة لبنان، بيروت، ص33.

4 .Academic article from: www.tr.wikipedia.org/wiki/İsmin_hâlleri

5 .Mel'cuk, I, A,. (1986), Toward a Definition of Case, Case in Slavic, Columbus, Ohio, Slavica, P.37.

لەبەر ئەوەی کە زمانەوانان هاورِا نین لەسەر ئەوەی دۆخی نموونەیی چۆن لەو بەشە ڕێزمانییانە جیا بکرێنەوە کە هاوشێوەی دۆخن. بە شێوەیەکی گشتی دۆخ بە پۆلێك لە مۆرفۆلۆژی دادەنرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە زۆربەی زمانە جیهانییەکان دۆخ بە هۆی مۆفۆلۆژیەوە دەردەکەوێت. سیستەمە دۆخیەکانی زمانەکان لەوانەیە تەواو لە یەکتری جیاواز بن[1].

3-**بوسمان**، دەڵێت: دۆخ پۆلێکی ڕێزمانیی (Grammatical category) ئەو وشانەیە کە گیرەکی گەردانکەری وەردەگرن (Inflected words)، بە مەبەستی دەرخستنی ئەرکە سینتاکسییەکەیان لە ڕستەدا، وەرگرتنی ئەم گیرەکە گەردانکەریانەش دەوەستێتە سەر ئەرکی وشە، ڕێکەوتن (Agreement) و حوکمکردن (Government)[2].

4- **تراسک**، دەڵێت: دۆخ پۆلێکی ڕێزمانییە کە بە هۆیەوە فۆرمەکانی فریزێکی ناوی دەگۆڕێن و هەمەجۆر دەبن لەبەر هۆکارە ڕێزمانی (Grammatical reasons) یان سیمانتیکییەکان (Semantic reasons)، هەموو زمانەکان دۆخدار نین، بەڵام تا ڕادەیەك ژمارەی ئەو زمانانە کەم نییە کە دۆخیان هەیە[3].

5-**بلەیک**، دەڵێت: دۆخ سیستەمی دیاریکردنی جۆری پەیوەندیی ناوەکانە، بە تایبەتی ئەو پەیوەندییانەی کە سەرەی ناوەکان هەیانە. لە شێوەی نەریتیەکەیدا زاراوەی دۆخ ئاماژە بۆ دیاریکردن و دەستنیشانکردنی گۆڕینی شێوەی وشە واتە گەردانکردن (Inflection) بۆ پیشاندانی باری کرداری بووە، یان بۆ دیاریکردنی ئەو تیپ و بڕگانە بووە کە دەچنە سەر وشە، وەکو نیشانەیەك بۆ دەرخستنی ئەرك و واتای جیاوازی ئەو وشەیە. دۆخ پەیوەندی نێوان ناو و کار دیاری دەکات لە ئاستی لاڕستە (Clause)، یان دیاریکردنی پەیوەندی لەنێوان ناو و

---

1. Comrie, B., (1991), Form and function in identifying cases, Paradigms: The Economy of Inflection, Berlin and New York, Mouton de Gruyter, p.42.
2. Bussmann, H., (1996), Dictionary of Language and Linguistics, Routledge, London and New York, p.155-156.
3. Trask, R.L., (1999), Key Concepts in Language and Linguistics, Routledge, London and New York, p.23.

پێشبەند (Preposition)دا، یان دیارخستنی پەیوەندی نێوان پاشبەند (Postposition) و ناوە لە ئاستی فرێزدا[1].

6-**هاسپلماث**، دەڵێت: دۆخ ئاماژە دەکات بە سیستەمێکی کاتیگۆریی گەردانی*، یان بۆ گاتیگۆرییەکی دیاریکراوی گەردانکردن، یان بۆ بەهاکانی (values) ئەو سیستەمە[2].

کەواتە دۆخ سیستەمێکە لە سیستەمەکانی کاتیگۆریی گەردانی، دەکرێت ئەو گۆڕانانە لە تەواوی فۆرمی وشەکە، یان بە کەمکردنەوە و زیادکرنی گیرەك، یان بە هۆی گۆڕینی پۆلی وشە، یان ئەرکی وشە، یان بۆ مەبەستی تاك و کۆ، یان ڕیزبوونی وشە بێت[3]. هەروەها دەکرێت دۆخ بریتی نەبێت لە گەردانکردن، بەڵکو دەکرێت دۆخ ئاماژە بە گۆڕینی پەیوەندی نێوان وشەکان لە ڕستەدا بکات، یان ئاماژە بە گۆڕانی ڕۆڵی سیمانتیکیی وشەکان لە ڕستەدا بکات. سەرەڕای ئەوەش دەکرێت دۆخ ئاماژە بە ناساندنی وشەیەکی نوێ یان فۆرمێکی نوێ بۆ وشەیەك بکات، کە بە هیچ شێوەیەك خاڵی هاوبەش لەنێوان فۆرمە نوێیەکەی وشەکە و فۆرمەکانی تری هەمان وشەدا نییە[4].

7- **دەیڤید کریستاڵ**، دەڵێت: دۆخ پۆلێکی ڕێزمانییە لە شیکردنەوەی پۆلەکانی وشەدا (word classes) بەکاردێت، یان ئەو فرێزانەی کە پەیوەندیدارن بەوان، بۆ مەبەستی دەستنیشانکردنی پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان وشەکان لەنێو ڕستەدا، بۆ نموونە دەرخستنی پەیوەندیی سینتاکسی وشەکان (وەك دۆخی بکەری، دۆخی بەرکاری، ...هتد).

---

1. Blake, B. J., (2004), P. 1.

* سیستەمێکی گۆڕینی شێوەی وشە (inflectional category-system)، ئەو گۆڕانکارییە کە لە شێوەی وشە ڕوو دەدات (زۆر جار لە کۆتاییەکەدا) بۆ پیشاندانی ئەرکی ڕێزمانی یاخود تایبەتمەندییەك وەك: دەمکات (Tense) و کەس (Person) و ژمارە (Number) و ڕەگەز (Gender) و ئەسپێکت (Aspect) و دۆخ. بە واتایەکی تر گۆڕینی شێوەی دەرکەوتنی وشەیە لە ڕستەدا، لەبەر هۆی ڕێزمانی بێت.

2. Haspelmath, M., (2006), P.1.
3. IBID, P.1-2.
4. IBID,P. 2-3.

**ئەم جۆرە پۆلێنکردنە باوە سەرەتا لە ڕێزمانی زمانی لاتینیدا دۆزرایەوە، کە پشتی بە بنەمای هەبوونی فۆرمی مۆرفۆلۆژی جیاوازی وشەکان بەستبوو[1].**

8-**ڕیچاردس و شمێت، دەڵێن: دۆخ لە هەندێك زماندا بە پۆلێکی ڕێزمانی دادەنرێت کە ئەرکی ناوی فرێزی ناوی لە ڕستەدا دەر دەخات. فۆرمی ناوەکە یان فرێزە ناوییەکە دەگۆڕێت بە هۆی ئەو گیرەکە گەردانکەریانەی کە وەری دەگرێت، ئەم گیرەك وەرگرتن و گۆڕانەش بە مەبەستی نیشاندانی ئەرك و دۆخە جیاوازەکانە[2].**

9-**وریا عومەر ئەمین، دەڵێت: دۆخ بریتییە لەو ئەرکەی کە هەر یەکە لە بەشە بنجییەکانی ڕستە (وەك: بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، ئاوەڵکار، و ...هتد) پیشانی دەدەن، کە پەیوەندییە سینتاکسییەکان دەستنیشان دەکەن[3].**

**لەو پێناسانەدا دەردەکەوێت کە دۆخ سیستەمی دیاریکردنی ناوی دیارخەرە بۆ ئاماژەکردن بەو جۆرە پەیوەندییەی کە لەگەڵ سەرەدا هەیە، واتە دیاریکردنی ئەو پەیوەندییەیە کە ناوێك بەرامبەر بە کارێك هەیەتی لە ئاستی ڕستەدا، یان ناوێك بەرامبەر بە ئامرازی بەند (پێشبەند و پاشبەند) لە ئاستی فرێزی بەنددا.**

**لەلایەکی تریش دۆخ ئاماژە بە سیستەمێکی گەردانی دەکات، واتە سیستەمێکی گۆڕینی شێوەی دەرکەوتنی وشەیە لەناو ڕستەدا لەبەر هۆیەکی ڕیزمانی، ئەو گۆڕانە لە تەواوی شێوەی وشەکە، یان بە کەمکردنەوە و زیادکرنی گیرەك، یان بە هۆی گۆڕینی پۆلی وشەوە، یان ئەرکی وشە، یان بۆ مەبەستی تاك و کۆ، یان بە هۆی ڕیزبوونی وشە بێت.**

**دۆخ ئاماژە دەکات بە شێوەی وشە گۆڕدراوەکە بە پێی ئەرکە ڕێزمانییەکەی لە ڕستەدا، یان ئاماژە بەو تیپ و نیشانانە دەکات کە دەخرێتە سەر وشە بۆ مەبەستی گەردانکردن، یان واتای وشە کاتێك ئەرکە ڕێزمانییەکەی دەگۆڕێت لە ڕستەدا.**

---

**1. Crystal, D., (2012), A dictionary of linguistics and phonetics, 6th edition, Blackwell publishing, Fabulous printers, Singapore, P.66-67.**
**2. Richards, J. C., & Schmidt, R,. (2010), Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics, Fourth edition, Great Britain, Pearson Education Limited, P.68.**
3. وریا عومەر ئەمین، (2015أ)، ل18.

## دۆخ لە زمانەکانی جیهاندا

ژمارەی دۆخەکان لە هەموو زمانەکاندا لە بنجدا (Deep Structure) وەك یەکن. ئەوەندەیە زمانەکان لە ڕووی تایپۆلۆژییەوە لە سیمادا (Surface Structure) جیاوازی پێشان دەدەن لە چۆنیەتی دارشتنی ڕێزمانییان[1]. هەندێ جار دۆخ نیشانەی تایبەتیی خۆی هەیە، ئەم نیشانەیە ناسنامەی ئەرکەکەیەتی.

لەبارەی دۆخ و ژمارەی دۆخەکان لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا، ئیگێسن (Iggesen) باسی ئەوە دەکات کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەسەر (261) زمانی جیهاندا[2]، ئەو ئەنجامانەی بەدەست هێنا:

1. نەبوونی نیشانەی دۆخی مۆرفۆلۆژی لە (100) زمانی جیهانیدا، واتە (%38,31)ە.
2. هەبوونی دوو دۆخی لە (23) لە زمانەکاندا. واتە (%8,81)ە.
3. هەبوونی سێ دۆخی لە (9) لە زمانەکاندا. واتە (%3,45)ە.
4. هەبوونی چوار دۆخی لە (9) لە زمانەکاندا. واتە (%3,45)ە.
5. هەبوونی پێنج دۆخی لە (12) لە زمانەکاندا. واتە (%4,59)یە.
6. هەبوونی شەش بۆ حەوت دۆخی لە (37) لە زمانەکاندا. واتە (%14,17)ە.
7. هەبوونی هەشت بۆ نۆ دۆخی لە (23) لە زمانەکاندا. واتە (%8,81)ە.
8. هەبوونی دە دۆخ یان زیاتر لە (24) لە زمانەکاندا. واتە (%9,19)یە.
9. هەبوونی نیشانەی دۆخی مۆرفۆلۆژی بە شێوەیەکی سنووردار* لە (24) لە زمانەکاندا[3].

لەم ئەنجامەی ئیگێسندا چەند تایبەتمەندییەکی زۆر دیارمان بەرچاو دەکەوێت:

---

1. وریا عومەر ئەمین. (2015أ)، ل18.

2. Iggesen, O. A., (2005), Number of cases, feature 49, The World Atlas of Language Structures, P.202.

* مەبەستی لە (بە شێوەیەکی سنووردار)، هەبوونی نیشانەی دۆخەکە بە شێوەیەکی ئاشکرا (overt)، تەنیا بۆ پەیوەندییەکانی دۆخە سیمانتیکییەکان، وەك دۆخی (locative)، (instrumental).

3. Iggesen, O. A., (2005), P.202–205.

**یەکەم**: لە زیاتر لە (100) زمان لەنێو ئەو (261) زمانەدا، واتە (%38,31) هیچ نیشانەیەکی دۆخی مۆرفۆلۆژی نییە، وەکو زمانەکانی سواهیلی (**Swahili**) و ماندەرینی (**Mandarin**) و تایلەندی (**Thai**)دا.

**دووەم**: زیاتر لە (24) زمان لەنێو ئەو (261) زمانەدا (%9,19) هەیە کە زیاتر لە دە دۆخیان هەیە، وەکو زمانەکانی باسکی (**Basque**)، ئەستوونی (**Estonian**)، فینلەندی (**Finnish**)، هەنگاری (**Hungarian**)، وەك لە خشتەی ژمارە(١)دا دیارە.

**سێیەم**: دەکرێت زۆربەی هەرە زۆری زمانەکانی جیهان زیاتر لە دۆخێکیان هەبێت.

**چوارەم**: کاتێك زمانێك زیاتر لە دۆخێکی هەیە یان چەند دۆخێکی هەیە، دەکرێت ئەو دۆخانە خاڵی لەیەکچوو و خاڵی لەیەکتر جیاوازیشیان هەبێت.

**پێنجەم**: زمانەکان لە ڕووی هەبوونی نیشانەی دۆخی مۆرفۆلۆژی (100) زمان نیشانەی نییە، (24) نیشانەکردنێکی سنوورداری هەیە بۆ دۆخ.

**خشتەی ژمارە (١) ئەو زمانانەی کە زیاتر لە (10) دۆخیان هەیە**

| Language | Language Family | Area | Number of Cases |
|---|---|---|---|
| Awa Pit | Barbacoan | South America | 12 |
| Basque | Basque | Europe | 15 |
| Brahui | Dravidian | Eurasia | 11 |
| Chukchi | Chukotko-Kamchatkan | Eurasia | 13 |
| Epena Pedee | Choco | South America | 15 |
| Estonian | Finno-Ugric | Europe | 14 |
| Evenki | Altaic | Tungusic, Eurasia | 12 |
| Finnish | Finno-Ugric | Europe | 15 |
| Gooniyandi | Australian, Bunuban | Australia-New Guinea | 13 |
| Hamtai | Trans-New Guinea, Angan | Australia-New Guinea | 10+1? |
| Hungarian | Finno-Ugric | Europe | 18 |
| Hunzib | Nakh-Daghestanian | Eurasia | 11 |
| Ingush | Nakh-Daghestanian | Eurasia | 8+5? |
| Kayardild | Australian, Tangkic | Australia-New Guinea | 13 |
| Ket | Yeniseian | Eurasia | 12 |
| Lak | Nakh-Daghestanian | Eurasia | 35 |
| Lezgian | Nakh-Daghestanian | Eurasia | 18 |
| Martuthunira | Australian, Pama Nyungan | Australia-New Guinea | 13+8? |
| Mordvin (Erzya) | Finno-Ugric | Eurasia | 13 |
| Nez Perce | Pnutian, Sahaptian | North America | 13 |
| Nunggubuyu | Australian, Gunwinyguan | Australia-New Guinea | 11+2? |
| Pitjantjatjara | Australian, Pama Nyungan | Australia-New Guinea | 13 |
| Toda | Dravidian | Eurasia | 13 |
| Udmurt | Finno-Ugric | Eurasia | 15 |

هەروەها نۆز (Nose) چەندین زانیاری وتێبینی سەبارەت بە دۆخ دەخاتە ڕوو:

1. ئەو زمانـــانەی کە زیـــاتر لە (10) دۆخیـــان هەیە، هـــیچ زمانێـــك نیـــیە کە پێشـــبەند (Preposition)ی هەبێـت. ئەو زمانـانە بە شـێوەیەکی بەرچـاو پاشـبەند (Postposition)یـان هەیە.
2. کاتێـك زمانێـك سیسـتەمێکی دۆخـی دەوڵەمەنـدی هەیە، ئەوا ئەو زمـانە چەنـدین دۆخـی ئاوەڵکاری (Adverbial cases) و شـوێنیی (locative cases) هەیە، جا دەکرێت ئەو دۆخـانەی کە باسی دۆخی شوێن دەکەن واتاکانیان هەمەجۆر بێت، واتـای (لەسـەر، لە، لەنـاو، لەتەنیشـت، لەژێر، لەخوار، بەدرێژایی).
3. ئەو زمانـانەی کە ژمـارەی دۆخیـان زۆرە ئەوا ئـارەزووی ڕێزبـوونی وشـە (بـکەر، بەرکـار، کـار) دەکەن.
4. دابەشـــکردنی دۆخەکـــان لەنـــاو زمانەکانـــدا، هەمیشـــە هاوتـــا (consistent) نیـــیە لەگەڵ پەیوەستبوون بە بۆماوەزانی (Genealogical)، یان دابەشکردنی جوگرافی.
5. ئەو زمانانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجام دراوە، چەند مەیلێکی زۆرڕوو داوی (frequent) ڕێزمانیی هەیە، بۆ ڕیزبوونی (SOV)ی وشەکان[1]*.

لە کاتی کۆکردنەوەی داتا بۆ پۆلێنکردنی جۆرەکانی دۆخە زمانەوانییەکان هەنـدێ کێشە دێـتە ئاراوە. وەك:

<u>یەکەم</u>: ژماردنی دۆخەکان کارێکی دژوارە، چونکە هەندێك زمان پاشبەند و پاشگری بـێ واتـا و بەتاڵ (Peripheral suffixes)یان هەیە لە ڕووی سیمانتیکیەوە، وەکو لە زمانەکانی مـارەثونیرا (Martuthunira)* و نەنگوبویـــو (Nunggubuyu)یە**، کە وا دەکـــات جیـــاکردنەی ئەو پاشگرانە لە نیشانە دۆخییەکان شتێکی قورس بێت.

---

1.Nose, M., (2006), Diversity of Cases: The World Atlas of Language Structures, Tohoku University/ Japan Society for the Promotion of Science, P.118-119.

* زمانی گوونەیاندی (Gooniyandi) ڕیزبوونێکی سەرەکی (dominant order)ی نییە.

* زمانێکی ڕۆژئاوای ئوسترالیایە، بە مردنی دواترین ئـاخێوەرانی لە 1995/8/6ەوە بە زمـانێکی مـردوو دادەنرێـت، (www.en.wikipedia.org/wiki/Martuthunira_language).

دووەم: بوونی ناوی جیاواز دەدرێتە پاڵ تاکە دۆخێك، کە ئەو ناوانە واتای جیاواز دەدەن، یان ناوی هەمان دۆخ بۆ واتایەکی جیاواز بەکار بێت.

بۆ نموونە، زمانی گوونەیاندی (Gooniyandi) دۆخی دیپریڤەتف (Deprivative) بەکاردێنێت، زمانەکانی کێت (Ket) و ئودمورت (Udmurt) دۆخی کاریتف (Caritive) بەکاردێنن بۆ دۆخێك کە هەمان ئەرکی هەیە. هەروەها لە زمانی فینلەندی (Finnish) و ئەستوونی (Estonian) زاراوەی دۆخی ئەبێسیڤ هەیە، بەڵام لە زمانی چوکچی (Chukchi) و کەیاردیڵد (Kayardild) و مارەثونیرا (Martuthunira) و زاراوەی دۆخی پیریڤەتف (Privative) بەکار دێت بۆ گەیاندنی هەمان واتا[1].

## تایپۆلۆژیای دۆخ

زمانەکان لە ڕووی دۆخ و دەرکەوتنی دۆخ جیاوازن، تەنانەت لە ڕووی ژمارەی دۆخەکانیش جیاوازی دەنوێنن. دەکرێت زمانێك زیاتر لە دۆخێکی هەبێت، وەکو زمانی هەنگاری کە (18) دۆخی هەیە، فیلەندی (15) دۆخی هەیە، زمانی ڕووسی بە لایەنی کەم (6) دۆخی هەیە[2]. لەڕووی تایپۆلۆژییەوە زمانەکانی جیهان دەبنە سێ گرووپ :

١-گرووپی یەکەم: ئەو زمانانەی کە سیمایەکی مۆرفۆلۆژییان هەیە و بە نیشانە (Marker) ئەرکی بەشەکانی ڕستە دەستنیشان دەکرێن[3]. وەك لە زمانە گەردانییەکان (Inflectional languages)، کە دۆخ بە هۆی مۆرفیمی ڕێزمانییەوە دیاری دەکرێت کە زۆربەی کات ئەو مۆرفیمە ڕێزمانییانە فرەئەرکن، دەورێکی تریان هەیە وەکو دیارخستنی ڕەگەز و دیارخستنی ژمارە[4].

---

** زمانێکی باکووری ئوسترالیا، ژمارەی ئاخێوەرانی ڕەسەن (Native speaker)ی نزیکەی 110 کەسە، (www.en.wikipedia.org/wiki/Nunggubuyu_language).

1. Nose, M., (2006), P.112-113.
2. Mel'cuk, I, A,. (1986), P.37.
3. وریا عومەر ئەمین. (2015أ)، ل18.
4. Bussmann, H., (1996), P.156.

٢-ئەو زمانـــانەی بە ڕیزبـــوونی وشـــەكانی ڕســـتە (Word order) ئەركەكانیـــان دەستنیشـــان دەكرێن[1]. وەك لە زمانە ناگەردانییەكاندا (Non-inflectional languages)، كە تیایانـدا ئەركە سینتاكسیەكان زۆربەی كات بە هۆی ڕیزبوونی وشەوە هێما دەكرێت یان بە هۆی ڕۆنـانی ڕسـتە (Sentence structure)وە هێمـــا دەكرێـــت، وەكـــو لە زمانەكـــانی ئینگلیـــزی و فەڕەنســـیدا، هەوڵدەدرێت دۆخ تێكەڵ بە ئەرك و پێگە سینتاكسیە دیاریكراوەكان بكرێت[2].

٣-ئەو زمانانەی تێكەڵن و بە تەواوی بەر یەك لەو دوو جۆرە ناكەون. تێكەڵی و چوونەنـاویەك و ئاڵۆزییەكی زۆر لە زۆربەی زمانەكاندا بەدی دەكرێ، وەك ئەوەی لە زمانی كوردیدا هەیە[3].

ئەو زمانانەی كە سیستەمێكی مۆرفۆلۆژی زۆر ئاڵۆزیان هەیە، وا دەكات ئەو زمانانە ژمارەیەكی زۆر دۆخیان هەبێت، بە گشتی ئەو دۆخانە بە هۆی گیرەك یـان فـۆرمی مۆرفۆلـۆژی تـایبەتەوە دەردەخرێت. بۆ نمـوونە لە زمـانی فینلەنـدی، دۆخـی (Inessive)ی هەیە "لە شـوێنێك"، دۆخـی (Elative)ی هەیە "لە ناوەوەی شوێنێك"، هەروەها دۆخی (Illative)ی هەیە "بـۆ نـاو شـوێنێك". ئەو دۆخـانە بە هـۆی گیـرەك یـان فـۆرمی مۆرفۆلـۆژی تـایبەتەوە دەردەخرێـت[4]. كەچـی لە زمانێكی وەكو ئینگلیزی و كوردیدا بە هۆی پێشبەندەوە دەبێت.

لە زمانی لاتینیدا هەر ناوێك لە قەد و پاشگرێك پێك دێت، پاشگرەكە ڕۆڵی وشەكە نیشان دەدات لە ڕستەدا. هەر ناوێك دوازدە پاشگری جیاوازی هەبوو. كە شەش جۆرە دۆخی جیاوازی لەخۆ گرتووە بۆ باری تاك و شەش جۆرە دۆخی جیاواز لە یەكتری بۆ باری كۆ. پاشگرەكە، یان بڵێین نیشانە دۆخییەكە لەلایەن ئەرك یان مەبەستی ئەو ناوە لە ڕستەدا دیاری دەكرێت[5]. بۆ نموونە وشەی (femin) كە بەرانبەر بە (ئافرت)ی كوردی دەوەستێ بە زیادكردنی پاشگر بۆی دەكرێ بخرێتە چەند دۆخێكەوە، وەك[6]:

**خشتەی ژمارە (2) پاشگرەكانی نیشانەكردنی دۆخ لە زمانی لاتینیدا**

---

1. وریا عومەر ئەمین. (2015أ)، ل18.

2. Bussmann, H., (1996), P.156.

3. وریا عومەر ئەمین. (2015أ)، ل18.

4. Crystal, D., (2012), P.67.
5. Janson, T., (2004). A natural history of Latin, (M. D. Sørensen & N. Vincent, Trans.), Oxford University Press. P.183.
6. Hodge, K. P., (2006), The morpho-syntax of Latin and old French: The loss of a case system, MA Thesis, university of Florida, P.26.

| نموونە لە کاتی وەرگرتنی پاشگرەکان | پاشگری نیشانەکردنی دۆخ/ باری کۆ | نموونە لە کاتی وەرگرتنی پاشگرەکان | پاشگری نیشانەکردنی دۆخ/ باری تاک | دۆخ Case | ژ |
|---|---|---|---|---|---|
| feminae | ae | femina | a | Nominative | 1 |
| feminārum | ārum | feminae | ae | Genitive | 2 |
| feminīs | īs | feminae | ae | Dative | 3 |
| feminās | ās | feminam | am | Accusative | 4 |
| feminīs | īs | feminā | ā | Ablative | 5 |
| feminae | ae | femina | a | Vocative | 6 |

ئەمانە هەموویان لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە فۆرمە جیاوازەکانی ناوی (ئافرەت) بوون لە زمانی لاتینیدا، بەڵام بە گوێرەی ڕۆڵەکانی ئەو ناوە لەنێو ڕستەدا هەر جارە و دۆخێکی وەردەگرت و لە هەر دۆخێکیشدا فۆرمێکی تایبەتی بە خۆی هەبوو.

لە زمانی باسکیدا ژمارەیەك دۆخی لەیەك جیاوازی هەیە، بۆ نموونە فرێزی ناوی (Etxea) "خانووەکە"، هەر دۆخە و فۆرمێکی هەیە[1]:

1. Trask, R.L., (1999), P.23.

**خشتەی ژمارە (3) دۆخەکانی زمانی باسکی**

| ژ | دۆخ Case | شێوەی دۆخ | ئەرکی دۆخ |
|---|---|---|---|
| 1 | Absoulative | Etxea | بکەری کاری تێنەپەڕ، بەرکاری کاری تێپەڕ |
| 2 | Ergative | Etxeak | بکەری کاری تێپەڕ |
| 3 | Dative | Etxeari | بۆ خانووەکە |
| 4 | Genitive | Etxearen | هی خانووەکە |
| 5 | Instrumental | Etxeaz | لە ڕێگەی خانووەکەوە |
| 6 | Comitative | Etxearekin | لەگەڵ خانووەکە |
| 7 | Locative | Etxean | لە/ لەناو خانووەکە |
| 8 | Ablayive | Etxetik | لەدەرەوەی خانووەکە |
| 9 | Illative | Etxera | بۆ خانووەکە |

لە زمانی تورکیدا پاشگرێك هەیە بۆ دۆخی بەرکاری و دۆخی جێنەتیف و دۆخی دەیتیف دۆخی ئەبلەتیف و دۆخی شوێن (Locative)، بەڵام دۆخی بکەری پاشگرێك یان نیشانەیەکی دۆخیی نییە. بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك:

**(1) Mehmet adama elmaları verdi (محمد سێوەکانی بە پیاوەکە دا)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **Mehmet** | **adam-a** | **elma-lar-ı** | **ver-di** |
| **Mehmet.NOM** | **man-DAT** | **apple-PL-ACC** | **give-PAST.3SG** |

لەم ڕستەیەدا پاشگری (ı) نیشانەی دۆخی بەرکارییە، ئەو وشەیەی کە دەچێتە سەری بەرکارە، بۆیە وشەی (elmalar) بەرکاری ڕاستەوخۆی کاری (vermek)ە، واتە (پێدان- to give)ە. ئەم بەرکارەش ڕاستەوخۆیە لەبەر ئەوەی لە زمانی تورکیدا، تەنیا بەرکاری ڕاستەوخۆ بەو پاشگرە دیاری دەکرێت.

وشەی (adam) بە هۆی پاشگری (a) نیشانە کراوە (marked)، ئەو پاشگرە دەری دەخات کە ئەو وشەیە بەرکاری ناڕاستەوخۆیە. لە دۆخی دەیتیڤدایە و (adama) بە واتای (بە پیاوەکە)

دێت. وشەی (Mehmet) کە بکەری ڕستەکە هیچ پاشگرێکی وەرنەگرتووە، لە دۆخی بکەری (Nominative)دایە.

لە زمانی ئینگلیزیدا ناوەکان دۆخیان نییە، کەچی ڕاناوەکان سێ دۆخیان هەیە کە بریتین لە: دۆخی بکەری، دۆخی بەرکاری، دۆخی جێنەتیڤی. هەرسێ دۆخەکە بە هۆی گۆڕانی فۆرمی مۆرفۆلۆژی ڕاناوەکانەوە دیاری دەکرێت[1]. بۆ نموونە دۆخی ڕاناوەکانی (I, me, he, him...etc). کاتێك کەسی یەکەمی تاك لە دۆخی بکەریدا و کەسی سێیەمی تاك لە دۆخی بەرکاریدایە، ئەوا هەردوو ڕاناوەکەی کەسی یەکەمی تاك و سێیەمی تاك هەر یەکە و فۆرمێکی تایبەتی خۆیان هەیە کە تیایدا دەردەکەون و ڕستەکە بەم شێوەیە دەبێت:

(2) I slapped him. (من بە زللە لە ئەوم دا)

لە کاتێك ئەگەر کەسی سێیەمی تاك بکەوێتە دۆخی بکەری و کەسی یەکەمی تاك بکەوێتە دۆخی بەرکاری، ئەوا هەر یەکە لە ڕاناوەکان فۆرمێکی تایبەتی خۆیان هەیە کە وەری دەگرن و ڕستەکە بەم شێوەیە دەبێت:

(3) He slapped me. (ئەو بە زللە لە منی دا)

واتا فۆرمی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك لە دۆخی بکەریدا (I) و لە دۆخی بەرکاریدا (me)، هەروەها فۆرمی ڕاناوی کەسی سێیەم تاك لە دۆخی بکەریدا (he) و لە دۆخی بەرکاریدا (him)ە[2]. لە زمانی ئینگلیزیدا ئەو فۆرمەی کە جیاوازە فۆرمی ئەجێنتیڤی، وەك:

(4) Boy's (هی کوڕەکە)

(5) Boys' (هی کوڕەکان)

سەرجەم فۆرمەکانی تر، هیچ پاشگرێکیان نییە کە دۆخەکەی دیاربخات، بەڵکو واتای سەرجەم دۆخەکانی تری ئەم ناوە بە هۆی پێشبەندەوە دەردەبڕدرێت، وەك:

(6) with a boy (لەگەڵ کوڕێك)

(7) to the boy (بۆ کوڕێك)

1. Richards, J. C., & Schmidt, R,. (2010), P.68.
2. Mel'cuk, I, A,. (1986), P.65.

دۆخەكانی بكەری و بەركاری بە هۆی ڕیزبوونی وشەی ڕستەكە دەزانرێت، وەك:

(8) <u>The boy</u> chases the cat.

(9) <u>The cat</u> chases the boy.

لە (8)دا (the cat) بەدوای (the boy) دەكەوێت، (the boy) لە دۆخی بكەریدایە، لە كاتێكدا لە (9)دا (the boy) بەدوای (the cat) دەكەوێت (the boy) لە دۆخی بەركاریدایە[1].

زمانی دێرینی كوردی خاوەن سیستەمێكی دەوڵەمەندی دۆخ بووە، بەڵام هەندێ لە زارەكانی بە درێژایی مێژوو سیمای دۆخێتیان لەدەست داوە. سەرەڕای ئەوەش لە هەندێ زار و شێوەزاری زمانی كوردیدا ئەو گیرەكانەیان تێدا دەبینرێت كە گوزارشت لە دۆخە جیاجیاكان دەكەن، وەك: زارەكانی كرمانجیی ژووروو، زاری هەورامی، چەند شێوەزارێكی زاری كرمانجیی ناوەڕاست*. بۆ نموونە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| كرمانجیی ژووروو | (10) شەهیان | شیر- ی | ڤەدخوت |
| | بكەر<br>كەسی3 تاك | بەركار-ن.د.ڕاستەوخۆ<br>نف مێ | ك تێپەڕ ڕانەبردوو<br>كەسی3 تاك |

| | | | |
|---|---|---|---|
| كرمانجیی ناوەڕاست شێوەزاری هەولێر | (11) ئەنگۆ | ناچنە | هەولێر- ێ |
| | بكەر<br>كەسی 2 كۆ | ك تێنەپەڕ ڕانەبردوو<br>كەسی 2 كۆ | بەركاری ناڕاستەوخۆ -<br>ن.د.ناڕاستەوخۆ نف مێ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| كرمانجیی ناوەڕاست شێوەزاری كۆیە | (12) ئەمن | جلك- ێ | دەدرووم |
| | بكەر<br>كەسی 1 تاك | بەركاری ڕاستەوخۆ -<br>ن.د.ڕاستەوخۆ نف مێ | ك تێپەڕ ڕانەبردوو<br>كەسی 1 تاك |

| | | | |
|---|---|---|---|
| كرمانجیی ناوەڕاست شێوەزاری پشدەر | (13) شیلان- ێ | كتێبێكی | كڕی |
| | بكەر كەسی3 تاك<br>ن.دۆخی ئێرگەتیڤ | بەركاری ڕاستەوخۆ<br>نف مێ | ك تێپەڕ ڕابردوو<br>كەسی3 تاك |

---

1. Crystal, D., (2012), P.67.

* بۆ نموونە: وەك لە شێوەزارەكانی (هەولێر، كۆیە، خۆشناوەتی، پشدەر، باڵەكایەتی، موكری، بنگرد، ڕواندز...هتد) كە سەر بە زاری ناوەڕاستی زمانی كوردین.

## دۆخ و ڕیزبوونی وشە لەناو ڕستەدا

جۆری ڕیزبوونی وشەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، هەندێ جار لە هەمان زماندا جیاوازی دەبێت[1]. زمانی کوردی بو پێشاندانی پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی نیوان (بکەر، بەرکار، کار) پشت بە ڕیزبوونی وشەکان (Word Order) دەبەستێ*. بۆ نموونە شوێنی وشە لە داڕشتە سینتاکسییەکەدا دۆخ دەردەخات، بۆ نموونە:

(14) هەردی برای ڕێژنە دەبینێت

(15) برای ڕێژنە هەردی دەبینێت

لە ڕستەی (14)دا ئەگەر شوێنی هەر یەکە لە فرێزەکانی (هەردی) کە ئەرکی بکەرە و لە دۆخی بکەریدا و (برای ڕێژنە) کە ئەرکی بەرکارە و لە دۆخی بەرکاریدا ئاڵوگۆڕ بکرێن، ئەوا ئەرکەکەشیان لە چوارچێوەی ڕستەکەدا ئاڵوگۆڕ دەبێ. واتە واتای ڕستەی (15) لە ڕستەی (14)دا پێچەوانە دەبێتەوە، هۆکاری سەرەکیی ئەمە شوێنی فرێز لە ڕستەدا لە زمانی کوردیدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ وشەکان یا فرێزەکانی دیکە دیاری دەکات.

لەو زمانانەی کە دۆخ تیایاندا بە فۆرمێکی مۆرفۆلۆژی جێگیرە و دەناسرێتەوە، ڕیزبوونی کەرەستە لە چوارچێوەی ڕستەدا هیچ کاریگەرییەکی بەسەر واتا و ئەرکی کەرەستەکانەوە نییە، هەر بۆیە پاش و پێشخستنی وشەکان تا ڕادەیەکی زۆر شتێکی ئاساییە، واتە لە ڕووی ڕێکخستنی ڕستەکەوە نەرمی پیشان دەدەن[2].

---

1 . تالیب حوسێن عەلی. (2014)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل266.

* مۆرفیمەکانی ناسیاری و نەناسیاری و پاشگرە کۆتاییەکان، ئاماژەن بۆ ڕەگەزە ڕێزمانییەکان، بەڵام ئەگەر پاشگرە کۆتاییەکان و مۆرفیمەکانی ناسیاری و نەناسیاری بەشدارییەك لەم جیاکردنەوەدا نەکەن و نەبن بە یاریدەدەرێك، ئەوا بە گریمانەکردنی کە دۆخە ڕێزمانییەکان بە دروستەیی هەیە و ئامادەیە، ئەوەش بە مەرجی کە فرێزە ناوییەکان شوێنی چەسپاویان لەناو ڕستەدا هەیە. بۆ نموونە: (1) من تۆم گرت (٢) * تۆ منم گرت (٣) * من گرت تۆم (٤) * گرت من تۆم. (محەمەدی مەحوی. (2001)، ڕستەسازیی کوردی، سلێمانی، ل١٥٧.)

2. سەلاح حەوێز ڕەسوول. (2014)، پرەنسیپی بەئابووریکردن لە زمانی کوردیدا- لە ڕوانگە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بچووکترین پرۆگرامدا، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل61.

بۆ نموونە لە زمانی لاتینیدا، کە نموونەیەکی ئەو جۆرە زمانانەیە لە ڕستەی (16، 17)دا ئەگەر وشەکان جێگۆڕکێشیان پێ بکرێ بە هۆی ئەوەی کە دۆخ تێیدایە فۆرمێکی مۆرفۆلۆژی جێگیر کراوە، کاریگەری بەسەر واتا و ئەرکی وشەکانەوە نابێ. وەك:

(16) Paulum ceadit Petr<u>us</u> (پێر لە پاول دەدات)

(17) Petr<u>us</u> ceadit Paul<u>um</u> (پێر لە پاول دەدات)

لە ڕستەی (19 و20)دا گیرەکی (us) ئاماژەیە بۆ دۆخی بکەری، هەروەها (um) ئاماژەیە بۆ دۆخی بەرکاری. بۆیە لە ڕستەکە ئەگەر وشەکان بچنە شوێنی یەکدیش هەمان ئەرکی خۆیان دەبینن کە بەو گیرەکەوە هەیانە[(1)].

گرینبرگ (Greenberg) زمانەکان بۆ سێ جۆری سەرەکی پۆلین دەکات. ئەو پۆلینکردنە پشت بە ڕیزبوونی کەرەستە بنجییە واتادارەکان دەبەستێت. هەمو زمانەکان ڕیزبوونێکی دیاریکراویان هەیە بۆ کەرەستە سەرەکییەکان: بکەر، بەرکار، کار[(2)]. سێ جۆرەکەش بەم شێوەیە:

1- ئەو زمانانەی کە ڕستەکەیان بە کار دەست پێ دەکات(VSO)، وەك: بەربەری، ناندی*، عەرەبی ...هتد).

2- ئەو زمانانەی کە کارەکانیان لە ناوەڕاستی ڕستەدایە(SVO)، وەك: ئینگلیزی، ئەڵبانی، یۆنانیی هاوچەرخ، ...هتد.

3- ئەو زمانانەی کە کارەکانیان لە کۆتایی ڕستەدایە(SOV)، وەك: کوردی، ئەمهەری**، هیندی.

---

1. حەیدەر حاجی خدر. (2010)، تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی پۆلینی مۆرفۆلۆژیانەی زمانەکەوە، ماستەرنامە، کۆلێجی زمان. زانکۆی سەلاحەدین، ل48.

2. Amin, Waria Omar. (1979), P.30.

* (Nandi) یەکێك لەو زمانانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیایە، لە (کینیا و تەنزانیا)دا: (www.en.wikipedia.org/wiki/Nagndi-Markweta_languages)

** (Amharic) زمانی فەرمیی ئەسیووبیا (Ethiopia)، (www.en.wikipedia.org/wiki/Amharic)

به ڕای گرینبرگ کاتێ کە کار لە کۆتاییدا دێت، تەنیا ڕیزبوونی (SOV) ڕێ تێدەچێت، ڕیزبوونی زاڵ لەناویاندا دەبێ بکەر هەمیشە پێش بەرکار دێت لە ڕستەی ئاسایی هەموو زمانەکاندا، بەڵام دواتر ڕیزبوونی (VOS, OVS, OSV) دۆزرایەوە[1]. بۆ نموونە زمانەکانی:

١- مالاگاسی (Malagasy)* و بەوری (Baure)*2 ڕیزبوونی وشەکانی (VOS)ە.

٢- هیشکایریانە (Hixkayana)*3 و ئەپەلای (Apalai)*4 ڕیزبوونی وشەکانی (OVS)ە.

٣- ئاپورینا (Apurin)*5 ڕیزبوونی وشەکانی (OSV)یە.

**خشتەی ژمارە (4) ڕیزبوونی وشە لە زمانەکاندا[2]**

| Word order | Proportion of languages | | Example languages |
|---|---|---|---|
| SOV | 45% | | Japanese, Latin, Tamil |
| SVO | 42% | | English, Mandarin, Russian |
| VSO | 9% | | Hebrew, Irish, Zapotec |
| VOS | 3% | | Malagasy, Baure |
| OVS | 1% | | Apalai?, Hixkaryana? |
| OSV | 0% | | Warao |

1. Amin, Waria Omar. (1979), P.30.

* زمانی فەرمیی وڵاتی ماداگاسکارە (Madagascar)، یەکێك لەو زمانانەی کە لە دوورگەکانی (Mayotte) و (Comoros) قسەی پێ دەکرێ، (www.en.wikipedia.org/wiki/Malagasy_language).

*2 زمانی (Bauré) یەکێ لەو زمانانەی کە بەرەو مردن دەچێت، ژمارەی ئاخێوەرانی نزیکەی (40) کەسە لە بۆلیڤیا دەژین، (www.en.wikipedia.org/wiki/Baure_language).

*3 یەکێك لە زمانەکانی کاریب (Caribe) کە زیاتر لە (500) کەس قسەی پێ دەکات. (www.en.wikipedia.org/wiki/Hixkaryana_language).

*4 زمانی ( Aparai) یان (Apalai) لە زمانەکانی کاریب کە ژمارەی ئاخێوەرانی نزیکەی (450) کەس لە بەرازیل. (www.en.wikipedia.org/wiki/Apalaí_language).

*5 زمانی دانیشتووانی دارستانەکانی ئەمازۆن لە بەرازیلدا. (www.en.wikipedia.org/wiki/Apurinã_language).

2. (www.propelsteps.wordpress.com/tag/sov)

کوردی زمانێکی (SOV)یە و ڕیزبوونی وشەکان لە ڕستەی زمانی کوردیدا بەم جۆرەیە: (بکەر- بەرکار- کار)[1]. بۆ نموونە:

(18) قوتابییەکان   وانەکە   دەخوێننەوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| SOV | V | O | S |

بەڵام بە تەماشکردنی چەندین نموونەی دیکە، ڕوودانی چەند ڕیزبوونێکی جیاوازتر دەبینین، بە تایبەت لەو فرێزە کرداریيانەی کە دۆخی بکەری و بەرکاری بە (Suffix)ی کەسی پیشان دەدرێت. ڕیزبوونی (VSO, SVO, OVS)ش هەیە. وەك:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | یت | مان - | بینیـ - |
| VSO | | O | S | V |
| | ن | نارد- | تان - | دە - |
| SVO | O | V | S | IMP |
| | م | نێر - | یان - | دە - |
| OVS | S | V | O | IMP |

کەواتە لە ڕیزبوونی کەرەستە بنجییەکان لە بنجدا (ڕۆنانی ژێرەوە) (SOV)یە لەو ڕستانەی کە بکەر و بەرکار بە وشەیەکی سەربەخۆ پیشان دەدرێت، بەڵام لە سیمادا (ڕۆنانی سەرەوە) ڕیزبوونی (SOV, VSO, SVO, OVS) ڕوو دەدات. ئەم ڕیزبوونە جیاوازانە لە هەمان بنجەوە هاتووە.

## پەیوەندیی ئەرکی ڕێزمانی و ئەرکی لۆژیکی بە دۆخەوە

لە نموونەکانی پێشوودا مەبەست لە (بکەر- Subject) و (بەرکار- Object)، بکەر و بەرکاری ڕێزمانین (Grammatical subject)، چونکە بکەر و بەرکاری لۆژیکیش هەن ( Logical subject). دەتوانرێ بەم شێوەیە پێناسە بکرێ:

1. وریا عومەر ئەمین. (2015ب)، ئەرکی ڕێزمانی و لۆژیکی، ڕۆژنامەی بەدرخان، ژ172، هەولێر، ل١٤.

**١- بکەر و بەرکاری ڕێزمانی:** ئەو بەشانەی ڕستەن، کە لە ڕووی ڕێزمانییەوە لە شوێنی چەسپیوی خۆیان لە ڕستەدا دەردەکەون.

**٢- بکەر و بەرکاری لۆژیکی:** ئەو بەشانەن، کە واتاکانیان ئەرکەکانیان دەستنیشان دەکەن و لە شوێنی ڕێزمانیی خۆیان دەرناکەون[1].

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دوو چەمکە، لە ڕستەی (18):

(18) قوتابییەکان وانەکە دەخوێننەوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| S | O | V | SOV |

| | |
|---|---|
| قوتابییەکان | کارەکەیان ئەنجام داوە← بکەری ڕێزمانی و لۆژکیشە |
| وانەکە | کارەکەی بەسەردا تێپەڕیوە← بەرکار ڕێزمانی و لۆژکیشە |

(19) ڕزگار دەنگی ئازاد دەبیستێت.

| | | | |
|---|---|---|---|
| S | O | V | SOV |

لە ڕستەی ژمارە (19)دا بەپێی شیکردنەوەی ڕێزمانی (ڕزگار) بکەرە و (ئازاد) بەرکارە، بەڵام ئەگەر لە ڕووی واتا و لۆژیکەوە ئەم ڕستەیە شیبکرێتەوە، دەردەکەوێ کە بە پێچەوانەوەیە. (ڕزگار) بەر چەمکی بەرکاری دەکەوێت و (ئازاد) بەر بکەری، چونکە (ئازاد) یەکەم جار قسە دەکات و دەستپێشخەرییەکە لەمەوەیە و دەنگەکەی کار لە (ڕزگار) دەکات و دەیبیستێت. ئەگەر (ئازاد) قسە نەکات (ڕزگار) نای بیستێت. واتە:

| | |
|---|---|
| (ڕزگار) | بکەری ڕێزمانییە، چونکە شوێنی ڕێزمانیی بکەری گرتووە لە ڕستەکەدا<br>بەڵام کارەکەی بەسەردا تێپەڕیوە← بەرکاری لۆژیکییە |
| (ئازاد) | بەکاری ڕێزمانییە، چونکە شوێنی ڕێزمانیی بەرکاری گرتووە لە ڕستەکەدا<br>بەڵام کارەکەی ئەنجام داوە← بکەری ڕێزمانییە |

1. وریا عومەر ئەمین. (2015ب)، ل١٤.

(20) میوەکە خورا.

S V | SV

لە ڕستەی (20)دا بەپێی شیکردنەوەی ڕێزمانی (میوەکە) بکەرە، بەڵام ئەگەر لەڕووی واتاوە لێی بکۆڵرێتەوە دەردەکەوێ کە (میوەکە) بەر چەمکی (بەرکاری) دەکەوێت، چونکە دەبێ کەسێك خواردبێتی. ئەو کەسە بکەرەکەیە.

(21) ئازاد دەرگاکەی بە کلیلەکە کردەوە.

S O P.P. V | SOV

لە ڕستەی (21)دا:

| | |
|---|---|
| ئازاد | بکەری ڕێزمانییە، چونکە زمانی کوردی زمانێکی (SOV)یە لەناو ڕستەکەدا شوێنی بکەری گرتووە.<br>لە هەمان کاتدا بکەرێکی لۆژیکییە، چونکە کارەکەی ئەنجام داوە. |
| (دەرگاکە) | بەرکارێکی ڕێزمانییە، چونکە زمانی کوردی زمانێکی (SOV)یە لە ناو ڕستەکەدا شوێنی بەرکاری گرتووە.<br>لە هەمان کاتدا بەرکارێکی لۆژیکییە، چونکە کارەکەی بەسەردا تێپەڕیوە. |
| (بە کلیل) | بەرکاری ناڕاستەوخۆیە. |

(22) کلیلەکە دەرگاکەی کردەوە.

S O V | SOV

لە ڕستەی (22)دا:

| | |
|---|---|
| (کلیلەکە) | بکەری ڕێزمانییە و بەرکاری ڕاستەوخۆی لۆژیکییە. |
| (دەرگاکە) | بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕێزمانییە و بەرکاری ناڕاستەوخۆی لۆژیکییە. |

(23) دەرگاکە       کرایەوە.

S       V  |  SV

لە ڕستەی (23)دا:

| | |
|---|---|
| (دەرگاکە) | بکەری ڕێزمانییە و بەرکاری ناڕاستەوخۆی لۆژیکییە. |

بەم جۆرە دەردەکەوێ کە:

أ- **بکەری ڕێزمانی**: ئەو دانە ڕێزمانییەیە، کە بەپێی یاسا سینتاکسییەکانی زمانەکە لە ڕستەدا شوێنی بکەر دەگرێ.

**بکەری لۆژیکی**: ئەو دانە ڕێزمانییەیە، کە کاری ڕستەکە ئەنجام دەدات و مەرج نییە شوێنی ڕێزمانیی خۆی بگرێ.

ب- **بەرکاری ڕێزمانی**: ئەو دانە ڕێزمانییەیە، کە لە ڕستەدا بەپێی یاسا سینتاکسییەکانی زمانەکە لە ڕستەدا شوێنی بەرکار دەگرێ.

**بەرکاری لۆژیکی**: ئەو دانە ڕێزمانییەیە، کە کاری بە سەردا تێدەپەڕێ مەرج نییە لە شوێنی ڕێزمانیی خۆی دەربکەوێ.

## پۆلێنکردنی دۆخ و جۆرەکانی:

سەبارەت بە جۆرەکانی دۆخ لەلایەن چەندین زمانەوانەوە ئەژمار کراوە، هەر زمانەوانێك ژمارەیەکی دۆخی داناوە و بۆ چەند گرووپێك دابەشی دۆخەکانی کردووە، لەبەر ئەوەی زمانەوانەکان هاوڕا نین لەسەر ئەوەی دۆخی نموونەیی چۆن لەو بەشە ڕێزمانییانە جیابکرێنەوە کە هاوشێوەی دۆخن، لێرەدا سێ نموونە بۆ دابەشکردنی دۆخەکان دەخرێنەڕوو:

**1-بلەیک** (**Blake**):

باسی جۆرەکانی دۆخ دەکات و دابەشیان دەکات بۆ:

أ-دۆخە ڕێزمانییەکان (**Grammatical Cases**). ب-دۆخە سیمانتیکییەکان (**Semantic Cases**).

**خشتەی ژمارە (5) دۆخەکان لای بلەیک**

| | | |
|---|---|---|
| **Grammatical** | **Core** | **Nominative** |
| | | **Accusative** |
| | | **Ergative** |
| | **peripheral** | **Dative** |
| | | **Genitive** |
| **Semantic** | **local** | **Locative** |
| | | **Ablative** |
| | | **Allative** |
| | | **Perlative** |
| | | **Essive** |
| | | **Partitive** |
| | | **Translative** |
| | | **Inessive** |
| | | **Elative** |
| | | **Illative** |
| | | **Adessive** |
| | | **Subessive** |
| | | **Superessive** |
| | | **Superlative** |
| | | **Instrumental** |
| | | **Abessive (privative)** |
| | | **Comparative** |
| | | **Comitative (sociative)** |
| | | **Concomitant (proprietive)** |
| | | **Aversive (evitative, causal)** |
| | **P.153-154, 33** | **Etc…** |

**أ-دۆخە ڕێزمانییەکان (Grammatical Cases):**

به شێوەیەکی چاولێکەری دۆخەکانی بکەری، بەرکاری، جێنەتیف و دەیتیف و ئێرگەتیف لەخۆ دەگـرێتەوە. بنەمـایەکی ڕوون نیـیە بـۆ جـوداکردنی دۆخ، بەڵام ئەگەر پێوەرێـك هەبێـت بـۆ پۆلێنکردنی دۆخ بۆ ڕێزمانی یاخود سینتاکسی، ئەوە تەنیا دەربڕینـی پەیوەنـدیی سنتاکسی بە شێوەیەکی تەواو بە پێچەوانەی پەیوەندیی سیمانتیکی دەبێت[1].

بـۆ جیـاکردنەوەی دۆخە ڕێزمانییەکـان لە دۆخە سـیمانتیکییەکان، دۆخە ڕێزمانییەکـان تەنیـا ئاماژە بە تەواوی بۆ پەیوەندییە سینتاکسییەکان دەدات، ئەم دۆخە ڕێزمانیانەش بـۆ دوو بەش دابەش دەبن، یەکەمیان سەرەکی (ناوك-Core)، ئەوانەی تر لاوەکی (چێوە-Peripheral)ن.

**ب-دۆخە سیمانتیکییەکان (Semantic Cases):**

ئەم دۆخە ئامـــــاژە دەدات (encodes) بە پەیوەنـــــدییە ســــیمانتیکییە هاوتوخمیەکـــــان (homogenous)، وەك: شــوێن (location) یــان ســـەرچاوە (source) یــان جێــی مەبەســت (destination) یاخود ڕێڕەو (path).

1. Blake, B. J., (2004), P.31-32.

## 2-نۆز (NOSE):

باسی (25) جۆری دۆخی جیهانی دەکات، کە بە شێوەیەکی جیهانگیری ئەرکی ئەو جۆرە دۆخانە زانراوە. ئەرك و جۆری دۆخەکان بە گوێرەی ئەرکەکانیان وەسفکراوە و پۆلێنکراوە. نۆز دەڵێت: بە شێوەیەکی سەرەکی سیستەمە دۆخییەکان بەسەر سێ پۆلی سەرەکی دابەش دەکرێن کە ئەوانیش:

أ-دۆخی ڕێزمانی (Grammatical Cases)

ب-دۆخی شوێنی (Locative Cases)

ج-دۆخی ئاوەڵکاری (Adverbial Cases).

پاشان لەو پۆلە سەرەکییانەی دۆخ چەند لقێکی لێ دەبێتەوە، واتا هەر یەکێك لەو پۆلە دۆخییانە چەند جۆرێکی دۆخ لەخۆ دەگرێت، وەك ئەوەی لە خشتەی ژمارە (6) خراونەتەڕوو:

**خشتەی ژمارە (6) دۆخەکان لای نۆز**

| ژ | دۆخی ڕێزمانی | | دۆخی شوێنی | | دۆخی ئاوەڵکاری |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Nominative<br>دۆخی بکەری | 7 | General-locative<br>دۆخی گشتیی شوێن | 17 | Abessive<br>ئەبێسڤ (بەبێیی) |
| 2 | Accusative<br>دۆخی بەرکاری | 8 | Inessive (in)<br>ئینێسڤ | 18 | Causal<br>هۆیی |
| 3 | Ergative<br>ئێرگەتیڤ | 9 | Illative (Into)<br>ئیلەتڤ | 19 | Comparative<br>بەراوردکاری |
| 4 | Absoulative<br>دۆخی ڕەها | 10 | Elative (From inside)<br>ئێلەتڤ | 20 | Terminative<br>کۆتایی پێهێنەر |
| 5 | Dative<br>دۆخی دەیتیڤ(بۆیی) | 11 | Superessive (On)<br>سەپێرێسڤ | 21 | Essive<br>ئێسڤ |
| 6 | Genitive<br>دۆخی جێنەتیڤ | 12 | Sublative (Onto)<br>سەبلیەتڤ | 22 | Instrumental-comitative<br>دۆخی ئامێری |
| | | 13 | Delative (From ontop)<br>دێلەیتڤ | 23 | Translative تڕانسلەیتڤ |
| | | 14 | Adessive<br>ئەدێسڤ | | **Others**<br>**ئەوانی دیکە** |
| | | 15 | Allative<br>ئەلەتڤ | 24 | Relational-concerning<br>پەیوەست بە پەیوەندییەکان |
| | | 16 | Ablative<br>دۆخی ئەبلەتیڤ (لەیی) | 25 | Vocative<br>دۆخی بانگکردن |

3-**هاسپیلماث** (**Haspelmath**):

**باسی جۆرەکانی دۆخ دەکات و دەڵێت: بە شێوەیەکی گشتی دۆخ بەسەر سێ پۆلدا دابەش دەبێت، ئینجا هەر پۆلێك دەکرێت چەند لقێك جۆری تری دۆخی لێ ببێتەوە:**

**أ- دۆخە ڕێزمانییەکان (Grammatical cases) و دۆخە کۆنکریتیەکان (Concrete cases).**

**ب- دۆخی پێکهاتەیی (Structural Case) و دۆخی زگماکی (Inherent Case).**

**ت- دۆخی ڕاستەوخۆ (Direct Case) و دۆخی ناڕاستەوخۆ (ئۆبلیك) (Oblique Case).**

**خشتەی ژمارە (7) دۆخەکان لای نۆز**

| دۆخە کۆنکریتیەکان<br>Concrete Cases | | دۆخە ڕێزمانیەکان<br>Grammatical Cases | |
|---|---|---|---|
| concrete nonspatial cases: | | Absolutive | 1 |
| Abessive (caritive, privative, anticomitative, deprivative) | 7 | Agentive | 2 |
| Aversive (negative causative, utilitive) | 8 | Accusative | 2 |
| Causal case (motivative, consequential) | 9 | Nominative | 3 |
| Comparative | 10 | Dative | 4 |
| Instrumental Comitative (associative, accompanitive) | 11 | Ergative | 5 |
| Proprietive (ornative) | 12 | Genitive | 6 |
| Simulative (simulative, similitive, similaritive, equative) | 13 | | |
| Case labels: Spatial cases: | | | |
| ablative | 14 | | |
| Adessive | 15 | | |
| allative, (directional, directive, lative) | 16 | | |
| Inessive | 17 | | |
| locative, | 18 | | |
| Orientative (adversive, versative) | 19 | | |
| Perlative (prosecutive, prolative, traversal, Translative, vialis, mediative) | 20 | | |
| Superessive | 21 | | |
| Terminative (limitative) | 22 | | |
| Vocative* | 23 | | |

* Finally, the vocative form of the noun is often considered a case, following the Greek and Latin tradition, but it clearly does not fall under the standard case.

**أ-دۆخە ڕێزمانییەکان** (Grammatical cases) **و دۆخە کۆنکریتیەکان** (Concrete cases)

جیاکردنەوەیەکی بەرچاو لەنێو دۆخە ئەبستراکتییەکان هەیە ، کە باس لە پەیوەندییە سینتاکسەکانی وەکو بکەر و بەرکار دەکەن، لەگەڵ ئەو جۆرە دۆخە زۆر کۆنکریتیانە کە ڕۆڵی سیمانتیکی هەمەجۆر دەردەبڕن. زاراوەی جیاواز بۆ جیاوازیکردنی نێوان ئەو دوو جۆرە دۆخە بەکارهاتووە. بۆ نموونە:

بلەیك (Blake): دۆخە ڕێزمانییەکان (Grammatical Cases) بەرانبەر دۆخە سیمانتیکیەکان (Semantic Cases)، بێرگزلاند (Bergsland): دۆخە پەیوەندییەکان (Relational Cases) بەرانبەر دۆخە ئاوەڵکارییەکان (Adverbial)، جێسپرسن (Jespersen): دۆخە ڕێزمانییەکان بەرانبەر دۆخە کۆنکریتییەکان، لاینز (Lyons): دۆخە ئەبستراکتییەکان بەرانبەر دۆخە کۆنکریتیەکان دادەنێت[1]. ئەو جیاکارییە بە ڕێگای جیاواز ئەنجام دەدرێت، لەلایەن نووسەری جیاوازەوە لە زمانی جیاوازدا، بەڵام لەوە دەچێت بنەمای سەرەکی هەموویان هەر یەك بێت.

**ب-دۆخی پێکهاتەیی** (Structural Case) **و دۆخی زگماکی** (Inherent Case).

لە سینتاکسی پەیڕەوکەرانی ڕێبازی چۆمسکیدا جیاوازی لەنێوان دۆخی پێکهاتەیی و دۆخی زگماکی تا ڕادەیەك هاوشێوەی جیاوازی نێوان دۆخی ڕێزمانی و دۆخی کۆنکریتیە، کە لە خاڵی یەکەم باسکران.

**ت-دۆخی ڕاستەوخۆ** (Direct Case) **و دۆخی ناڕاستەوخۆ (ئۆبلیک)** (Oblique Case)*.

دۆخی ئۆبلیك بۆ ڕێزمانی کۆنی یۆنانی دەگەڕێتەوە، کە لەو کاتەدا ئەم دۆخە بۆ هەموو دۆخەکان بەکار دەهات، جگە لە دۆخی بنەڕەتی نەبێت کە بریتي بوو لە دۆخی بکەری.

گرنگی ئەم جۆرە دۆخەش ئەوەیە کە بۆ نموونە ناوێك سیفەت و تایبەتمەندی جیاواز وەردەگرێت کاتێك لە دۆخی بکەری (Nominative)دا نییە، وەکو ناوی (homo) "مرۆڤ" کاتێك

---

1. Haspelmath, M., (2006), P.3.

* ئەم دۆخە لە کوردیدا (دۆخی تەواندی) و (دۆخی تەوانگی) و (دۆخی تەواندن) و (دۆخی تیان)یشی پێ دەوترێ.
Fevzi Özmen. (2013), Perspektîf- dersên hînbûna Kurdî, Enstîtuya Kuydî ji bo lêkolîn û zanist, çapa duyem, Hewlêr, L.52-53.

له دۆخی بکەریدایە هیچ پاشگرێك یاخود نیشانەیەکی دۆخی پێوە نییە، بەڵام کاتێك هەمان ناو دەکەوێتە دۆخی بەرکاری (Accusative)، ناوەکە دەبێتە (homin-em) و له دۆخی دەیتیڤدا (Dative)دا دەبێتە (homin-i). لەو زمانانەی کە دوو سیستەمی دۆخیان هەیە، زاراوەی دۆخی ناڕاستەوخۆ (ئۆبلیك) بە زۆری بۆ ئەو دۆخە بەکاردێت کە دۆخێکی تاکە نابنەڕەتییە لە زمانەکەدا، دۆخە سەرەکییەکەی زمانەکەش پێی دەوترێت دۆخی ڕاستەوخۆ، وەکو لە زمانە ئێرانییەکان و زمانەکانی یوتوئەزتك (Uto-Aztecan languages)دا[1].

ئەم دۆخە لە زمانی کوردیدا لە زاری ژووروودا چەسپیوترە و زێترە، تا لە زاری ناوەڕاستدا، دۆخی تیان لە چەند شێوەزارێکی زاری ناوەڕاستیشدا بەرچاو دەکەوێ*. دۆخی تیانی تاك کۆتایی بە نیشانەی دۆخی تیان دێ، کە ئەویش (-ێ)**یە بۆ مێ و (-ی) بۆ ناوی نێر[2]، وەك:

**خشتەی ژمارە (8) دۆخی ناڕاستەوخۆ لە زاری ژووروو و ناوەڕاستدا**

| زاری ناوەڕاست – شێوەزاری خۆشناوەتی | زاری ژووروو |
|---|---|
| (24) کابرایەك چوو کن ئاسنگەرەکی | (29) ئەمێ هەرن گوندی |
| (25) ئەتو کتاب لۆ نەسرینێ هەنارد | (30) هوون ژ هەولێرێ هاتن |
| (26) ئەنگۆ کوڕی ماندی مەکەن | (31) وێ کچێ چوو دەڤ ماموستایی |
| (27)ناکەم خزمەتی وەزیری، نانی دەستینم بە شیری | (32) ئەز دێ چمە بازاڕی، گولا بهینم |
| (28) ئەتو کچێ بنێرە شاری | (33) زاروکێت ئەڤینێ، ژ مەکتبێ زڤرین |

---

1. Haspelmath, M., (2006), P.5.

* وەك شێوەزارەکانی: (هەولێر، کۆیە، خۆشناوەتی، پشدەر، باڵەکایەتی، موکری، بنگرد، ڕواندز...هتد).

** وشەکانی (ئێوارێ، شەوێ، ماڵێ) کۆتاییان بە نیشانەی دۆخی ناڕاستەوخۆ (-ێ) هاتووە، کە بۆ ڕەگەزی مێ بەدی دەکرێ. ك.ك.کوردۆییێڤ. (1984)، وەرگێڕان: کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی- بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، چاپخانەی (الادیب البغدادي)، بەغداد، ل84.

2. کوردستان موکریانی. (1986)، سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی (دارالحریة)، بەغداد، ل117-118.

له پێناسەكان و پۆلینكردنەكان بۆمان دەردەكەوێت كە دۆخ چەندین جۆری هەیە و هەر جۆرە چەنـد ئەرك و دەركەوتـن و تایبەتمەنـدیی خـۆی هەیە لە زمـانـە جیاوازەكانـدا. لێـرەدا هەوڵ دەدرێ پێناسەیەكی كورت بۆ ژمارەیەك لەو دۆخانە بخرێنە ڕوو:

## 1-دۆخی بكەری* (Nominative Case):

زاراوەی دۆخی بكەری بە شێوەیكی گشتی بۆ بكەر بەكاردێت، كە تـاكە ئـارگومێنتێكی كڵۆزێكی تێنەپەڕە، ئارگومێنتە ئەنجامدەرەكەی كڵۆزێكی تێپەڕە. هەروەها ئەو دۆخە بەوە دەناسـرێتەوە كە لە زۆربەی زمانەكانـدا هـیچ نیشـانەیەكی دۆخیـی نیـیە، بـۆ نمـوونە لە زۆربەی زمانەكانـدا ئەو نـاوانەی كە دەكەونە ئەم دۆخە نیشـانەكردنی دۆخییـان سـفرە، وەكـو لە زمـانی كـۆنی یۆنانی[1].

لە هەنـدێ زمانـدا بـكەر نیشـانەیەكی لەگەڵـدا دەردەكەوێـت، هێمـایە بـۆ ئەركەكەی لەنـاو چوارچێوەی ڕستەكەدا. واتا بـارودۆخی ئەو بەشـەی ڕسـتە دەخـاتەڕوو و ناسـنامەكەیەتی لەنـاو ڕسـتەكەدا. وەك لە زمـانی عەرەبیـدا زەمـمەی دەكەوێـتە سـەر. زەمـمە لەم زمـانەدا نیشـانەی بكەرییە، واتە (دۆخی بكەری)[2].

بـكەر دوو جـۆرە (ڕێزمـانی و لـۆژیكی)،بكەری ڕێزمـانی ئەو دانە ڕێزمـانییەیە كە لە ڕسـتەدا بەپێی یاسا سینتاكسییەكانی زمانەكە لە ڕستەدا شوێنی بكەر دەگرێ. بـكەری لۆژیكی ئەو دانە ڕێزمانییەیە كە كاری ڕستەكە ئەنجام دەدات و مەرج نییە شوێنی ڕێزمانی بگرێ[3]. بۆ نموونە لە ڕسـتەیەك وەك: (ئـاوەكە كـوڵا)، ئەگەر لە ڕوانـگەی ڕێزمـانی چـاولێكەری ڕسـتەكە سـەیر بكەرێ، (ئاوەكە) بكەرە، بەڵام لە ڕووی لۆژیكەوە بەركارە، چـونكە دەبـێ زینـدەوەرێكی هۆشـیار،

---

* (دۆخـی بۆری)یشـی پـێ دەوتـرێ. بـڕوانە: مـحەمەدی مەحـوی. (2014)، سینتاكسـی ئەرگەتیڤـی\ ئەبسـۆلۆتیڤیی كوردی- ئەرگەتیڤی شەقبووی وەچەزاری سلێمانی، گۆڤاری زانكۆی كۆیە، ژ ٣١ (ئادار)، ل 44.

1. Haspelmath, M., (2006), P.9.

2 . وریا عومەر ئەمین. (2015أ)، ل18.

3 . هەمان سەرچاوە، ل18.

مرۆڤێك ڕێژەیەكی ئاوی بۆ نموونە خستووەتە ناو كترییەك و بە مەبەستی كوڵاندن* لەسەر ئاگر دای ناوە([1]).

## 2- دۆخی ڕەها (Absolutive):

لە هەندێك لە زمانەكاندا فۆرمە لێوەرگیراوەكەی ناوەكە هەمیشە دەگۆڕێت كاتێك لە دۆخی بكەری یان دۆخی كارتێكراوی دەردەكەوێت، واتە كاتێك دەبێتە ئارگومێنتە كارتێكراوی كلۆزێكی تێپەڕ و كاتێك دەبێتە بكەری كلۆزێكی تێنەپەڕ ئەو فۆرمەی كە لە ناوەكە وەردەگیرێت دەگۆڕێت، ئەمەش پێی دەوترێت دۆخی (ڕەها).

## 3- دۆخی بەركاری** (Accusative):

دۆخی بەركاری یان ئەكیوزەتیڤ دۆخێكی ڕێزمانییە، بۆ نیشانەكردن و دیاریكردنی بەركاری ڕاستەوخۆی كارێكی تێپەڕ بەكار دێت([2]). دەشێ كارەكە بەسەر كەسێ یا شتێ تێ بپەڕێت بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ كاری تێ بكات. ئەو ناوەی لە ڕستەدا هێمایە بۆ ئەو كەسە یا شتە لە ڕێزماندا (بەركار)ە([3]).

(34) ئازاد سێو دەخوات (ئازاد كارەكە ئەنجام دەدات← بكەرە/ كارەكە تێدەپەڕێتە سەر شتێكی تر و دەخورێت ـ سێو← بەركارە)

لە هەندێ زماندا بەركار نیشانەیێكی لەگەڵدا دەردەكەوێ هێمایە بۆ سروشتی ئەركەكەی لەناو چوارچێوەی ڕستەدا. واتا بارودۆخی ئەو بەشەی ڕستە دەخاتەڕوو و ناسنامەكەیەتی لەناو ڕستەكەدا لە ڕێزماندا. وەك لە زمانی عەرەبیدا سەرە (فتحة)ی دەكەوێتە سەر. (فتحة) لەم زمانەدا نیشانەی (بەركارییە)، واتە (دۆخی بەركاری).

---

*كاری وەك: (كوڵان، خنكان، سووتان، برژان..هتد) پێی دەوترێ تێنەپەڕی بەركاری. یارا قادر حەمەد مەلازادەیی. (٢٠١٣)، مۆڕفۆسینتاكس لە شێوەزاری كۆیەدا، چاپخانەی كەمال، سلێمانی، ل80.

1 . غازی عەلی خورشید. (٢٠١٣)، ڕێزمان، ئەكادیمیای كوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل28.

** (دۆخی سەری)شی پێ دەوترێ. محەمەدی مەحوی. (2014)، ل 43.

2. Academic article from: www.en.wikipedia.org/wiki/Accusative_case

3 . وریا عومەر ئەمین. (2015أ)، ل18.

### 4- دۆخی ئێرگەتیڤ (Ergative):

دۆخی ئێرگەتیڤ ئەو دۆخە ڕێزمانییەی کە ناوێك دیاری دەکات و دەبێتە بکەری کاری تێپەڕ لە زمانە ئێرگەتیڤییەکاندا[1]. لە زمانە ئێرگەتیڤییەکاندا بەرکار و کار لە کەس و ژمارەدا ڕێك دەکەون. بکەر نیشانەیەك وەردەگرێ بە ئێرگەتیڤ ناو دەبرێ وەك لە زاری کرمانجیی ژووروودا[2]:

| (35) ئازاد ـ ی | هوون | دیتن |
|---|---|---|
| بکەر کەسی3 ت- ن.ئێرگەتیڤ نف نێر | بەرکاری ڕاستەوخۆ | ك تێپەڕ ڕابردوو کەسی1ك |

| (36) شیرین- ێ | نان | خوار |
|---|---|---|
| بکەر کەسی3 ت- ن.ئێرگەتیڤ نف نێر | بەرکاری ڕاستەوخۆ | ك تێپەڕ ڕابردوو کەسی3ت |

ئەوەی شایەنی باسە لێرەدا بوترێت ئەوەیە کە زاراوەکانی نۆمینەتیڤ و ئەکیوزەتیڤ دوو زاراوەی زۆر کۆنی بواری دۆخن، بەڵام زاراوەی ئێرگەتیڤ لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم هاتە ئاراوە و سەرەتا لە نێو زمانەوانەکانی زمانە قەفقاسییەکان دەستی پێکرد[3].

### 5-دۆخی سەبجێکتیڤ (Subjective Case):

لەو زمانانەی کە بکەر و کارا بە شێوەی لێکچوو دیاردەخەن و کۆد دەکەن، بە شێوەیەکی گشتی بکەر و کارا بە ڕوون و ئاشکرا کۆد دەکرێن بۆ ئەوەی دەری بخەن کە لە دۆخی نۆمینەتیڤیدایە.

لەم جۆرە زمانانەدا ئارەزووی ئەوە دەکرێت کە ئارگومێنتە کارتێکراوەکە دیارخەری سفر بێت و پێی دەوترێت دۆخی ڕەها (Absolutive)، هەروەها بە بکەر و کارا کۆدکراوەکەی کە لە دۆخی نۆمینەتیڤیدان دەوترێت دۆخی سەبجێکتیڤی[4].

1. Academic article from: www.en.wikipedia.org/wiki/Ergative_case

2 . وریا عومەر ئەمین. (2015أ)، ل18.

3 . Haspelmath, M., (2006), P.9.

4 . IBID, P.9.

6-**دۆخی ئۆبجێکتڤی** (Objective Case):

هەندێك جار زمانی ئینگلیزی لەبڕی ئەوەی دۆخی نۆمینەتیڤ – ئەکیوزەتیڤیی بۆ بەکار بێت، دۆخی سەبجێکتڤی و دۆخی ئۆبجێکتیڤیی بۆ بەکار دێت. لەوانەیە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە مەبەست لێی تیشکخستنەسەر ئەوە بێت کە زمانی ئینگلیزی سیستەمی دۆخی ڕاناوەکانی زۆر جیاوازترە لە سیستەمی دۆخی ڕاناوی زمانی لاتینی[1].

7-**دۆخی کارا** (Agentive Case):

زاراوەی دۆخی ئەجێنتیڤ ئاماژە بە فۆرمێك یان پێکهاتەیەك دەکات، کە ئەو فۆرمە یان پێکهاتەیە، ئەرکی سەرەکی لە ڕستەدا دیاریکردنی ئەو ڕێگەیە، کە بە هۆیەوە کارێك یان کردارێکی دیاریکراو هاتووەتە بوون. لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم زاراوەیە بۆ باری بکەر نادیاری ڕۆنانێك یان ڕستەیەك بەکار دێت، جا لەوانەیە کارای کارەکە دەرببڕدێت، یان دەرنەبڕدرێت، وەك:

(37) The man was killed [by a soldier]. پیاوەکە (لەلایەن سەربازێکەوە) کوژرا.

ئەجێنتیڤی ڕستەی بکەر نادیار دەبێتە بکەری ڕێزمانی ڕستەی بکەردیار[2].

8- **دۆخی دەیتیڤ**** (Dative):

ئەم دۆخە لەگەڵ بەرکاری ناڕاستەوخۆدا دەردەکەوێت. ئەم بەرکارە ناڕاستەوخۆیە لە ڕووی سیمانتیکیەوە پێی دەوترێت ئارگومێنتی وەرگر، کە ئەم ئارگومێنتە بە شێویەکی جیاواز دەردەخرێت، وەکو لەوەی لە کارێکی تاکە بەرکاریدا هەیە. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە ڕۆڵی وەرگر زۆربەی کات بەهەمان شێوەی ئاڕاستەیەك دەردەخرێت.

---

1 . Haspelmath, M., (2006), P.10.

2 . IBID, P.11.

** دۆخی داتیف (Dative case)، (دۆخی هەڤرا)شی پێ دەوترێ. مزگین عەبدولرەحمان ئەحمەد. (٢٠٠٦)، دۆخی ئێرگەتیڤ لە زمانی کوردیدا- کرمانجی سەروو، ماستە رنامە، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ل٤٦.

9-**ئیسیڤ** (**Essive**):

**دۆخێکی تایبەتە بە چەند زمانێك، وەکو زمانی فینلەندی و زمانی یوکاگیردا. بۆ ئەو نیهادانە بەکار دێت کە لە ڕووکەش وەکو ناو دەردەکەون، ئەو نیهادانەش پێیان دەوترێت ئیسیڤ (Essive) یان پرێدیکەتیڤ (Predicative). کاری ئەو جۆرە نیهادەش پێی دەوترێت میوتەتیڤ (Mutative) یان ترەنسلەیتیڤ (Translative)[1].**

10- **دۆخی ئامێری** (**Instrumental**):

**لە ئەنجامدانی هەر کارێك بە هۆی (ئامێرێ یا شتێ یا کەسێ)، ئەو دۆخە بە (ئامێری) ناو دەبرێت. ئەم دۆخە لە زمانی کوردیدا بە پێشبەندی (بە) دادەڕێژرێت[2]. بۆ نموونە:**

(38) **ئازاد بە بەرد گوێز دەشکێنێ**

(39) **ئیشەکەی بە ئێمە جێبەجێ کرد.**

(40) **ئازاد بە فڕۆکە هات**

11-**دۆخی یاوەریکردن** (**Comitative**):

**ئەم دۆخە واتای (بەیاوەری، لەگەڵ) دەدات هیچ زمانێکی کۆنی هیندو ئەوروپی ئەم دۆخەی نییە. ئاماژە بە فرێزێکی ناوی دەکات، کە زۆربەی کات ناوێکی تاکە یان ڕاناوێکی تاکە، واتای (بەیەکەوە، لەگەڵ) دەردەبڕێت. ئەم دۆخە لە زمانی باسکیدا دەردەکەوێت. لە زمانە جیاوازەکاندا زاراوەی جیاواز بۆ ئەم دۆخە بەکار دێت. لەوانەش: (Sociative)، (Accompanitive)[3].**

---

**1 . Haspelmath, M., (2006), P.8.**

2 .**وریا عومەر ئەمین**. (2015)، (2015أ)، ل18.

**3 . Haspelmath, M., (2006), P.8.**

### 12-دۆخی ئامادەنەبوون (Abessive):

ئەم دۆخە واتای (بەبێ، بەدەر لە) دەدات، وەكو لە زمانە ئۆرالییەكان. ئەم دۆخە ئاماژە بە بەجۆرێك لە گیرەكی گەردانكردن دەكەن، كە واتای (بەبێ، بەدەر لە) دەردەبڕێت، ئەم واتایە لە زمانێكی وەكو زمانی ئینگلیزیدا بە هۆی پێشبەندی (without) دەردەبڕدرێت.
ئەم دۆخە لەزمانی فینلەندی دەردەكەوێت و لە زمانە جیاوازەكاندا ناوی جیاوازی هەیە، وەكو: (Caritive) لەزمانی (Kâte)، (Privative) و (Anticomitative) لە زمانی چوكچی و (Deprivative) لە زمانی گوونەیاندی[1].

### 13-دۆخی بەراوردكاری (Comparative):

هەندێك زمان هەن دۆخی بەراوردكارییان هەیە، ئەم دۆخە هاوشێوەی باری بەراوردكاری ستاندەری ئەمڕۆیە. ئەم بەراوردكاریەش زیاتر بۆ نیشاندانی جیاوازی و نایەكسانییە، وەكو لە زمانی چانتیاڵ (Chantyal)[2].

### 14-دۆخی لێكچوواندان(Similative):

چەند زمانێكی كەم هەن كە دۆخی لێكچوواندانیان هەیە، وەكو لە زمانەكانی مەنەسیر (Mennecier) و زمانی ئیسكیمۆدا[3].

### 15- دۆخی هۆیی (Causal):

دۆخی هۆیی، هۆكاری لە توركی و ژاپۆنیدا هەیە. لە زمانی باسكیشدا پێی دەوترێت دۆخی (Motivative). زاراوەی ئەم دۆخە وەسفی پەیوەندییە ڕێزمانییەكان دەكات، كە تیایدا پەیوەندی لەنێوان جۆرە لێكچوو و جێگرەوەكانی ڕستەیەكدا هەیە.

---

1. Haspelmath, M., (2006), P.8.
2. IBID, P.9.
3. IBID, P.9-10.

## 16-دۆخی ئەڤێرسیڤ (Aversive):

لە زۆربەی زمـانە ئوسـترالییەکاندا دۆخێـك هەیە کە پێـی دەوترێـت دۆخـی ئەڤێرسـیڤ. ئەم دۆخە باسـی تـرس یـان خۆلێـدوورکەوتنەوە دەکـات، هەر بـۆیە بەم دۆخە دەوترێـت دۆخـی هۆکاری نەرێنی[1].

## 17-دۆخی شوێن* (Locative):

ئەم دۆخە یەکێکە لەو دۆخانەی کە باسی شوێن دەکات و لەو زمانـانەدا هەیە، کە پەیوەنـدییە ڕێزمانییەکانیان لە ڕێگەی گیرەکی گەردانکردنەکەوە دەردەبڕن. ئەم دۆخە ئاماژە بە فرێزێکی ناوی دەکات کە بریتیە لە ناوێك یان ڕاناوێکی تاك، ئەو بیرۆکەی شوێن دەردەبڕێت.
بۆ نموونە لە زمانی تورکیدا (masada) ناوێکە کە گیرەکی دۆخی شوێنی هەڵگرتووە، بە واتای (لەسـەر مێـزەکەدا) دێـت. وشـەی مێـز (masa) نـاوێکی تـاکە هـیچ دۆخێکی تێـدا نیـیە، کاتێـك پاشـگری (da) دەچێـتە سـەر وشـەکە، ئەوا دۆخـی شـوێنی بە نـاوەکە دەنووسـێنێت. لەهەنـدێك زمـانی تـر وەکـو زمـانی ئینگلیزیـدا فـۆرم یـان گیرەکـی دۆخـی شـوێنی نیـیە، دۆخـی شـوێن لە ڕێگەی وەرگرتنی پێشبەندەوە دەبێت[2].

## 18-دۆخی جوڵانەوە (Allative):

ئەم دۆخە لە هەنـدێك زمانـدا هەیە بـۆ ئەوەی ئامـاژە بەو پەیوەنـدییە ڕێزمانییـانە بکـات، کە باسـی جـوڵانەوە دەکەن، یـان بە جۆرێـك لە جۆرەکـان جـوڵەیەك دەردەبـڕن، بـۆ نمـوونە وەکـو جـوڵەی (بـۆ) یـان (بەرەو) شـوێنێك. ئەم دۆخە لە زمـانی فینلەنـدی و زمـانی باسـکی هەیە. بـۆ نموونە لە زمانی باسکیدا ناوی (etxea) واتە خانووەکە ناوێکی تاکە و هیچ دۆخێك دەرناخـات، بەڵام کاتێك گیرەکی (ra) وەردەگرێت و وشەکە دەبێتە (etxera)، ئەوا ناوەکە دۆخی ئەلەتیڤی

---

1. Yallop, C., (1977), An Aboriginal Language of Central Australia. AIAS Press, Canberra, P.75.

* دۆخی شوێنی (Locative case)، (دۆخی جێوار)یشی پێ دەوترێ. مزگین عەبدولرەحمان ئەحمەد. (٢٠٠٦)، ل٤٧.

2 . Hualde, J. I. & Urbina, J. O., (2003), A Case grammar of Basque, Berlin; New York: Mouton de Gruyter, P.183.

(دۆخـــی جــوڵانەوە) نیشـــان دەدات و واتـــای وشـــەکە دەبێـــتە (بــۆ خـــانووەکە) یـــان (بەرەو خانووەکە)[1].

## 19-دۆخی ئەبلەتیڤ* (Ablative):

لە هەندێك زماندا ئەو پەیوەندییە ڕێزمانییانەی کە باس لە نیشاندانی شوێن دەکەن بە هۆی گیرەکی تایبەتەوە دەردەبڕدرێن و بەهۆی ئەو گیـرەکەی کە نـاوەکە وەری گرتـووە دەزانـین کە ناوەکە بە چ شێوەیەك باس لە شوێن دەکات. بۆ نموونە لە زمـانی تورکیـدا وشـەی خـانوو (ev) هـیچ دەرخەرێکـی دۆخیـی نیـیە، بەڵام کاتێـك پاشـگری (den) دەچێـتە سـەر وشـەکە دەبێــتە (evden) "لە خـــانووەکە/ لەنـــاو خـــانووەکە". زمانەکـــانی وەك لاتینـــی و ئینگلیـــزی دۆخـــی ئەبلەتیڤیان نییە، بەڵکو بەهۆی پێشبەندەکانی (لە، لەنزیك، لەناو) ئەم دۆخە دەردەخەن[2].

## 20-دۆخی پێرلەتیڤ (Perlative):

ئەم دۆخە بە هـۆی گیـرەکێکەوە دەردەبـڕدرێ، ئەو گیـرەکەش بـاس لە چـۆنیەتی جـوڵەکردنی شتێك بۆ شوێنێك دەکات، بەڵام باسی ڕێڕەوی شوێنەکە یان چۆنیەتی گوزەرکردن بـۆ شـوێنەکە ناکات. واتا دەکرێت کاتێك ئەو گیرەکە کە دەچێتە سـەر ناوێـك، واتـای "بە درێـژای شـوێنەکە" یان "بەناو شوێنەکە" بدات بە وشەکە. ئەو زاراوانەی تر کە بۆ هەمان دۆخ بەکار دێـن بـریتین لە: (Vialis) و (Prosecutive) لە زمـــــانی ئیســــکیمۆدا، (Prolative) لە زمــــانی (Udihe) و (Traversal) لە زمانی (Ainu) و زمانی (Refsing) و (Translative) لە زمـانی (Archi) و لە زمانی (Kibrik)[3].

---

1 . Hualde, J. I. & Urbina, J. O., (2003), P.183.

* دۆخی ئەبلەتف (Ablative case)، (دۆخی تەڤایی)شی پێ دەوترێ. مزگین عەبدولرەحمان ئەحمەد. (٢٠٠٦)، ل٢١.

2 . Hualde, J. I. & Urbina, J. O., (2003), P.183.

3 . Haspelmath, M., (2006), P.9.

## 21-دۆخی کۆتا پێهێنان (Terminative):

ئەم دۆخە بە هۆی گیرەکەوە ئاماژە بە جوڵانەوەیەك دەکات، کە باسی ڕێڕەوی جوڵانەوەکە و خاڵی کۆتایی جوڵە دەکات. ئەم دۆخە لە زمانی باسکیدا هەیە، دەکرێت زاراوەی (limitative) بۆ بەکار بێت[1].

## 22-دۆخی ئینێسڤ(Inessive):

ئەم دۆخە بە هۆی گیرەکێکەوە دەردەبڕدرێ کە ئەو گیرەکە واتای (لە، لەناو) بەو ناوە شوێنە دەبەخشێت کە دەچێتە سەری. ئەم دۆخە لە زمانی فینلەندی و زمانی هەنگاریدا باوە. لە زمانی فینلەندیدا وشەی (talo) واتە خانوو، هیچ نیشانەیەکی دۆخدەرخەری پێوە نییە، بەڵام کاتێك پاشگری (ssa) دەچێتە سەر وشەکە و دەبێتە (tolassa)، واتای وشەکە دەبێتە "لەناو خانووەکە". بەمەش ئەم پاشگرە دۆخێکی شوێنی بە ناوەکە دەبەخشێت.

## 23-دۆخی سەپرێسڤ(Superessive):

ئەم دۆخە بە هۆی گیرەکێکەوە دەردەبڕدرێ کە ئەو گیرەکە لە ڕووی سیمانتیکیەوە واتای (لەسەر) دەدات. وەکو لەزمانی هەنگاریدا وشەی (haz) واتە خانوو، هیچ گیرەکێکی دۆخدەرخەی پێوە نییە، بەڵام کاتێك پاشگری (on) دەچێتە سەر وشەکە دەکات بە (hazon)، ئەوا واتاکەی دەبێتە "لەسەر خانووەکە"[2].

## 24-دۆخی ئەدێسڤ(Adessive):

ئەم دۆخە بە هۆی گیرەکێکەوە دەردەبڕدرێ، ئەو گیرەکە واتای "هاوسنووری، لە نزیکی" دەدات. ئەم دۆخە لە زمانەکانی فینلەندی و هەنگاریدا هەیە. لە زمانی هەنگاریدا، وشەی (hajo) "کەشتی" هیچ دەرخەرێکی دۆخی پێوە نییە، بەڵام لەگەڵ زیادکردنی پاشگری (nal) بۆ وشەکە دەبێتە (hajonal) واتە "لە نزیك کەشتیەکە"[3].

---

1 . Haspelmath, M., (2006), P.9.
2 . IBID, P.9.
3 . IBID, P.9.

**25-دۆخی بانگکردن** (**Vocative case**):

**بانگکردن لە ڕێگەی چەند گیرەکێکی ڕێزمانی دێتە ئاراوە، بەمەش بانگکردنی ناوێك لە پۆلەکەی یاخۆد ڕەگەزەکەی، یان بە مەبەستی جیاکردنەوەی ناوێك لە ناوێکی تر**[1].

**کردەی بانگکردن هەموو ناوێکی تایبەتی مرۆڤ و هەندێ گشتی تایبەت بە مرۆڤ دەگرێتەوە، بە شێوەیەك بانگکردنی مرۆڤ بە ناوی تایبەتی خۆی، ئاوازی دەربڕین دەی نوێنێ و دیاری دەکات، بەڵام هەندێ لەو نامە گشتییانەی ڕەگەزی مرۆڤ (نێر و مێ) لە زمانی کوردیدا، چەند مۆرفیمێکی بانگهێشتن دەچنە کۆتاییانەوە لەگەڵ ئاوازی دەربڕیندا چەمکی ئەم کردەیە دەنوێنن**[2].

**دۆخی بانگکردن لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو بۆ تاك دوو نیشانەی هەیە (-ێ) بۆ مێ و (-ۆ) بۆ نێر. لە دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاستدا (-ێ) بۆ مێ و (-ە) بۆ نێرە. نیشانەی بانگکردن لە باری کۆدا لە کرمانجیی ژووروودا (-نۆ، -ینۆ) لە کرمانجیی ناوەڕاستیشدا (-ینە)یە**[3].

**هەندێك جار لە دۆخی بانگکردندا ئامرازێك پێش ناوە بانگکراوەکە دەکەوێت بە تایبەتی لەنێو بەرهەمی فۆلکلۆری و زمانی ئاسایی قسەکردنی زاری کرمانجیی ژووروو، ئەو ئامرازەش (لێ) بۆ ناوی مێ و (لۆ) بۆ ناوی نێر بەکاردێت**[4]**. لە خشتەی (9)دا ڕوون کراوەتەوە.**

**خشتەی ژمارە (9) دۆخی بانگکردن لە کرمانجیی ژووروو و ناوەڕاستدا**

| | **کرمانجیی ژووروودا** | | **کرمانجیی ناوەڕاست** |
|---|---|---|---|
| (41) | (لێ) کەچێ وەرە بخوونە | (45) | کچێ (کچە) وەرە بخوێنەوە |
| (42) | (لۆ) باڤۆ توێ کەنگێ هەری شەهر؟ | (46) | بابە تۆ کەی دەچی بۆ شار؟ |
| (43) | خوشکێ، ناڤێ تە چییە؟ | (47) | خوشکێ (خوشکە)، ناوی تۆ چییە؟ |
| (44) | کوردنۆ هشیار بن ڕۆژا سەرخوەبوونێ هاتییە | (48) | کوردینە وشیار بن ڕۆژی سەربەخۆیی هاتووە. |

---

1. بازیان یوونس محێددین. (2013)، پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، خانەی موکریانی، هەولێر، ل١٨٣.

2. بازیان یوونس محێددین. (2013)، ل 184.

3. ك.ك.کوردۆییڤ. (1984)، ل77.

4 . لەیلا جەلیل عەباس. (**2003**)، نێر و مێ لە زمانی کوردیدا- بە کەرەستەی کرمانجیی ژووروو و خوارووو، دکتۆرانامە، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغداد، بەغداد، ل**113**.

## ڕێزمانی دۆخ (Case grammar)

ڕێزمـانی دۆخ ڕێبـازێکە لە ڕێزمـان سـەرەتای سـەرهەڵدانی بـۆ شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو دەگەڕێتەوە، کە یەکێك لە کـاریگەرترین کارەکـانی فیلمـۆرە[1]. بـۆیە زۆر جـار بە ڕێزمـانی دۆخ دەوترێت دۆخی فیلمۆری.

کاریگەری ڕێزمانی دۆخی فیلمۆر لەسەر زمانەوانە هاوچەرخەکان شتێکی دیـار و گرنـگ بـووە، ژمـارەیەك لە تیـۆری زمـانەوانی بە جۆرێـك لە جۆرەکـان لەگەڵ دۆخـی قـووڵ*، یـان ڕۆڵـی سیمانتیکیی فیلمۆر یەك دەگرنەوە، یان لەژێـر کـاریگەری ئەون. بـۆ نموونە تیۆرەکـانی وەکو: (Thematic Structure) و تیـۆری (GB) دوو لە دیـارترین ئەو تیـۆرانەن[2]. تیـۆری ثێتـا کە یەکێکە لە لقە تیۆرەکـانی (GB)یە و خـۆی بە دیـاریکردنی ڕۆڵە ثیماتیکییەکـان ( Thematic role)ەوە خەریك دەکات[3].

سەرەتا فیلمۆر لە ساڵی (1965) هەوڵی دا پەیوەندی نێوان شێوەی پێکهاتەکـان و پەیوەسـتییان بە واتاوە ڕوون بکاتەوە[4]. بۆ نموونە:

(49) دەرگاوانەکە دەرگاکە بەم کلیلە دەکاتەوە (50) ئەم کلیلە دەرگاکە دەکاتەوە.

لێرەدا فیلمۆر تێبینیی ئەوە کرد سەرەڕای هەبوونی جیـاوازی لە پێکهـاتەی سینتاکسـی ئەم دوو ڕستەیەدا، لە هەردوو ڕستەکەدا (کلیلەکە) ڕۆڵی ئامێری دەبینێت، وشەی (دەرگاکە) دەکرێت ئەم ڕۆڵانە بگێڕێت (بەرکار، کاتێکراو، باس).

بـۆیە فیلمـۆر پێشـنیازی ئەوە دەکـات، کە ئەو ڕۆڵە ئەبسـتراکتییانە دەتـوانن ئاسـتێکی تەنـك بنیات بنێن، کە لە نیشاندانە واتاییەکە هەستی پـێ دەکرێت. تـاوەکو سـاڵی 1965 فیلمـۆر بە

1. Anderson, J. M., (1987), Case grammar and the localist hypothesis, Concepts of case, Tübingen, P.103-121.

* مەبەست لە دۆخە قووڵەکان، دۆخەکانی ژێـرەوە، ڕۆڵە سیمانتکیەکان، ڕۆڵە ثیماتیکییەکان، وەکو: کارا (Agent)، باس (Object)، سوودمەند (Benefactor)، شوێن (Location)، ئامێر (Instrument).

2. Academic article from: www.en.wikipedia.org/wiki/Case_grammar.

3. حاتەم ولیا محەمەد. (2009)، پەیوەندییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك، ل92.

4. Fillmore, C. J., (1965), Indirect Object Constructions in English and the Ordering of Transformations, Mouton, P.62.

ڕۆڵـی ئەو ئارگیومێنتـانەی ڕسـتەی دەوت بەشـداربووە ڕۆڵگێڕەکـان (Actants)، بەڵام دواتـر زاراوەی دۆخ (Case) بۆ ڕۆڵە سیمانتیکییە ئەو ئارگیومێنتانە بەکار هێنا[1].

ڕێزمـانی دۆخ (دۆخـی فیلمـۆری) کـاردانەوە و بـۆ بەرەنگـاریبوونەوەی تیـۆری سـتاندەرد (Standard theory) بوو سەبارەت بە شیکاریی ڕستەکان (analysis of sentences)[2]. فیلمۆر لە تیۆرەکەیدا دەیویست وەڵامێکی ئەو پەراوێزخستنەی چۆمسکی و ڕێزمـانی بەرهەمهێنـان بـۆ سیمانتیك و بۆ پێکهاتە قووڵەکانی ڕستە بداتەوە. بۆیە پێی وا بوو تیۆری سینتاکسی ڕێزمـانی بەرهەمهێنـان دەکرێت لە ڕووی سیمانتیکییەوەش ڕوون بکرێتەوە. بۆیە زیـاتر گرنگیی بەوە دەدا کە بۆ هەر ڕووداوێك یان بارودۆخێك کە، کارێك لەخۆ دەگرێت، ژمـارەیەکی دیـاریکراو لە ڕۆڵ (دۆخ) وەردەگرێت[3].

فیلمـۆر و پەیڕەوکەرانـی ڕێبـازەکەی تێبینیـی ئەوەیـان کـرد کە نیشـانەکردنی دۆخ (Case-marking) لە چوارڕیانێکدایە (crossroads) لەنێوان سینتاکس و مۆرفۆلـۆژی و سـیمانتیك و تەنانەت پراگماتیکیش[4]. چونکە زۆربەی دۆخەکان ناتوانرێت تەنیا لە چوارچێوەی سینتاکسدا ڕوون بکـرێتەوە. ئەم بـێ توانـاییەی سـینتاکس بەتەنیـا یـان مۆرفۆلـۆژی بەتەنیـا لە ڕوونکردنەوەی دۆخدا، وای کـردووە کە بە شێوەیەکی ڕێکخـراو و بەردەوام گرنگیی ئەو بنەمـا سیمانتیکییانە کە کار لە دۆخ دەکەن لە بەرزبـوونەوەدابن، ئەمەش وادەکات کە لێکۆڵینەوە لە دیاریکردنی دۆخ لە ڕووی سیمانتیکیەوە شتێکی پێویست بێت[5].

لە ڕێزمانی دۆخی فیلمۆر چەندین پەیوەندیی گرنگی سیمانتیکی نیشان دەدرێت[6]. بـۆ نمـوونە لە کۆمەڵە ڕستەیەکی وەك:

(51)The key opened the door. (کلیلەکە دەرگاکەی کردەوە)

(52) The door was opened. (دەرگاکە کرابووەوە)

1.Fillmore, C. J., (1965), Indirect Object Constructions in English and the Ordering of Transformations, Mouton, P.62.
2. Crystal, D., (2012), P. 67.
3. Fillmore, C. J., (1968), The Case for Case, In Bach and Harms, New York, P.31.
4. Grimm, S. M., (2005), The Lattice of Case and Agentivity, MSc Thesis, Universiteit van Amsterdam, P.4.
5. IBID, P.4.
6. Crystal, D., (2012), P. 67.

53) The door was opened with/by the key. (دەرگاکە بە کلیل کرایەوە)

(54) The door opened. (دەرگاکە کرایەوە)

(55) The man opened the door. (پیاوەکە دەرگاکەی کردەوە)

(56) The man opened the door with the key. (پیاوەکە دەرگاکەی بە کلیل کردەوە)

ئەم ڕستانە چەندین ڕۆڵی سیمانتیکی جێگیر نیشان دەدەن، سەرەڕای گۆڕانی سیما (ڕۆنانی ڕووکەشی) ڕێزمانییەکانیان (surface grammatical structures) وشەکانی (کلیلەکە و دەرگاکە) ڕۆڵە سیمانتیکییەکانیان نەگۆڕە و یەکەمیان لەسەرجەم ڕستەکاندا وەك ئامێر (Instrumental) ڕۆڵ دەبینێت، دووەمیشیان (دەرگاکە) وەك باس (Object)*ە، واتە شتێك كە لەلایەن کارەکەوە کاری کردۆتە سەری، یان ڕووداوەکەی بەسەر هاتووە لە هەموو ڕستەکاندا[1].

بە پێی (ڕێزمانی دۆخ)ی فیلمۆری، کار ژمارەیەکی دیاریکراو لە دۆخی قووڵ (Deep cases)، واتە ڕۆڵی سیمانتیکی هەڵدەبژێرێت، کە ئەو ڕۆڵە قووڵانە یان بڵێین ئەو ڕۆڵە سیمانتیکییانە بە یەکەوە چوارچێوە و پەیکەری دۆخی ئەو کارە دیاری دەکەن کە پێی دەگوترێت چوارچێوەی دۆخی (Case frame). بۆ نموونە کاری (پێدەدات) پێویستی بە ڕۆڵی (کارا، باس، سوودمەند) هەیە لە ڕستەدا[2]. وەك: (جۆن پارەی دا بە قوتابخانەکە).

| (57) John | gave | money | to the school. |
|---|---|---|---|
| (A) | (V) | (O) | (B) |
| کارا | کار | باس | سوودمەند |

چوارچێوە دۆخیەکان هەندێك سنووری دیاریکراوی هەیە، وەکو ئەوەی کە دۆخێکی قووڵ یان ڕۆڵێکی سیمانتیکی دەکرێت یەك جار لە ڕستەیەکدا دەربکەوێت. هەندێك لە دۆخەکان ناچارین و ئەوانی تر بەئارەزوون. لەوانە نییە دۆخە ناچارییەکان لاببردرێن، لەبەر ئەوەی دەرئەنجامەکەی دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی ڕستەیەکی ناڕێزمانی (Ungrammatical)، وەکو لەم ڕستەیەدا[3]: (ماری سێوەکەی دا ...)

* زاراوەی ئەم دۆخە فیلمۆرییە (Object) نابێ لەگەڵ زاراوەی بەرکاری ڕاستەوخۆ تێکەڵ بکرێ، هەروەها نابێ لەگەڵ دۆخی (Accusative)دا هاوواتا بێت.

1 . Crystal, D., (2012), P. 67.
2 . Academic article from: www.en.wikipedia.org/wiki/Case_grammar.
3 . IBID.

| (58) *Mary | gave | the apples |
|---|---|---|
| (A) | (V) | (O) |
| کارا | کار | باس |

ئەم ڕستەیە بە ڕستەیەکی ناڕێزمانی دادەنرێت، لەبەر ئەوەی یەکێک لە ڕۆڵە سیمانتکیە ناچاریەکان لابردراوە لەڕستەکە کە ڕۆڵی سوودمەند (Benefactor)ە.

## دۆخە قووڵەکان:

### 1-دۆخی کارا (Agentive):

ئەو دۆخە زیندووەیە کە بە کارێک هەڵدەستێت، یان ڕووداوێک دەنێتەوە و بە ئەنجامی دەگەیەنێت. کارا دەبێ زیندوو بێ و توانای ئەنجامدانی کارێکی هەبێ. کار بە هەردوو جۆرییەوە (تێپەڕ و تێنەپەڕ) کارا وەردەگرێت، بە مەرجێ کارەکە توانای هەڵبژاردنی کارای تێدا هەبێت، واتە هەموو کارێك کارا وەرناگرێت[1]. بۆ نموونە:

(59) <u>کاوە</u> نامەکەی خوێندەوە.

(60) <u>ئەڤین</u> نامەکەی بە قوتابییەکان خوێندەوە

(61) <u>ئەوان بە</u> شەو چوون.

(62) <u>بەناز</u> بە شەو بە پاس هات.

(63) <u>سیروان</u> نانەکەی خوارد.

(64) <u>منداڵەکە</u> نانەکەی لە باخەکەدا خوارد.

کارا، کارەکەی دەبێ لەو کارانە بێت، کە توانای هەڵبژادنی کارای تێدا هەبێت. بۆ نموونە: (شکا، دڕا، کولا، ڕووخا، خورا، پسا، باری، ...هتد) یان ئەو کارانەی کە بارێکی هۆشەکی، یا دەروونی نیشان دەدەن، وەك: (حەزکردن، زانین، باوەڕکردن، دڵپێوەبووون، ڕقلێبوون، ..هتد) لە توانایاندا نییە (کارا) هەڵبژێرن[2].

---

1 . یووسف شەریف سەعید. (2009)، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازیی کوردی، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل19-21.

2 . هەمان سەرچاوە، ل20-21.

**٢-دۆخی ئامێر** (**Instrument**):

**ئـارگیومێنتێکە بە هـۆیەوە کردارێـك ئەنجـام دەدرێ[1]. ئەو فرێـزە ناوییـانە دەگـرێتەوە، کە بێهـۆش وبێگیـانن و دەبـنە هۆکـار لە ئەنجامـدانی کارێـك و بە هـۆی کارەکەشـەوە دیـاری دەکرێن[2]. بۆ نموونە:**

**(65) پەروین دەرگاکەی بە کلیل کردەوە.**

**(66) بە قسە ئازاری دام.**

**(67) بزمارەکە بریندارى کردم.**

**(68) بە کارەبا سووتا.**

**(69) فەرمان بە ئاگر دەستی خۆی سووتاند.**

**(70) چا بە دەستی تۆ ناخۆم.**

**(71) کاروان بە خەنجەر دزەکەی کوشت.**

**(72) نامەکەم بە پۆستەدا ڕەوانە کرد.**

**فرێزەکـانی (بە کلیـل، بە قسـە، بزمـارەکە، بە کارەبـا، بە ئـاگر، بە دەسـت، بە پۆسـتەدا، بە خەنجەر، بە گوللە، بە قسە، ....هتد)، لە دۆخی ئامێردان[3].**

**٣-کارتێکراو** (**Patient**):

**ئەو دۆخە زیندووەیە کە بە هۆی بارێکەوە کاری تێکـراوە، یـان ئەو کەسـەیە کە ڕووداوێـك کـار دەکاتە سەری، یا شتێکی بەسەردێنێ[4]. کارتێکراو ئارگیومێنتێکی ناوەکییە[5]، وەك:**

**(73) کاوە دزەکەی گرت.**

**(74) نەریمان منداڵەکەی هەڵخەڵەتاند.**

**(75) دایکەکە منداڵەکەی بە شیری قوتوو بەخێو کردووە.**

**(76) فەرەیدوون لەو بڕوایە بوو، کە یارییەکە دەباتەوە.**

---

**1** . سـەباح ڕەشـید قـادر. (**2009**)، هەنـدێ لایەنـی ڕێزمـانی دەسـەڵات و بەسـتنەوە (GB) لە زمـانی کوردیـدا، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل**127**.

**2** . حاتەم ولیا محەمەد. (2009)، ل96.

**3** . یووسف شەریف سەعید. (2009)، ل23.

**4** . هەمان سەرچاوە، ل24.

**5** . سەباح ڕەشید قادر. (**2009**)، ل**125**.

### ٤- دۆخی ئەنجام (Result):

ئەم دۆخە بابەتێکە، یا ئەنجامی ڕووداو و بارێکە کە بە هۆی کارەکەیەوە لە ڕستەدا دیاری دەکرێ، ئەم دۆخە واتای کارێك تەواو دەکات و کۆتایی بەرهەمی کارێك پیشان دەدات، دوای تەواوبوونی کارەکە[1]. ئەم دۆخە بە تایبەتی لەگەڵ کارێکی وەك: (هاتنەکایە، دروستکردن، ڕوخاندن، وێرانکردن، بنیاتنان، دانان، ...هتد) دەبینرێت[2]. وەك:

(77) ئەوان خانوویەکیان کرد.

(78) کرێکارەکان کارگەکەیان دروست کرد.

(79) بوومەلەرزەکە شارەکەی وێران کرد.

(80) منداڵی بەڕەڵلا دیواری باغەکەی ڕووخاند.

### ٥-دۆخی باس (Object)*:

دۆخێکی واتایی زۆر بێلایەنە، ئەو شتەیە کە لە ڕستەدا پەیوەندی بە ناوێکەوە هەیە و ڕۆڵەکەشی لە ڕوداوێك، یا لە بارێکدایە، کە بە هۆی کارەوە ڕوون دەبێتەوە. بەو شتە دەوترێ کە ڕووداوەکە کاری کردۆتە سەری یا ڕووداوەکەی بەسەر هاتووە. ئەم دۆخە بە گشتی لەگەڵ ئەو کارە تێپەڕانەدا دێت، کە بار و ڕووداو پیشان دەدەن[3]، وەك:

(81) کامەران دەرگاکەی کردەوە.

(82) درگاکە کرایەوە.

(83) شیرین کراسەکەی دەدوورێت.

(84) ڕەشەباکە کەپرەکەی ڕووخاند.

(85) لە بەغداد زۆر کەم باران دەبارێت.

(86) شەوێ براکەم مێزەکەی لە ژوورەوە بردە ناو باخچەکە.

---

1 . یووسف شەریف سەعید. (2009)، ل25.

2 . هەمان سەرچاوە، ل25.

* زاراوەی ئەم دۆخە (Object) نابێ لەگەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆ تێکەڵ بکرێ، هەروەها نابێ لەگەڵ دۆخی (accusative)دا هاوواتا بێت.

3 . یووسف شەریف سەعید. (2009)، ل26.

**٦-دۆخی شوێن** (**Locative**):

دۆخی شوێن ئەو فرێزە ناوییانە دەگرێتەوە، کە شوێنی ڕوودانی کار نیشان دەدەن. دۆخی شوێن لەگەڵ زۆربەی دۆخەکانی تردا دێت[1]. وەك:

(87) لە زانکۆ فێری زانست دەبین .

(88) کرێکارەکان لە کارگەی شەکر کاردەکەن.

(89) ئەم گوندە گەورەیە.

(90) جووتیارەکە لە ژێر کەپرەکەدا نان دەخوات.

**7-دۆخی ئامانج** (**Goal**):

ئەم دۆخە ئەو شوێنە یا خاڵەیە، کە هەندێ شت بۆی دەڕۆن، یان دەکشێن، واتە دۆخی ئامانج دەستنیشانی کۆتایی باس، یان بار (**State**) یا کاتێکی دیاریکراو، یا شوێنێك دەکات[2]. کە کردارەکە بۆی ئاراستە دەکرێ[3]، جا ئەگەر کارەکە ئیرادی بێت، یان نائیرادی، ئەبستراکت بێت یان بەرجەستە، ئەو کارە کۆتایی هاتبێت یان نەهاتبێت[4]، وەك:

(91) کاوە بوو بە ئەندازیار

(92) تا کاتژمێر دەی شەو دەم خوێند.

**٨-دۆخی سەرچاوە** (**Source**):

دۆخی سەرچاوە واتە خاڵی دەستپێکردنە، یا شوێنی دەستپێکردنی شتێکە، ئەم خاڵەش یا باسە، یان بارە، یان شوێن. تایبەتمەندیی ئەم دۆخەش لەوەدایە کە لەگەڵ ئەو کارانەدا دێت کە (جووڵە) یان ڕووی کار (ئاراستە) نیشان دەدەن[5]:

(93) ئەم دەرگایە لە دار دروست کراوە.

(94) قوتابییەکان لە کارگە گەڕانەوە.

(95) لە هەولێرەوە بەرەو شەقلاوە کەوتینە ڕێ.

(96) لە پارەوە تا ئەمساڵ بەتەمای تۆین .

---

1 . یووسف شەریف سەعید. (2009)، ل27.

2 . هەمان سەرچاوە، (2009)، ل27.

3 . سەباح ڕەشید قادر. (2009)، ل125.

4 . حاتەم ولیا محەمەد. (2009)، ل97.

5 . هەمان سەرچاوە، (2009)، ل98.

**٩-دۆخی سوودمەند** (Benefactive)[*]:

بەو کەسە دەوترێ کە پێی دەچێت سوودی لە کارێك یان ڕووداوێك وەرگرتبێت**، کارەکەش بە شێوەیەك ئەنجام دەدرێت کە سوودێکی پێ بگەیەنێت. جا ئەگەر سوودەکە بە سوودمەند بگات یان نەگات[1]. هەردەم سیمای <+زیندوو> وەردەگرێ[2]، وەك:

(97) کتێبەکەیان بۆ ئێمە هێنا.

(98) نامەکەی بۆ باوکی خوێندەوە.

(99) شوان سێوەکەی دا بە شەماڵ (سوودمەند).

**١٠-دۆخی کات** (Temporal):

دۆخی کات ئەو فرێزە ناوییانە دەگرێتەوە، کە کاتی ڕوودانی کارێك نیشان دەدەن. لەو دۆخانەشە کە لەگەڵ زۆربەی دۆخەکانی تردا لە ڕستەدا ڕێك دەکەوێت[3]. وەك:

(99) چێشتەکەیان دوێنێ نێوەڕۆ خوارد.

(100) قوتابییەکان سبەینێ دەچن بۆ قوتابخانە.

(101) لە بەهاردا ئێمە دەچین بۆ سەیران.

(102) بەیانی دەچین بۆ سۆلاف.

---

* ئەم دۆخە لەو دۆخانەیە کە فیلمۆر خۆی زۆر بڕوای لەسەر نییە و لێی دوودڵە، یووسف شەریف سەعید. (2009)، ل99.

** سوودی پێ بگەیەنێت یان زیانی لێ بدات، ئازاد ئەحمەد حوسێن. (**2008**)، سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامیدا، دکتۆرانامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ل**29**.

1 . حاتەم ولیا محەمەد. (2009)، ل97.

2 . سەباح ڕەشید قادر. (**2009**)، ل**127**.

3 . یووسف شەریف سەعید. (2009)، ل29.

**١١-دۆخی هاوڕێیەتی** (**Comitative**)*:

دۆخی هاوڕێیەتی ئەوە بەدیار دەخات، کە دوو گیانلەبەر لە کارێك یان ڕووداوێك بەشداری دەکەن، دۆخی هاوڕێیەتی بەپێی کاری ڕستە لەگەڵ چەند دۆخێکی تردا ڕێك دەکەوێت[1]، وەك:

(103) شەونم لەگەڵ شەهلا ڕۆیشت.

(104) شەونم بە شەو لەگەڵ براکەی ڕۆیشت بۆ سینەما.

(105) ئەم نامەیە بەیانی بە زمانی کوردی و عەرەبی لە هەولێر بڵاودەکرێتەوە.

**١٢-دۆخی ڕێڕەو** (**Path**):

دۆخی ڕێڕەو وەك دۆخێکی سەربەخۆ لەگەڵ دۆخەکانی تردا دانراوە. ئەو فریزە ناوییەی کە دەبێتە ڕێڕەو مەرجە هەر نازیندوو بێت[2]، بۆ نموونە:

(106) نەریمان بە درێژایی ڕێگاکە گۆرانیی دەگوت

(107) شرین بەدەو ڕووبارەوە گۆرانیی دەگوت.

(108) دزەکان لەگەڵ بەرەبەیاندا ڕایان کرد.

(109) منداڵەکان بە شاخەکەدا چوونە ئەودیو.

---

* ئەم دوخە لای فیلمۆر لە دۆخە ناچەسپاوەکانە، چونکە گومان و دوودڵییەکی زۆری لەسەر هەیە. لە بەرهەمە تازەکانیدا پشتگوێی خستووە و ناوی نەبردووە. یووسف شەریف سەعید. (2009)، ل30.

1 . یووسف شەریف سەعید. (2009)، ل29-30.

2 . هەمان سەرچاوە، ل30.

# بەشی سێیەم

# سیستەمە دۆخییەکان

## سیستەمە دۆخییەکان

لە ڕێزمانی هەموو زمانەکاندا، کاری تێپەڕ دوو ئارگیومێنت وەردەگرێت (بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ)، کاری تێنەپەڕیش تەنیا یەك ئارگیومێنت وەردەگرێت، کە بکەرە. سیستەمە دۆخییەکان هێمای دیاریکراو بەکار دێنن بۆ ئاماژەکردن بە بکەری کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ. بکەری کاری تێنەپەڕ پێی دەوترێت (subject- بکەر) هێماکەشی (S)ە، کە تاکە ئارگیومێنتی کارەکەیە. بکەری کاری تێپەڕیش پێی دەوترێت (Agent- کارا) هێماکەشی (A)یە، بەرکاری ڕاستەوخۆی کاری تێپەڕیش (Object)ە و هێماکەی (O)یە، کە هەردوو ئارگیومێنتی کارەکەن[1].

فیلمۆر دوو ڕۆڵی سەرەکی دۆخی وەرگرتووە کە پەیوەستن بە پۆلێنکردنی زمانە جیهانییەکان و ئەوانیش: دۆخی کارا و دۆخی بەرکارن. لە سەیرکردنی ئەوەی کە چۆن زمانەکانی جیهان ئەم دوو دۆخە دەردەخەن لە جۆرە سەرەکییەکانی کلۆزدا، فیلمۆر گەیشتە ئەو دەرئەنجامە کە لە پۆلێنکردنی جۆرەکانی زمان، پێنج جۆری جیاواز لە سیستەمی دۆخیمان دەبێت. هەرچەندە دواتر لە تەواوی پۆلێنکردنەکاندا دوو سیستەمی دۆخی دژ بەیەك هەیە[2]. ئەوانەش: سیستەمی دۆخی نۆمینەتیڤ- ئەکیوزەتیڤ (Nominative- Accusative) و سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤ- ئەبسلوتیڤە (Ergative- Absulative). ئەو سێ سیستەمەکەی دیکە دەگمەنن، کە ئەوانەش:

### 1-سیستەمی سێ لایەنی (Tripartite)

لەم سیستەمە دۆخییەدا بکەری کاری تێپەڕ (A) و تێنەپەڕ (S) و بەرکار (O) هەر یەکەیەیان شێوەیەکی تایبەت بە خۆیان و جیاواز لە یەکتریان هەیە، واتە هەر یەکەیەکیان نیشانەیەکی دۆخی تایبەت وەردەگرن، ئەم سیستەمە زمانییە سیستەمێکی بەدەگمەنە[3].

---

1 . Parker, F. & Riley K. & Meyer C., (1988), Case assignment and the ordering of constituents in coordinate constructions, American Speech, Vol. 63 No.3, P.217.

2 . Butt M., (2007), Modern Approaches to Case: an Overview, Universit¨at Konstanz, P.4.

3 . مزگین عەبدولرەحمان ئەحمەد. (٢٠٠٦)، ل23-24.

## 2-**سیستەمی کەمباو** (Accusative focus)


**لەم سیستەمە دۆخییەدا بکەری کاری تێپەڕ (A) و بەرکار (O) یەك نیشانەی دۆخیان هەیە. بکەری کاری تێنەپەڕیش (S) نیشانەیەکی جیاوازی دەبێت، واتە بکەر کاری تێپەڕ (A) و بەرکار وێنەیەکی یەکسانیان دەبێت، بەڵام بکەری کاری تێنەپەڕ جیاواز دەبێت[1].**

## 3-**سیستەمی نیۆترال** (Neutral)

**لەم سیستەمە دۆخییەدا بکەری کاری تێپەڕ (A) و تێنەپەڕ (S) وێنەیەکی یەکسانیان لەگەڵ بەرکار (O) هەیە، هەموویان یەك نیشانەی دۆخیان هەیە[2].**

**هێڵکاریی ژمارە (1) چۆنیەتی سیستەمی دۆخی نۆمینەتیڤ-ئەکیوزەتیڤ و ئێرگەتیڤ-ئەبسلوتیڤ ڕوون دەکاتەوە، کە (A) کارایە، بکەری کارێکی تێپەڕە، (S) بکەری کارێکی تێنەپەڕە، (O) بەرکاری کارێکی تێپەڕە:**

**هێڵکاری ژمارە (1) سیستەمە دۆخییەکان**




1 . مزگین عەبدولرەحمان ئەحمەد. (٢٠٠٦)، ل24.

2 . هەمان سەرچاوە، ل24.

## سیستەمی دۆخی نۆمینەتیڤ- ئەکیوزەتیڤ:

زاراوەی نۆمینەتیڤ (Nominative)، واتە دۆخی بکەری بۆ زمانی کۆنی فەرەنسی دەگەڕێتەوە کە لە سەدەی شازدە پێی دەگوترا (Nominatif)، زمانی کۆنی فەرەنسیش وشەکەی لە زمانی کۆنی لاتینی وەرگرتووە لە سەدەی چواردە (Nominativus). لە هەردوو زمانی کۆنی فەرەنسی و لاتینی کۆن بە واتای ئەوە دێت (بە ناوە بەستراوەتەوە، ناودەنێت). لە سەردەمی ئێستادا زاراوەی (Nominative) واتای نیشاندانی دۆخێکی ڕێزمانی دەدات[1].

زاراوەی ئەکیوزەتیڤ (Accusative) کە واتای دۆخی بەرکاری دەدات، بۆ زاراوەی (Accusatif)ی (Anglo-French) ئەنگلۆ-فەرەنسی دەگەڕێتەوە لە ناوەڕاستی سەدەی پازدە. ئەنگلۆ-فەرەنسی ئەم زاراوەی لە زمانی کۆنی فەرەنسی وەرگرتووە (Acusatif)، زمانی کۆنی فەرەنسیش ئەم زاراوەی لە زمانی کۆنی لاتینی وەرگرتووە (Accusativus). لە سەردەمی ئەمڕۆدا ئەم زاراوەیە واتای دۆخێك دەدات کە بەرکاری ڕاستەوخۆی کارێکە یان بەرکاری پریپۆزشنێکە[2].

سیستەمی دۆخی دۆخی نۆمینەتیڤ-ئەکیوزەتیڤ فۆرمێکی ڕێزکردن و یەکگرتنێکی مۆرفۆسینتاکسیە کە تێیدا بکەری کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە یەکتری جیاکراونەتەوە و لە بەرکاری کاری تێپەڕیش جیاکراونەتەوە. ئەم جیاکردنەوەی بکەر و بەرکارە لە ڕێگەی ڕیزبوونی وشە، یان دیارخەری دۆخی (نیشانەی دۆخ)، ڕێکەوتنی بکەر و کار یان بکەر و بەرکارەوە دەخرێتەڕوو[3]. ئەم سیستەمە بە یەکێك لە سیستەمە سەرەکییەکانی زمانە جیهانییەکان دادەنرێت، زۆر جاریش بە سیستەمی ئەکیوزەتیڤ دەناسرێ[4].

ئەو زمانانەی کە سیستەمی دۆخی بکەری-بەرکارییان هەیە ئارگیومێنتی بکەری (S) کاری تێنەپەڕ و بکەری کاری تێپەڕ (A) بە هەمان شێوە هێما و نیشانەی دەخرێتە سەر و بەرکاری

1 . Online Etymology Dictionary:
www.etymonline.com/index.php?allowed_in_frame=0&search=nominative
2 . Online Etymology Dictionary:
www.etymonline.com/index.php?allowed_in_frame=0&search=accusative
3 . Parker, F. & Riley K. & Meyer C., (1988), P. 216.
4 . ڤیان ئیبراهیم عەلی ئیبو. (2015)، دۆخ د زمانێ کوردیدا- گوڤەرا بەهدینی، دکتۆرانامە، سکولی ئاداب، زانکۆی دهۆك، ل56.

کاره تێپەڕەکەش (O) بە شێوەیەکی جیاوازتر لە بکەری کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ هێما و نیشانە دەخرێتە سەر. ئەمەش پێچەوانەی ئەو زمانانەن کە سیستەمی دۆخی ئێرگەتیف- ئەبسلوتیڤ (Ergative-absolutive)یان هەیە، کە تیایاندا بەرکاری ڕاستەوخۆی کاری تێپەڕ (O) و بکەری کاری تێنەپەڕ (S) بەهەمان شێوە هێما و نیشانەی دیارخەری دۆخیان دەخرێتە سەر، لە کاتێکدا بکەری کاری تێپەڕ (A) بە شێوەیەکی جیاوازتر لە بکەری کاری تێنەپەڕ و بەرکاری کاری تێپەڕ هێما و نیشانەی دیارخەری دۆخی وەردەگرێت[1].

واتە لەم سیستەمەدا هەردوو ئارگیومێنتی بکەر و کارا لە یەك دۆخدا کۆ دەبن و یەك دۆخ وەردەگرن کە دۆخی بکەرییە، بەڵام بەرکارەکە دۆخی ناڕاستەوخۆی پێی دەدریت وەك لەم شێوەی خوارەوەیە:

| دۆخی بکەری | دۆخی بەرکاری |
|---|---|
| بکەر<br>کارا | بەرکار |

ئەمە ئەوە دەردەخات کارەکە تێپەڕ بێ یا تێنەپەڕ، بکەر هەمان سیمای مۆرفۆلۆژیی هەیە وەك لە زمانەکانی لاتینی و ئینگلیزی و عەرەبی[2]. بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا:

| کاری تێپەڕ | کاری تێنەپەڕ |
|---|---|
| (1) اكل الولدُ التفاحةَ | (3) نام الرجلُ |
| (2) كتبت البنتُ الدرسَ | (4) اشرقت الشمسُ |

لە زمانی ئینگلیزیدا:

| کاری تێپەڕ | کاری تێنەپەڕ |
|---|---|
| **(7) The boy eat an apple** | **(5) The man slept** |
| **(8) The girl wrote the lesson** | **(6) The sun shone** |

1 . **Parker, F. & Riley K. & Meyer C., (1988), P.217.**

2. ڤیان سلێمان حاجی. (2009)، کەرەستە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە-شێوەزاری کرمانجی سەروو، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل115.

## سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤ- ئەبسلوتیڤ:

زمانی ئێرگەتیڤ-ئەبسلوتیڤی (Ergative-absolutive) دەکرێت تەنیا پێشی بوترێت زمانی ئێرگەتیڤی. زمانی ئێرگەتیڤی ئاماژە بە زمانێك دەکات کە تێیدا تاکە ئارگیومێنتێك کە بکەری کاری تێنەپەڕە (S) وەکو بەرکاری کارێکی تێپەڕ (O) هەڵسوکەوت دەکات. بە واتایەکی تر، بکەری کارێکی تێنەپەڕ (S) جیاواز لە کارای کاری تێپەڕ (A) ڕەفتار دەکات، بەڵکو زیاتر وەکو بەرکاری کارە تێپەڕەکە (O) ڕەفتار دەکات[1].

واتە لەم سیستەمەدا نیشانەی دۆخ هەردوو ئارگیومێنتی بکەر و بەرکار پێکەوە کۆ دەکاتەوە و دۆخی ڕەها (ئەبسلوتیڤ)یان پێ دەبەخشێت. بەڵام بە کاراکە دۆخی ئێرگەتیڤی دەبەخشێت[2]، وەك لە خوارەوە دیاری دەکرێت:

| دۆخی بکەری | دۆخی بەرکاری |
|---|---|
| بکەر<br>بەرکار | کارا |

لە زۆربەی زمانە ئێرگەتیڤییەکان تەنیا بکەری کاری تێپەڕ (A) دیارخەری دۆخی (نشانەی دۆخی) ئێرگەتیڤی وەردەگرێت، نەك بکەری کاری تێنەپەڕ (S). ئەمەش کیشەی ئەوە دروست دەکات کە بکەری کاری تێنەپەڕ نابێتە کارا و دیارخەری دۆخی ئێرگەتیڤی وەرناگرێت[3]. بۆ نموونە ڕستەی (کلیلەکە دەرگاکەی کردەووە) لە زمانی باسکی (Basque)دا:

**(9) Giltza-k atea-Ø ireki zuen**

| Giltza- | k | atea | -Ø | ireki | zuen |
|---|---|---|---|---|---|
| key- | ERG | door | .NOM | open | AUX |
| ناوی کلیل | دیارخەری دۆخی ئێرگەتیڤی | ناوی دەرگا | دیارخەری دۆخی نۆمینەتیڤی Ø | کاری کردنەوە | کاری یارمەتیدەر |

1 . Anderson, S., (1976), P.3.

2. ڤیان سلێمان حاجی. (2009)، ل116.

3 . Woolford, E., (1997), Four-way case systems: ergative, nominative, objective, and accusative. Natural Language and Linguistic Theory 15, Volume 15, Issue 1, P181–227.

سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی زمانە ئێرگەتیڤییەکان دیکسن دەڵێت: ئێرگەتیڤیتی لە چواریەکی زمانەکانی جیهاندا هەیە. سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی لە ڕووی جوگرافیشەوە بەربڵاوە و لە خێزانی ژمارەیەك زمانی جیهانیدا هەیە. سەرەڕای زمانە میایانیەکان، لە زمانە قەفقاسییەکان (Caucasian) و ڕۆژهەلاتی ئەوروپادا هەیە، هەروەها لە زمانی پاما نیانگان (Pama-Nyungan) و ئوستراڵیا و باسك و ئیسکیمۆ (Eskimo)دا هەیە. لە ئەمریکای باکووریش لە زمانەکانی تسیشیان (Tsimshian) و چینووك (Chinook)دا هەیە، لە ئەمریکای باشووریشدا لە زمانەکانی پانۆن (Panoan) و ماکو (Maku) و چیبچان (Chibchan) و کاریب (Carib)دا هەیە. سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی لە زمانە ئەفریقیەکاندا زۆر دەگمەنە، تەنیا لە هەندێك لە زمان لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای نیل (Western Nilotic)دا هەیە[1].

هەروەها مکگرێگۆر دەڵێت: بڵاوبوونەوەی زمانە ئێرگەتیڤییەکان تایبەتە بە هەندێك ناوچەی دیاریکراوەوە لە جیهاندا. وەکو ناوچەکانی قەفقاس، چەند ناوچەیەکی ئەمریکای باکوور، تیبت، و چەند ناوچەیەکی ئاسیا.

- <u>ناوچە قەفقاسییەکان:</u>

وەك زمانی هوری، زمانی ئوراتی و زمانی سۆمەڕی کە لەناوچووە. زمانی جۆرجی، زمانی چیچانی و زمانی کوردی (گۆرانی، سۆرانی، زازای، کرمانجی)*.

- <u>زمانە ئەمریکییەکان:</u>

زمانی چیبچانی، زمانە چینووکەکان، زمانە ئیسکیمۆیەکان، زمانی مایان، زمانە پانۆنیەکانی وەکو بەرازیلی و پرۆیی و بۆلیڤی.

- <u>زمانە ئوستراڵییەکان:</u>

زۆربەی هەرە زۆری زمانە ڕەسەنەکانی ئوستراڵیا، وەك زمانی دیربال، زمانی وانکومارا.

- <u>ئەوروپا:</u>

باوترین زمانی ئێرگەتیڤی لە ئەوروپا بریتیە لە زمانی باسکی.

---

1 . Dixon, R. M. W., (1994), Ergativity, Cambridge, Cambridge University Press, P.4-5.

* توێژەی ئەم توێژینەوەیە، زمانی کوردی بە زمانێکی قەفقاسی دانانێت.

هەندێك زمانیش ئێرگەتیڤییەکەیان سنوورداره، وەکو زمانی پشتوو هیندی. لە هەندێك زمانی وەکو جۆرجیشدا دۆخی ئێرگەتیڤی تەنیا لە دەمی تەواودا دەردەکەوێت وەکو ڕانەبردوو و ڕابردووی تەواو. هەندێك زمانی تر، وەك: زمانە فلیپینییەکان تاوەکو ئیستا ئێرگەتیڤییەکەیان کۆدەنگی لیکۆڵەرەوانی لەسەر نییە[1].

## بەراوردێکی سیستەمی (نۆمینەتیڤ ئەکیوزەتیڤ) و (ئێرگەتیڤ-ئەبسلوتیڤ) و نموونەی لە چەند زمانێکی جیهاندا

وەك پێشتر وترا، ئەوەی کە باوە لەنێو زمانەکانی جیهاندا ئەوەیە کە بە شێوەیەکی گشتی زمانەکان لە ڕووی هەبوونی سیستەمی دۆخەوە بەسەر دوو گرووپی سەرەکیدا دابەش دەبن. ئەمەش بە گوێرەی ئەو ستراتیژییەتانەی کە زمانەکان بەکاری دێنن لە دیارخستنی پەیوەندییەکانی دۆخ لەنێوان کار و ئارگیومێنتەکانی.

هەندێك زمان بە زمانی بکەری (Nominative) دادەنرێن، لەو زمانانە ئارگیومێنتی کارێکی تێنەپەڕ بکەرێکی تێنەپەر وەردەگرن، کە هەمان دۆخی ڕۆڵە کاراکەی کارێکی تێپەڕ کە ئەو ڕۆڵە کارایە جیا دەکرێتەوە لە ڕۆڵە کارتێکراوەکەی هەمان کار. بە ڕۆڵە کاراکە دەوترێت نۆمینەتیڤ (دۆخی بکەری) بە ڕۆڵە کارتێکراوەکەش دەوترێت ئەکیوزەتیڤ (دۆخی بەرکاری). سەرەڕای هەبوونی دۆخی (نۆمینەتیڤ ئەکیوزەتیڤ)، هەندێك زمانی تر هەن کە پێیان دەوترێت ئێرگەتیڤ کە پەیڕەوی ستراتیژیەتی جیاواز لە زمانە نۆمینەتیڤ ئەکیوزەتییەکان دەکات. لە زمانە ئێرگەتیڤییەکاندا ئارگیومێنتی سەرەکی کارێکی تێنەپەڕ هەمان دۆخی ئارگیومێنتە کارتێکراوەکەی کارێکی تێپەڕی هەیە کە پیی دەوترێت ئەبسلوتیڤ (ڕەها). لە کاتێکدا ڕۆڵە کاراکە دۆخیکی جیاواز وەردەگرێت کە پێی دەوترێت ئێرگەتیڤ[2].

---

1. McGregor, W. B., (2010), Optional ergative case marking systems in a typological-semiotic perspective, Lingua, Volume 120, Issue 7, P.1618.
2. Cocchi, G., (2010), nominative and ergative languages:towards a unified theory of case checking. Publication Date: 2010-04-28, an international journal of syntactic research Syntaxis -- V. 02, P.104.

سەرەڕای ئەو دوو جۆرە دۆخە، زمانی وا هەیە کە سیستەمیکی دۆخی تێکەڵی هەیە، یان زمانی وا هەیە کە پەیڕەوی ستراتیژییەتەکانی هەردوو جۆرە دۆخەکە دەکات لە پێکهاتە جیاوازەکانی ڕستەکانیدا. ئەو زمانانەی کە هەردوو جۆرە دۆخیان هەیە، ڕێگە بەوە دەدەن کە لە پێشینەیی بدرێت بە دۆخێکیان لەسەر دۆخەکەی تریان، ئەم لە پێشینەپێدانەی دۆخێکیش لەلایەن سیفەتی دیاریکراوەوە دەستنیشان دەکرێت، وەکو سیفەتەکانی کەس، بکەر، دەمکات. لەوانەیە هەر دوو جۆرە دۆخەکەش بەیەکەوە لە زمانێکدا دەربکەون، لەم بارەدا بە دۆخەکە دەوترێت ئێرگەتیڤی قڵیشاو (Split Ergative)، هەروەها ئێرگەتیڤی (کاتی)، (شکاو، شکەستی)یشی پێ دەوترێ[1].

تەنانەت هەندێك زمانەوان بۆچوونیان وایە کە هیچ زمانێکی ئێرگەتیڤی، ئێرگەتیڤی تەواو نییە، بەڵکو بە جۆرێك لە جۆرەکانی قڵیشان لە ئێرگەتیڤییەکەیدا هەیە. ئەمەش واتە زمانەکە هەرچەند مەیلی بەهێز بێت بۆ هەبوونی دۆخی ئێرگەتیڤ-ئەبسلوتیڤی، ئەوا دەبێت لە هەندێك لە پێکهاتەکانیدا دۆخی (نۆمینەتیڤ ئەکیوزەتیڤ) هەبێت، ئەمەش قڵیشان دەخاتە نێو دۆخە (ئێرگەتیڤ-ئەبسلوتیڤ)ەکە[2].

زمانە ئێرگەتیڤییەکان بە جۆرێك پۆلێن دەکرێن کە ئارەزووی ئەوە دەکەن نیشانەی دۆخ بخەنەسەر کارای کارەکە و بەرکارەکەشیان یان لە دۆخی بکەری (نۆمینەتیڤ) یان ئەبسلوتیڤیدا بێت. نیشانەی دیارخەری دۆخی ئەم نۆمینەتیڤە یان ئەبسلوتیڤەش ئارەزووی ئەوە دەکات کە هەمان شت بێت لەگەڵ نیشانەی دیارخەری دۆخی بکەری کارێکی تێنەپەڕ. بەپێچەوانەوە، ئەو زمانانەی کە وەکو ئەکیوزەتیڤ پۆڵێندەکرێن بەرکارەکەیان بەوە جیادەکرێتەوە کە لەدۆخی ئەکیوزەتیڤی دایە و بەشێوەیەکی گشتیش بکەری کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە دۆخی نۆمینەتیڤیدایە، وەکو لە زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانیدا[3].

لە خشتەی ژمارە (1) بەراوردێك نێوان هێما و نیشانەی دۆخ کە لەو زمانانەی کە سیستەمی دۆخی (نۆمینەتیڤ ئەکیوزەتیڤ)یان هەیە، لەگەڵ ئەو زمانانەی کە سیستەمی دۆخی

---

1 . Samî Tan. (2005), Rêziman û rastnivîsa zaravayê Kurmancî, Enstîtuya Kuydî ya Stenbolê, çapxaneya İmaj matbaacilik, Stenbol, L.65.
2. Cocchi, G., (2010), P.105.
3 . Butt M., (2007), P.4.

(ئێرگەتیف-ئەبسلوتیف)یان هەیە. خشتەکە دەری دەخات کە لە هەر سیستەمیکی دۆخیدا کامە لە ئارگیومێنتەکان نیشانەی دۆخی وەك یەك وەردەگرن، کامە ئارگیومێنتیش نیشانەی دۆخی جیاوازتر لەوان وەردەگرێت.

**خشتەی (1) بەراوردێک نێوان هێما و نیشانەی دۆخ لە هەردوو سیستەمی دۆخ**

| سیستەمی دۆخی بکەری-بەرکاری (Nominative-accusative) | | سیستەمی دۆخی ئێرگەتیف-ڕەها (Ergative-absolutive) | |
|---|---|---|---|
| A S | O | A | S O |
| Nominative | Accusative | Ergative | Absolutive |
| دیارخەری دۆخی بکەری کاری تێنەپەڕ و بکەری کاری تێپەڕ وەك یەکە | دیارخەری دۆخی بەرکاری کاری تێپەڕ وەردەگرێت و جیاوازە | دیارخەری دۆخی بکەری کاری تێپەڕ جیاوازە و پێی دەوترێت ئێرگەتیف | دیارخەری دۆخی بەرکاری کاری تێپەڕ و بکەری کاری تێنەپەڕ وەك یەك و پێی دەوترێت ئەبسلوتیف |

ئەگەر زمانێك سیستەمی (Nominative-accusative)ی هەبێت و ئەو سیستەمەشی بە هۆی دیارخەری مۆرفۆلۆژیەوە بخاتەڕوو، ئەوا ئارگیومێنتەکانی بکەری کاری تێنەپەڕ (S) و بکەری کاری تێپەڕ (A) لە دۆخی بکەری (نۆمینەتیفی)دا دەردەکەون. ئارگیومێنتی بەرکاری کاری تێپەڕ (O) لە دۆخی بەرکاری (ئەکیوزەتیفی)دا دەردەکەوێ، یان بە شێوەی دۆخی ناڕاستەوخۆ (Oblique) دەردەکەوێت. لەوانەیە زیاتر لە دۆخێك هەبێت کە ڕۆڵە ئەکیوزەتیفییەکە جێبەجێ بکات، وەکو لە زمانی فینلەندیدا کە دەکرێت بەرکاری کارە تێپەڕەکە یان دۆخی ئەکیوزەتیفی هەبێت یان دۆخی (Partitive) پارتیتڤی هەبێت[1].

1 . Parker, F. & Riley K. & Meyer C., (1988), P. 223.

## تایبەتمەندیی زمانە ئێرگەتیڤییەکان:

1-وشـەی (بـکەر)، کە لە زمـانە نۆمینەتیـڤ-ئەکیوزەتیڤییەکـان بـۆ ئامـاژەدان بە بـکەری کـاری تێـنەپەڕ (S) و کـارای کـاری تێـپەڕ (A) بەکـار دەهـات، شـتێکی نەکـراو نەشـیاوە کە بـۆ زمـانە ئێرگەتیف-ئەبسلوتیڤیەکان بەکار بێت.

٢-ڕیزبوونی وشەیی زمانە ئێرگەتیڤییەکان یان (SOV)، واتە (بکەر-بەرکار-کار)ە، یـان (VSO)، واتە (کار-بکەر-بەرکار)ە. زۆر بە کەمی ڕیزبوونی وشەییان (SVO)، واتە (بکەر-کار-بەرکارە)[1].


3-جیـــاوازی بەرچـــاوی زمـــانە ئێرگەتیـــڤ-ئەبســـلوتیڤەکان لەگەڵ زمـــانە نۆمینەتیـــڤ-ئەکیوزەتیڤەکـــان ئەوەیە کە زمـــانە ئێرگەتیڤەکـــان بـــۆ (بەرکـــار)ی کـــارێکی تێـــپەڕ و تـــاکە ئارگیومێنتی کار تێنەپەڕ کە (بکەر)ەکەیەتی وەکو یەك ڕەفتار دەکەن، لەو کـاتەی ئـارگیومێنتە (کـارا)کەی کـارە تێـپەڕەکە لەوان جیـاواز ڕەفتـار دەکـات. لە کاتێـکدا لە زمـانە نۆمینەتیـڤ-ئەکیوزەتیڤەکاندا تاکە ئـارگیومێنتی کـاری تێـنەپەڕ (بـکەرەکەی) و ئـارگیومێنتی (کـارا)ی کـاری تێـــپەڕ وەکـــو یەك ڕەفتـــار دەکەن، لەو کـــاتەی ئـــارگیومێنتە (بەرکـــار)ەکەی کـــاری تێـــپەڕ لە هەردووکیان جیاوازتر ڕەفتاری دەکرد[2].

4-کـارای کـاری تێـپەڕی زۆربەی زمـانە ئێرگەتیڤییەکـان دیـارخەری دۆخـی (نیشـانەی دۆخـی) ئێرگەتیڤی وەردەگرن، بەڵام ئەمە مەرجێك بۆ دیاریکردنی ئێرگەتیڤیتی زمانەکان.

هێڵکـــاریی (2) سیســـتەمی دۆخ لە زمـــانی ئێرگەتیـــڤ-ئەبســـلوتیڤ و زمـــانی نۆمینەتیـــڤ-ئەکیوزەتیڤ ڕوون دەکەنەوە:

---

1 . Comrie, B., (1978). Ergativity, Syntactic typology, Studies in the phenomenology of language, Austin, University of Texas Press, P. 337.
2 . Comrie, B., (1978)., P.338.




**هێڵكارى ژمارە (2) سيستەمى دۆخ لە زمانى ئێرگەتيف-ئەبسلوتيڤ و زمانى نۆمينەتيف-ئەكيوزەتيڤ**

ئەگەر بەراوردى ئەم هيلكاريە بكرێ، خشتەى ژمارە (2)مان بۆ دەردەچيت:

**خشتەى (2) بەراوردێک ئارگيومێنتەكانى كار لە هەردوو سيستەمى دۆخ**

| ئارگيومێنت | ئێرگەتيف-ئەبسلوتيڤ | نۆمينەتيف-ئەكيوزەتيڤ |
|---|---|---|
| كاراى كارى تێپەڕ (A) | ئێرگەتيف | نۆمينەتيف |
| بكەرى كارى تێنەپەڕ (S) | ئەبسلوتيف | نۆمينەتيف |
| بەركارى كارى تێپەڕ (O) | ئەبسلوتيف | ئەكيوزەتيف |

## سیستەمەکانی دۆخ لە ڕووی مۆرفۆلۆژی و لە ڕووی نیشانەی دیارخەریی دۆخەوە

سەبارەت بەم دۆخە سەرەکییەکان، دکسۆن دەڵێت: دەکرێت لە ڕووی مۆرفۆلـۆژی و لە ڕووی نیشانەی دیارخەریی دۆخەوە باسی دۆخی نۆمینەتیف-ئەکیوزەتیف و ئێرگەتیف-ئەبسلوتیف بکرێ. بۆ نموونە:

### أ- نۆمینەتیف-ئەکیوزەتیف (لە ڕووی مۆرلۆفۆژییەوە)

بە تەماشکردنی خشتەی ژمارە (3) کە تێیدا بەراوردی نێوان بکەری کاری تێنەپەڕ و کارا و بەرکاری کاری تێپەڕ لە زمانی ئینگلیزیدا، دەبینرێ کە لە ڕۆڵەکانی کارای کاری تێپەڕ و بکەری کاری تێنەپەڕ هەمان دۆخیان هەیە و بەیەك دەچن، لە کاتێکدا ڕۆڵە بەرکارەکەی کاری تێپەڕیش دۆخی جیاواز لە ڕۆڵەکانی کارای کاری تێپەڕ و بکەری کاری تێنەپەڕ وەردەگرن. ئەم بارەش دۆخی نۆمینتەڤ-ئەکیوزەتیڤە، بەڵام بە هۆی گۆڕانی فۆرمی وشەوە.

**خشتەی (3) بکەری کاری تێنەپەڕ و کارا و بەرکاری کاری تێپەڕ لە زمانی ئینگلیزیدا**

| کارا و بەرکاری کاری تێپەڕ | | بکەری کاری تێنەپەڕ | |
|---|---|---|---|
| I met him | من ئەوم بینی | I left | من ڕۆیشتم |
| He met her | ئەو ئەوی بینی | He left | ئەو ڕۆیشت |
| She met me | ئەو منی بینی | She left | ئەو ڕۆیشت |
| A O<br>کارا بەرکار | | S<br>بکەر | |

### ب- نۆمینەتیف-ئەکیوزەتیف (بەهۆی دیارخەری دۆخییەوە)

لە خشتەی ژمارە (4)دا کە تێیدا بەراوردی نێوان بکەری کاری تێنەپەڕ و کارا و بەرکاری کاری تێپەڕ لە زمانی لاتینیدا، کە ڕۆڵەکانی کارای کاری تێپەڕ و بکەری کاری تێنەپەڕ هەمان دەرخەری دۆخی وەردەگرن، کە پاشگری (us)ە. لە کاتێکدا بەرکاری کاری تێپەڕەکە دیارخەری

دۆخی وەردەگرێ کە پاشگری (um)ە، ئەم بارەش هەم دیسان نۆمینتەڤ- ئەکیوزەتیڤە بە هۆی نیشانەی دۆخ (دیاخەری دۆخی)یەوە.

**خشتەی (4) بکەری کاری تێنەپەڕ و کارا و بەرکاری کاری تێپەڕ لە زمانی لاتینیدا**

| کارا و بەرکاری کاری تێپەڕ | | بکەری کاری تێنەپەڕ | |
|---|---|---|---|
| domin-us serv-um audi-t | خاوەنشکۆ کۆیلەکە دەبیستێ | Domin-us en-it | خاوەنشکۆ دێت |
| serv-us domin-um audi-t | کۆیلەکە خاوەنشکۆ دەبیستێ | Slave-us ven-it | کۆیلەکە دێت |
| A O<br>کارا بەرکار | | S<br>بکەر | |

**ت- ئێرگەتیڤ-ئەبسلوتیڤ (لەڕووی مۆفۆلۆژییەوە)**

لە زمانی دێربالْدا کە لە خشتەی (5)دا خراوەتە ڕوو وشەی (دایك) دوو فۆرمی هەیە فۆرمی یەکەم کە (Yabu)ە فۆرمە بکەرەکەی ڕستەی تێنەپەڕەکەیە و لە هەمان کاتیشدا هەمان فۆرم بەرکاری ڕستە تێپەڕەکەیە. لە کاتێکدا فۆرمی دووەم کە (Yabu-Ngu) فۆرمە کاراکەی رستە تێپەڕەکەیە. هەروەها دەبینین کە وشەی (باوك)یش دوو فۆرمی هەیە: فۆرمی یەکەمیان (Numa) ە، کە بکەری ڕستەی تێنەپەڕەکەیەو لەهەمان کاتیشدا هەمان فۆرم بەرکاری ڕستە تێپەڕەکەیە. فۆرمی دووەمیش کە (Numa-ngu)ە، فۆرمە کاراکەی رستە تێپەڕەکەیە.

**خشتەی (5) بکەری کاری تێنەپەڕ و کارا و بەرکاری کاری تێپەڕ لە زمانی دیربالْدا**

| کارا و بەرکاری کاری تێپەڕ | | بکەری کاری تێنەپەڕ | |
|---|---|---|---|
| Numa yabu-Ngu bura-n | دایك باوکی بینی | Numa bamaga-n'u | باوك گەڕایەوە |
| Yabu Numa-Ngu bura-n | باوك دایکی بینی | Yabu banaga-n'u | دایك گەڕایەوە |
| A O<br>کارا بەرکار | | S<br>بکەر | |

ج- ئێرگەتیڤ-ئەبسلوتیڤ (بەهۆی دیارخەری دۆخییەوە)

لە زمانی دیربالْدا فۆرمە بکەر و فۆرمە بەرکارەکە بەیەکەوە پۆلێن دەکرێن و هەمان دەرخەری دۆخیان هەیە، لە کاتێکدا ڕۆڵە کاراکە بە شێوەیەکی جیاواز لە فۆرمە بکەر و بەرکارەکە نیشانەی دیارخەری دۆخی وەردەگرێت. لە کاتێکدا لە زمانی ئینگلیزی و زمانی لاتینیدا فۆرمە بکەرەکە و فۆرمە کاراکە بەیەکەوە گروپ دەکرێن، یان نیشانەی دەرخەری دۆخی وەردەگرن، لەو کاتەی ڕۆڵە بەرکارەکە بە شێوەیەکی جیاواز لە ڕۆڵە بکەرەکە و کاراکە نیشانەی دەرخەری دۆخی وەردەگرێت[1].

**خشتەی (6) بکەری کاری تێنەپەڕ و کارا و بەرکاری کاری تێپەڕ لە زمانی دیربالْدا**

| کارای کاری تێپەڕ | | بکەری تێنەپەڕ و بەرکاری تێپەڕ | |
|---|---|---|---|
| دایك (کارا) | yabu-Ngu (A) | دایك (بکەر، بەرکار) | yabu (S or O) |
| باوك (کارا) | Numa-Ngu (A) | باوك (بکەر، بەرکار) | Numa (S or O) |

## <u>کاری تێپەڕ (ئێرگەتیڤ) و کاری ناتێپەڕ (نائێرگەتیڤ)</u>

زاراوەی ئێرگەتیڤ لە زمانەوانیدا ئاماژە بۆ دوو شتی لەیەك جیا دەکات، یەکەمیان جۆرە دۆخێکی ڕێزمانی (Grammatical Case) و سیستەمێکی دۆخی کە سیستەمی (ئێرگەتیڤ ئەبسلوتیڤ Ergative-Absolutive)، هەروەها ئاماژە بۆ پۆلێکی کار دەکات کە کاری ئێرگەتیڤ (Ergative verb)ە.

لە زمانەوانیدا کاری ئێرگەتیڤ کارێکە کە دەتوانێت ببێتە کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕ، نەك هەر ئەوەندەش بەتەنیا، بەڵکو ئەم جۆرە کارە بکەرەکەی لە باری تێنەپەڕی دەبێتە بەرکاری

1 . Dixon, R. M. W., (1994), Ergativity, Cambridge, Cambridge University Press, P.63.

له باری تێپەڕیەکەیدا. بۆ نموونە لە زمانی فارسیدا کار لە ڕووی کاریگەرییەوە سێ جۆرە: تێپەڕ، تێنەپە و ئێرگەتیڤ (تێپنەپ)، واتە لە هەردوو دۆخدا کار دەکات، ئەم جۆرەش لە کوردیدا نییە[1]، وەك:

| تێنەپەڕ | تێپەڕ | چاوگ |
|---|---|---|
| مادر غذا را پخت | غذا پخت | پختن |
| كودك كاسه را شكست | كاسه شكست | شكستن |
| ظلم خانه را سوخت | كاغذ سوخت | سوختن |
| آهنگر آهن را گداخت | آهن گداخت | گداختن |

لە زمانێکی وەکو زمانی ئینگلیزیدا* کۆمەڵە کارێکی زۆر دەتوانن ببنە تێپەڕ و تێنەپەڕ[2]. بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەکو ئەوەی ژمارە (10) دەبینین کە کاری (شکان/شکاندن- Brake) کارێکی ئێرگەتیڤە و بە شێوەی تێپەڕ بەکار هاتووە، بەڵام لە ڕستەی ژمارە (11) بە شێوەی تێنەپەڕە بەکارهاتووە و بەرکاری کارەکەی ڕستەی ژمارە (10) بووەتە بکەری ڕێزمانی** هەمان کار لە ڕستەی ژمارە (11)دا[3].

**(10) He broke <u>the window</u>. (ئەو پەنجەرەکەی شکاند)**

**(11) <u>The window</u> broke. (پەنجەرەکە شکا)**

---

1 . یووسف شەریف سەعید. (2011)، زمانەوانی، ڕێکخراوی زمانناسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل146.

* هەرچەندە زمانی ئینگلیزی تاکە زمان نییە، کە کاری ئێرگەتیڤی هەیە، بەڵکو لە چەند زمانێکی تریشدا کاری ئێرگەتیڤی بلاوە. وەك فارسی و فرەنسی و ئەڵمانی و هۆڵەندی و...هتد.

2 . LAM, P. P .W., (2006)., Causative-inchoative alternation of ergative verbs in English and Japanese, Tokyo University of Foreign Studies, Tokyo, P.262.

** لە لۆژیکدا، بەرکاری لۆژیکییە.

3 . LAM, P. P .W., (2006)., P.263-264.

دەكرێت كارێك ئێرگەتیڤ بێت لە زمانێك و لە زمانێكی تریش هەر ئێرگەتیڤ بێت، وەكو كاری (شكان/شكاندن) لە هەردوو زمانی ئینگلیزی و هۆڵەندیدا[1]، وەكو لەم دوو نموونەی خوارەوەدا:

**(12) Jan breekt zijn glas.**

**("John breaks his glass.") (جۆن گلاسەكەی خۆی دەشكێنێت)**

**(13) Het glas breekt.**

**("The glass breaks.") (گلاسەكە دەشكێت)**

هەرچەندە دەكرێت لەنێوان هەردوو زمانەكەدا كاری وا هەبێت كە لە یەكێكیان ئێرگەتیڤ بێت، بەڵام لە زمانەكەی تر تەنیا بە شێوەی تێنەپەڕ بەكار بێت، وەكو كاری (نقومبوون) كە لە زمانی ئینگلیزیدا بە شێوەی تێنەپەڕ و تێپەڕ بەكاردێت و كارێكی ئێرگەتیڤە، بەڵام لە زمانی هۆڵەندیدا تەنیا بە شێوەی تێنەپەڕ بەكاردێت، وەكو لەم نموونەی خوارەوەدا[2]:

**(14) "Het schip zonk.**

**("The ship sank.") (كەشتیەكە نقووم بوو)**

دەكرێت كاری (نقومبوون) لە زمانی ئینگلیزیدا بە شێوەی تێپەڕیش بەكار بێت، بەڵام ناتوانریت لە زمانی هۆڵەندیدا ئەوە بكرێت، وەكو لەم نموونەی خوارەوەدا:

**(15) Not *"De marine zonk het schip.**

**(Unlike "The navy sank the ship.") (هێزی دەریایی كەشتیەكەی نقووم كرد)**

---

**1 . SIOUPI, A., (1999). The typology of middle constructions, ergative verbs and passive voice, Proceedings of the 12th International Symposium of Theoretical and Applied Linguistics, Aristotle University, Thessaloniki, Vol. 1, P.160.**
**2 . SIOUPI, A., (1999)., P.160-161.**

## پلەی دەرکەوتنی ئێرگەتیڤێتی لە زمانەکاندا

ڕێژە و پلەی دەرکەوتنی ئێرگەتیڤێتی لە زمانەکان جیاوازە. دەکرێت زمانێک ڕادەی ئێرگەتیڤییەکی زیاتر بێت لە زمانێکی تردا. بە واتایەکی تر، زمانێک بە ڕیژەی سەدا سەد خاوەنی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیف- ئەبسلوتیف بێت، زمانێکی تریش خاوەنی سیستەمی ئێرگەتیڤی قلێشاو بێت. واتە لە دەمێک یان پێکهاتەیەکی زمانەکەدا دەردەکەوێت، نەک لە هەموو دەم و پێکهاتەکاندا.

یان دەکرێت زمانێک لە ڕووی مۆرفۆلۆژیەوە خاوەنی دۆخی ئێرگەتیڤی بێت، لەو کاتەی زمانێکی تر لە ڕووی سینتاکسییەوە ئەو سیستەمە دۆخییەی هەبێت. تەنانەت لەو زمانانەی کە خاوەنی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤین هەمە جۆرییەتیەك و جیاوازیەکی زۆر گەورە هەیە سەبارەت بەوەی کە چۆن زمانەکان ئەو سیستەمە دۆخییە دەردەبڕن[1].

بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازی زمانەکان لە پیشاندانی ئێرگەتیڤیتی، لەخوارەوە باسی چەند زمانێك دەکرێ کە خاوەنی سیستەمی ئێرگەتیڤین:

### زمانی هیندی

خاوەنی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤییە وەکو لەم دوو نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

(16)laRkii=ne kitaab-Ø paRh-ii. (کچەکە کتێبێك دەخوێنێتەوە)

| laRkii- | ne | kitaab- | Ø | paRh- | ii |
|---|---|---|---|---|---|
| تاك-مى-كچ | ئێرگەتیف | کتیب-تاك | نۆمینەتیف | خویندنەوە | تاك |

(17) laRkii-Ø gir-ii. (کچەکە کەوت)

| laRkii | -Ø | gir | -ii |
|---|---|---|---|
| مى-تاك-کچ | نۆمینەتیف | کەوت | تاك |

---

1 . Bavin, E. L. & Stoll S., (2013), The Acquisition of Ergativity, John Benjamins Publishing, P.2.

لێکچوونی نێوان ئەم دوو ڕستەیە لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوەیە. واتە، دیارخستنی دۆخ یان ڕێککەوتنی کار. لە ڕستەی ژمارە (16)دا دەبینین کە کارە تێپەڕەکە لە دەمی ڕابردووە و ئارگیومێنتە کاراکەش (laRkii=ne) دیارخەری دۆخی ئێرگەتیڤیی وەرگرتووە. ئارگیومێنتە بەرکارەش (kitaab-Ø) هیچ دیارخەریکی دۆخی وەرنەگرتووە، بەهەمان شێوەی بکەری ڕستەی ژمارە (17) (laRkii-Ø). بەم شێوەیە ئارگیومێنتی کارا (A) و ئارگیومێنتی بکەر (S) بەهۆی دیارخەری دۆخی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژیەوە جیادەکرێنەوە. لەوکاتەی ئارگیومێنتەکانی بەرکاری ڕستەی یەکەم و بکەری ڕستەی دووەم دیارخەر وەناگرن و وەك یەکن[1].

لێرەدا دەردەکەوێت لە زمانی هیندیدا، وەکو لە زۆربەی زمانە ئێرگەتیڤییەکان بەدی دەکرێت، سیستەمە ئێرگەتیڤییەکە تەواوی دەم و پێکهاتەکانی زمانەکە ناگرێتەوە. بەڵکو سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی تەنیا لە کاری تێپەڕی ڕابردوو یان تەواودا دەردەکەوێت، لەو کاتەی سیستەمی دۆخی نۆمینەتیڤ-ئەکیوزەتیڤی لە سەرجەم دەم و پێکهاتەکانی تری زمانەکە دەردەکەوێت. هەربۆیە زمانی هیندی سیستەمە دۆخیە ئێرگەتیڤییەکەی بە شێوەیەکی ڕێژەیی و سنووردارە و لەسەدا سەد نییە[2].

## <u>زمانی باسکی</u>

زمانی باسکی یەکێکی ترە لەو زمانانەی کە خاوەنی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤ-ئەبسلوتیڤیە. لە زمانی باسکیدا، یەك دۆخی ڕێزمانی هەیە بۆ کارای کارە تێپەڕەکان (کە دۆخی ئێرگەتیڤییە)، دۆخەکەی تریش بریتیە لە دۆخی ئەبسلوتیڤی بۆ بکەری کارە تێنەپەڕەکان و بەرکاری ڕاستەوخۆی کارە تێپەڕەکان[3]. وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا:

**(18) Ni-k liburu-a-Ø erosi du-t.** (کتیبەکەم کڕیووە)

| Ni- | K | liburu- | a- | Ø | erosi | du- | t |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| من | ئێرگەتیف | کتیب | دیارخەر | ئەبسلوتیڤ | کڕین | کاری یاریدەدەر ئەبسلوتیڤ کەسی سێیەمی تاك | ئێرگەتیف کەسی یەکەمی تاك |

1 . Bavin, E. L. & Stoll S., (2013), P.2.
2 . IBID, P.2-3.
3 . IBID, P.37.

**(19) Ni-O eseri naiz. (من دانیشتم).**

| Ni- | O | eseri | naiz |
|---|---|---|---|
| من | ئەبسلوتیف | دانیشتن | کەسی یەکەمی تاك<br>کاری یاریدەدەر |

دەبینین کە بکەری کاری تێپەڕ وەکو ئەوەی ڕستەی ژمارە (18) مۆرفیمی (k-) وەردەگرێت کە دیارخەری دۆخی ئێرگەتیڤییە. دیارخەری دۆخی هاودەنگە لەگەڵ دیارخەری دۆخی ئێرگەتیڤی کۆ و ئەبلسوتیڤی کۆ. بەرکاری ڕاستەوخۆی تاکیش دۆخی ئەبسلوتیڤی وەردەگرێت کە (Ø)یە. لەبەرانبەردا، بکەری کارێکی تێنەپەڕ لە نموونەی ژمارە (19)دا دیارخەری دۆخی ئەبسلوتیڤی وەرگرتووە کە هەمان شتە لەگەڵ بەرکارە ڕاستەوخۆیەکەی ڕستەی ژمارە (3)[1].

**<u>زمانی بەلوچی</u>**

زمانی بەلوچی (Balochi) خاوەنی سیستەمی ئێرگەتیڤییە. ئەم زمانە یەکێکە لە زمانەکانی باکووری خۆرئاوای زمانە ئێرانییەکان کە سەر بە خێزانی زمانە هیندۆ-ئەوروپییەکانە. زمانی بەلوچی لە شەش زار و پێنج شێوەزار پێکهاتووە. لە زمانی بەلوچیدا پێنج دیارخەری دۆخی (نیشانەی دۆخ) بە شێوەی قڵیشاو دەردەکەون. دەکرێ ئێرگەتیڤیتیی لە بەلوچیدا بەم خاڵانە بخرێنە ڕوو:

1-دۆخی ئێرگەتیڤی لە هەموو دەم و کاتەکان دەرناکەوێت، بەڵکو تەنیا لە دەمە تەواوەکانی کاری تێپەڕ دەردەکەوێت.

2-دۆخی ئێرگەتیف-ئەبسلوتیڤی تایبەتە بەو فرێزە ناویانەی کە کەسی سێیەمە.

3-لە دەمە ناتەواوەکان، نیشانەی دۆخی ئەکیوزەتیڤی لەسەر ئارگیومێنتی کارتێکراو دەردەکەوێت. ئەو کارتێکراوانەی کە کەسی سێیەمن دۆخی دەیتڤی وەردەگرن، لەو کاتەی

---

**1 . Bavin, E. L. & Stoll S., (2013), P.37.**

ئەگەر ئــارگیومێنته کــارتێکراوەکە جەختــی لەســەر نەکــرێتەوە، ئەوا دۆخــی ئەبســلوتیڤی وەردەگرێت.

4-دەرکەوتنی دۆخی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژییە.

5-لە بەشی ڕۆژئـاوای زمـانی بەلوچیـدا دیـارخەری دۆخـی ئێـرگەتیڤییە، ئەم دۆخە لە هەمـوو دەم و کاتەکــان دەرناکەوێــت، بەڵکــو تەنیــا لە دەمە تەواوەکــانی کــاری تێــپەڕ دەردەکەوێــت. هەروەهـا دۆخـی ئێرگەتیـڤ-ئەبسلوتیڤی تـایبەتە بەو فرێـزە ناویـانەی کە کەسـی سـێیەمە و دەرکەوتنی دۆخی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژی لە وتاردا دەردەکەوێت[1].

خـاڵی یەکەم و دووەم دۆخـی قڵێشـاو لە زمـانی بەلوچیـدا دەردەخەن، دەردەکەوێـت کە زمـانی بەلـوچی تـا ڕادەیەکـی زۆر لە ڕووی سینتاکسـیەوە خـاوەنی سیسـتەمی دۆخـی نۆمینەتیـڤ-ئەکیوزەتیڤیە، بەڵام هەبـوونی وشەبەسـتی ڕانـاوی (Clitic) وای کـردووە کە زمـانەکە ئـارەزووی هەبوونی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی هەبێت.

بۆچــوونیکیش هەیە دەڵێــت کە دەشــێت هەبــوونی دۆخــی ئێرگەتیڤــی قڵێشــاو دەرئەنجــامی شــێوەیەك بەدواییەکــداهاتووەکانی لەنــاوچوونی سیســتەمی دۆخــی ئێــرگەتیڤییە. هەر بــۆیە هەبــوونی دۆخــی ئێرگەتیڤــی قڵێشــاو ئەو پڕۆســانەی نیشــان دەدات کە باســە لە مێــژووی گەشەسەندن و گۆڕانکـاری لە زمـانەکە دەکەن بە شـێوەیەکی سـتوونی، نەك ئەرکە ئاسـۆییەکان. شـێوەی قڵێشـاو لە سیسـتەمی دۆخـی زمـانی بەلوچیـدا سـەرەتا لە باشـووری زمـانەکە دەرکەوت کاتێکــدا دیــارخەری دۆخــی ئێرگەتیڤــی بەرەو نەمــان چــوون بــۆ کەســی یەکەم و دووەمــدا. لەبەرانبەردا، لە بەشی ڕۆژئاوای زمانەکەدا دیارخەری دۆخی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژی بە تەواوی لە ناوچوو، جگە لەوەی کە ڕێککەوتنی کاریش بەرەو نەمان چوو[2].

ئەوەی بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە کە:

1-دەکرێت زمانێك لە زمانێکی تر زیاتر سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی تێیدا بەربڵاو بێت.

2-دەکرێت زمانێك بە ڕێژەی سەدا سـەد ئێرگەتیڤـی بێـت، دەکرێـت زمانێـك نیـوەی پێکهـاتەی ڕستەکانی ئێرگەتیڤی بن.

---

1 . Farrell, T., (1995), Fading ergativity? A study of ergativity in Balochi, School of Oriental and African Studies, University of London, London, P.232.
2 . Farrell, T., (1995), P.233.

3- دەكرێت سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی زۆر سنووردا بێت لە زمانێكدا و تەنیا لە دەمێك یان پێكهاتەیەك یان باریكی دیاریكراوی زمانێك دەربكەوێت.

4-دەكرێت زمانێك تەنیا لە ڕووی مۆرفۆلۆژیەوە یان تەنیا لە ڕووی سینتاكسییەوە خاوەنی دۆخی ئێرگەتیڤی بن.

5-دەكرێت زمانێك لە كۆندا خاوەنی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی تەواو بێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی كات، گۆڕانكاری لە زمانەكە ڕوو بدات و سەرەتا ئەو سیستەمە دۆخییە لە دەمێك یان پێكهاتەیەكی یان لە یەكێك لە زارەكانی بەرەو نەمان بچێت، دواتر وردە وردە ئەو لەناوچوونی دۆخە زۆربەی پێكهاتە و زارەكانی زمانەكە بگرێتەوە.

6-دەكرێت زمانێك كاتێكدا ڕووبەڕووی لەناوچوونی سیستەمیكی دۆخی وەكو ئێرگەتیڤی دەبێتەوە، چەند پێكهاتە و دەمی دیاریكراوی ڕێزمانی بەرگری لە مانەوەی ئەو سیستەمە دۆخییە بكەن و لە زمانەكە هەر بمێنن. ئەم دووبارەی كۆتایش دەبێتە هۆی دروستبوونی دۆخی ئێرگەتیڤی قڵیشاو لە زمانەكەدا و دەبێتە هۆی بە ڕێژەكردنی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی لەو زمانانەی كە سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤیان هەیە.

لە ئەنجامدا بەپێی پلەی دەركەوتنی ئێرگەتیڤیتی لە زمانەكاندا، زمانەكان بە سەر سێ پۆل دابەش دەكرێن:

١- ئەو زمانانەی كە لە سەدا سەد ئێرگەتیڤین، وەك: دێربال. واتە هەموو ڕۆڵە پەیوەندیدارەكان دۆخەكەیان (ئێرگەتیڤ- ئەبسلوتیڤ)ە.

٢- ئەو زمانانەی كە هەردوو جۆری سیستەمەكە تیادا بەدی دەكرێ، واتە هەندێ ڕۆڵ بە سیستەمی (ئێرگەتیڤ- ئەبسلوتیڤ) و هەندێكی تر بە (بكەری- بەركاری) دەدرێت، وەك: كوردی و هیندی.

٣- ئەو زمانانەی كە سەدا سەد بەركارین، واتە سیستەمی (ئێرگەتیڤ- ئەبسلوتیڤ) یان نییە، وەك: ئینگلیزی و توركی[1].

---

1. ڤیان سلێمان حاجی. (2009)، ل117.

## جۆرەکانی ئێرگەتیڤ

دۆخی ئێرگەتیڤ بەپێی جیاوازی نواندنی سیماکانی لە زمانە جیاوازەکاندا دابەش بەسەر سێ جۆر دەکرێ:

**أ-ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژی (Morphological ergativity):**

ئەم جۆرەی ئێرگەتیڤ لەو جۆرە زمانانە ڕوو دەدات، ئەگەر:

1-کارای کاری تێپەڕ (A) دیارخەری دۆخی ئێرگەتیڤی وەردەگرێت، یان دیارخەری دۆخی هاوشێوەی ئێرگەتیڤی وەردەگرێت، وەك دۆخی ناڕاستەوخۆ (Oblique).

2-ئارگیومێنتی سەرەکی کاری تێنەپەڕ بریتیە لە بکەر (S)، ئەو بکەرە لەگەڵ بەرکاری کاری تێپەڕ (O) دیارخەری دۆخی ئەبسلوتیڤی وەردەگرن، کە لە زۆربەی بارەکاندا (Ø)یە[1].

3-ئەگەر هیچ دیارخەریکی دۆخی ئێرگەتیڤی نەبێت، ئەوا ئێرگەتیڤییەکە لەڕیگەی هۆکاری تری مۆرفۆلۆژیەوە دەردی دەخرێت، وەکو بە هۆی (verbal morphology) مۆرفۆلۆژیای کاریی. بۆ نموونە، لە زمانی ئەبخاز و زۆربەی زمانە مایانیەکان هیچ دیارخەریکی دۆخی مۆرفۆلۆژیان نییە، بەڵام پێکهاتەی ڕیککەوتنی کاریان هەیە کە دۆخی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژی نیشان دەدات*، لەو زمانانەی کە سیستەمی ڕیککەوتنی ئێرگەتیڤ-ئەبسلوتیڤیان هەیە، فۆرمە ئەبسلوتیڤیەکە باوترین تۆخمە کە دیارخەری دۆخی وەرناگرێت، بەڵام مەرج نییە هەموو زمانێك فۆرمە ئەبسلوتیڤییەکەی دیارخەری دۆخی وەرناگرێت، بۆ نموونە زمانەکانی نیاس و تلاپانیك فۆرمە ئەبسلوتیڤیەکەیان دیارخەری دۆخی وەردەگرێت[2].

لە خشتەی ژمارە (7) نموونە لە زمانی باسکی کە دیارخەری دۆخی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژی نیشان دەدەن:

---

1. Anderson, S. R., (1985). Inflectional morphology, Language typology and syntactic description, Cambridge: University of Cambridge Press, P.156.

* وەك ئەوەی لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا هەیە کە دیارخەری دۆخی ئێرگەتیڤی نییە. بە ڕێگای مۆرفۆلۆژیای کار و پێکهاتەی ڕێکەوتن دۆخی ئێرگەتیڤی نیشان دەدات، بەڵام لە بەرانبەردا زاری ژووروو دیارخەری دۆخی ئێرگەتیڤیی هەیە. لە بەشی داهاتوو بە شێوەیەکی فراوانتر تیشك دەخرێتە سەر.

2. Anderson, S. R., (1985), P.162.

خشتەی (7) دیارخەری دۆخی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژی لە زمانی باسکیدا

| زمانی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژی | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕستە | Gizona etorri da. | | Gizonak mutila ikusi du. | | |
| واتا | تێنەپەڕ/ پیاوەکە گەیشتووە. | | تێپەڕ /پیاوەکە منداڵەکەی بینی | | |
| فریز | gizon-a | etorri da | gizon-ak | mutil-a | ikusi du |
| شیکردنەوەی | پیاو-ئەبسلوتیڤی | گەیشتووە. | پیاو-ئێرگەتیڤی | کوڕ-ئەبسلوتیڤ | بینی |
| ئەرک | بکەر(O) | کاری تێنەپەڕ | کارا (A) | بەرکار (O) | کاری تێپەڕ |

لە زمـانی باسکی دا، وشـەی پیـاو (gizon) و وشـەی کـوڕ (mutil)ە. وشـەی (gizon) دیـارخەری دۆخـی جیـاواز وەردەگرێـت و دەوەسـتێتە سـەر ئەوەی کە ئـارگیومێنتی کـاری تێـپەڕە یـان تێنەپەڕە. لە کاتێکدا وشەی (gizon) دەبێتە بکەری کاری تێنەپەڕ (S) و ئەرکی دەبێتە بکەر و دیارخەری دۆخی ئەبسلوتیڤی کە (a-) وەردەگرێت، بەڵام لە کاتێکدا هەمان وشـە دەبێـتە کـارای کـاری تێـپەڕ(A)، ئەوا دیـارخەری دۆخـی ئێرگەتیڤـی کە (ak-) یە وەردەگرێـت. ئـارگیومێنتی سەرەکی کاری تێنەپەڕ کە بکەرە و ئارگیومێنتی بەرکاری کاری تێپەڕ هەمان دیارخەری دۆخی ئەبسلوتیڤی وەردەگرن[1].

بڵاوبوونەوەی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا هەیە، بۆ نموونە لە زمانەکـانی پـۆلینیزی وەکـو تۆنگیـك و سـامیك-ئـاوتلەیەر. هەروەهـا ئەو زمانـانەی تـر کە سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژیان هەیە، بریتین لە زمانە ئوسترالیەکانی وەکو دیربال، یدیدن، واڵپری، کاڵکاتەنگو. لە زمانە ئینـدۆ ئەوروپییەکانیشدا هەیە وەکو زمانەکـانی: مـاوری، سیندهی، هیندی، کەشمیریدا هەیە. لە زمانەکـانی سـەر بە زمـانە مایانیەکانـدا هەیە، وەکو لە زمانەکانی مام، جاکیڵتك. سەرەڕای ئەوانەش لە زمانە ئیسکیمۆیەکاندا هەیە، وەکو زمانەکـانی، ئینیـوت، ئینکتیتـوت. لە زمـانە قەفقاسـیەکانی وەکـو ئاڤـار و جۆرجیـدا هەیە. لە زمانەکـانی تـریش دا هەیە وەکو زمـانی باسـکی و یـاگواو و چەکچی. بە واتـایەیکی تـر، سیسـتەمی دۆخـی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژی لە ژمارەیەکی زۆر زمانەکانی جیهانـدا بڵاوبـۆتەوە، ئەمەش وادەکـات کە

1. Anderson, S. R., (1985), P.168.

**هەبوونی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژی زیاتر وەکو دیاردەیەکی ڕێزمانی جیهانی سەیر بکرێت، نەك تایبەت بێت بە چەند زمانێکی دیاریکراوەوە[1].**

**سەرەڕای نەبوونی کۆدەنگیەك بۆ دووان لەسەر ئەو زمانانەی کە سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژیان هەیە، دەکرێت سەرەنجی ئەم چەند لایەنەی خوارەوە بدرێ سەبارەت بەو زمانانە[2]:**

**یەکەم: سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژی لە ژمارەیەکی زۆری زماندا لە تەواوی جیهاندا هەیە، ئەمەش وا دەکات کە ئەمە بە دیاردەیەکی ڕێزمانی جیهانی دابنرێ، نەك تایبەتی بکرێ بە چەند زمانێکی دیاریکراوە.**

**دووەم: چوار هۆکار هەن کە وا دەکەن زمانێك سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژی هەبێت یان ئەکیوزەتیڤی هەبێت، هۆکارەکانیش: ڕاناوەکان، گونجان و ڕیککەوتنی کار لەگەڵ بکەر یان بەرکار، دەم و کاتی تەواو و ناتەواو، جیاوازی لەنێوان لاڕستەکان.**

**سێیەم: زۆربەی ئەو زمانانەی کە سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژیان هەیە، دەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە دۆخی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژی قلێشاویان هەبێت و هەبوونی ئەو ئێرگەتیڤییە قلێشاویەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری پێکهاتەیی فرێزی.**

**ئەگەرچی تا ئیستا بە جۆریك باسی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژیمان کردووە کە ئەم جۆرە سیستەمە دۆخیە تەنیا لەڕێگای دیارخەری دۆخیەوە دەرکەویت، بەڵام دەبینین کە هەر ئەوەندە نییە، بەڵکو دەکرێت ئەم جۆرە سیستەمە دۆخییە بە هۆی ڕیککەوتنی کاریشەوە دەربکەویت. ئەگەرچی ئەوەی تا ئیستا زانراوە ئەوەیە کە ڕیککەوتنی کاری لەو زمانانەدا هەیە کە خاوەنی سیستەمی دۆخی نۆمینەتیڤ-ئەکیوزەتیڤین، بۆ نموونە لە زمانی سواهیلیدا کە تیایدا دیارخەری ڕیککەوتنەکە بە هەمان شێوە دەچیتە سەر بکەر (S) و کارا (A)[3].**

1 . McGregor, W. B., (2009), Typology of Ergativity, Language and Linguistics Compass 3/1, Blackwell Publishing, P.487.
2 . IBID, P.498.
3 . Anderson, S., (1976), On the notion of subject in ergative languages, Subject and topic. New York, Academic Press, P.3-4.

له هەندێك زمانیشدا دیارخستنی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیف-ئەبسلوتیف لە سەر بنەما ریککەوتنی کار دیاریدەکرێت، بۆ نموونە وەکو لە زمانی ئاڤاردا کە زمانێکە باکووری ڕۆژهەڵاتی زمانە قەفقاسیەکانە، کە لەو زمانەدا دەبینین کە کارەکە لەگەڵ پۆلی ناوەکە ڕیك دەکەوێت. ئەم ڕیککەوتنەش بە شێوەیەکی ئاشکرا لەسەر ئارگیومێنتی بکەر دەردەکەوێت، بەڵام لەسەر ئارگیومێنتی کارا دەرناکەوێت[1].

## ب- ئێرگەتیڤی سینتاکسی (Syntactic ergative):

دەکرێت زمانێك دۆخدار بێت، جا چ لە ئاستی مۆرفۆلۆژی، یان لە ئاستی سینتاکسی بێت. ئەو زمانانەی کە لە ڕووی سینتاکسیەوە دۆخ دەردەبڕن کەمترن و کەمتر باون لەو زمانانەی کە لەڕووی مۆرفۆلۆژیەوە دۆخ نیشان دەدەن. هەروەها تا ئیستا نەبووە کە هەر زمانێك لە ڕووی مۆرفۆلۆژیەوە ئەکیوزەتیف بێت و دۆخی ئێرگەتیڤی سینتاکسی هەبێت[2].

دیکسن دەڵیت بۆ ڕوونکردنەوەی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی سینتاکسی دەبێت سەرەتا باسی سیستەمی دۆخی ئەکیوزەتیڤی سینتاکسی بکەین. دەرکەوتنی سیستەمی دۆخی ئەکیوزەتیڤی سینتاکسی بە هۆی (coordination) هاوپاییەوە دەردەکەوێت. بۆ نموونە لە زمانێکی وەکو زمانی ئینگلیزیدا بە هۆی ئامرازی پەیوەندی (conjunction)ی (and, or) دەردەبڕدرێت. ئەو ئارگیومێنتەی کە هاوبەشە و هەمان ئاماژەپێدەری هەیە لەنێوان دوو لاڕستە (clause)دا، ئەوا دەکرێت ئەو ئارگیومێنتە لە لاڕستەی دووەم دەرنەکەوێت و لاببردرێت[3]، وەکو لەم ڕستەی خوارەوە:

(20) John came in and (John) saw Marry. جۆن هات و (جۆن) ماریی بینی

لەم ڕستەیەدا دەبینین کە جۆن لە لاڕستەی یەکەمدا وەکو ئارگیومێنتی بکەر (S) دەرکەوتووە، بۆیە دەکرێت لە لاڕستەی دووەمدا لاببردرێت و ڕستەکە ببێتە (جۆن هات و ماریی بینی). لەبەر ئەوەی ئامرازی پەیوەندی "و" هەیە دەکرێت وا باشترە ئارگیومێنتی (جۆن) لەلاڕستەی

---

1 . Anderson, S., (1976), P.4-5.
2 . Dixon, R. M. W., (1979), Ergativity, Language, Vol 55, Linguistic Society of America, P.61.
3 . IBID, P.62.

دووەمدا نەبێت[1]. هەروەها لەم ڕستانەشدا کە ئارگیومێنتە کاراکە (A) هەمان شتە لە لاڕستەی یەکەم و دووەمدا بۆیە دەکرێت واباشترە لە لاڕستەی دووەمدا دەرنەکەوێت.

(21) John saw Marry and (John/*Marry) left the room. جۆن ماریی بینی و (جۆن) ڕۆیشت

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەگەر دوو لاڕستەکە بە هۆی ئامرازی پەیوەندی "و" بە یەکەوە بەسترابوونەوە، ئەوا دەکرێت ئارگیومێنتی بکەر (S) یان کارا (A) لە کاتێکدا هەمان ئاماژەپێدەریان هەیە لە لاڕستەی یەکەم و دووەمدا، ئەوا دەکرێت لە لاڕستەی دووەمدا دەرنەکەوێت و لاببردرێت، واتە ڕستەکە ببێتە (جۆن ماریی بینی و ڕۆیشت)، نەك (جۆن ماریی بینی و ماری ڕۆیشت)، بەڵام ئارگیومێنتی بەرکار (O) ناکرێت لاببردرێت. وەك لەم ڕستەیەدا کە ناکرێت بەرکاری (John) لاببردرێت و ڕستەکە ببێتە (*جۆن هات و ماری بینی)، بەڵکو دەبێت ڕستەکە بەم شێوەیە بێت (جۆن هات و ماری جۆنی بینی) واتا دەرکەوتنی "جۆن" لە لاڕستەی دووەم دا شتێکی ناچارییە، چونکە بۆتە بەرکار[2].

(22) John came and Mary saw John. (جۆن هات و ماری **جۆنی** بینی)

ئەو زمانانەی کە سیستەمی دۆخی ئێرگەتیفی لە ڕووی سینتاکسییەوە دەردەبڕن، ئەوا بە هەمان شێوە ڕەفتار لەگەڵ ئارگیومێنتەکانی بکەر و بەرکار دەکەن. لە کاتێکدا ئارگیومێنتی کارا ناتوانێت بەشداری لە پێکهاتەی هاوپایی بکات کە تیایدا دوو لاڕستە بە هۆی ئامرازی پەیوەندی "و" بە یەکەوە بەستراونەتەوە. باشترین نموونەش بۆ نیشاندانی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیفی سینتاکسی زمانی دیربالە[3]. وەکو لەم نموونەی خوارەوە:

(23) ŋuma-Ø yabu-ŋgu bura-n banaga-nyu .دایە بابەی بینی و (*دایە/بابە) گەڕایەوە

| ŋuma- | Ø | yabu- | ŋgu | bura- n | banaga- nyu |
|---|---|---|---|---|---|
| باوك | ئەبسلوتیف | دایك | ئێرگەتیف | بینی | گەڕایەوە |

1 . Dixon, R. M. W., (1979), P.62.
2 . IBID, P.63.
3 . Dixon, R. M. W., (1994), Ergativity, Cambridge, Cambridge University Press, P.162.

لەم ڕستەیەدا دەبینین کە ئارگیومێنتی بکەری لاڕستەی دووەم، واتە بکەری کاری گەڕایەوە، دەکرێت هەمان ئاماژەپێکەری هەبێت لەگەڵ بەرکاری لاڕستەی یەکەم، واتە بەرکاری کاری یەکەم. بە واتایەکی تر، دەکرێت ڕستەکە بەم شێوەیە بێت (دایە بابەی بینی و بابە گەڕایەوە) لەم ڕستەیەدا بابە بەرکاری لاڕستەی یەکەمە و بکەری لاڕستەی دووەمیشە، هەر بۆیە دەکرێت لاببردرێت و ڕستەکە بکرێتە (دایە بابەی بینی و گەڕایەوە) واتا بابە گەڕایەوە. لەو کاتەی ناکرێت ڕستەکە بەم شێوەیە بێت (دایە بابەی بینی و دایە گەڕایەوە) لەبەر ئەوەی (دایە) ئارگیومێنتی کارای لاڕستەی یەکەمە، بۆیە ناکرێت ئارگیومێنتی کارای لاڕستەی یەکەم ببێتە ئارگیومێنتی لاڕستەی دووەم.

هەر بۆیە ناکرێت ئارگیومێنتی (دایە) لاببردرێت، چونکە لە لاڕستەی یەکەم ئارگومینتی کارا و لە لاڕستەی دووەمیش ئارگیومێنتی بکەرە، چونکە ئەو زمانانەی کە وەکو زمانی دیرباڵ سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی لەڕووی سینتاکسیەوە دەردەبڕن بە هەمان شێوە ڕەفتار لەگەڵ ئارگیومێنتەکانی کارا و بکەر ناکەن و ڕێگەش بەلابردنی نادەن، لە کاتێکدا دوو لاڕستەکە بە هۆی ئامرازی پەیوەندییەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە[1].

لێرەوە دەردەکەوێت کە سیفەتیکی دیار و بەرچاوی ئەو زمانانەی کە سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی سینتاکسییان هەیە ڕێگە بەوە دەدەن کە کاتی دوو لاڕستە بە هۆی ئامرازی پەیوەندی "و" بەیەکەوە دەبەسترینەوە ئارگیومێنتەکانی بکەر و بەرکار هەمان ئاماژەپێدەریان هەبێت، ئەوا لە لاڕستەی دووەمدا ئارگیومێنتە بکەرەکە لاببردرێت، تەنیا هەبوونی ئارگیومێنتە بەرکارەکەی لاڕستەی یەکەم بەسە تاوەکو ئاماژە بە بکەرەکەی لاڕستەی دووەمیش بکات. لەو کاتەی ئارگیومێنتی کارا ناتوانیت لەگەڵ ئارگیومێنتی بەرکار بە یەك شێوە ڕەفتاری لەگەڵ بکرێت و بەم شێوەیەش ئارگیومێنتی کارا، بە پێچەوانەی ئارگیومێنتی بکەر، ناکرێت لاببردریت، لە کاتێکدا دوو لاڕستەکە بەیەکەوە دەبەسترینەوە.

واتە بەندە بە چۆنیەتی کارکردنی سنوردارکەرە سینتاکسییەکان لە ڕستە ناسادەکاندا (ڕستەی لێکدراو و ڕستەی ئاڵۆز)، هەروەها ئەو کەرەسانەی کە بە هۆی هاوپێریستی لەگەڵ کەرەسەیەکی تر لادراون.

---

1 . Dixon, R. M. W., (1994), P.162-163.

زمانی تۆنگان یەکێکە لەو زمانانەی کە سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی سینتاکسیی هەیە. بە هەمان شێوەی زمانی تۆنگان لە ڕێگەی بەستنەوەی دوو لاڕستە بەهۆی ئامرازی پەیوەندی (pea) "و". بە هەمان شێوەی زمانی دیربالیش، زمانی تۆنگان بەهەمان شێوە ڕەفتار لەگەڵ ئارگیومێنتەکانی بکەر و بەرکار دەکات کە هەریەکەیان دەکەوێتە لاڕستەیەکەوە. لەوکاتەی ئارگیومێنتی کارا بە شێوەیەکی جیاواز ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت[1]. وەك لەم دوو نموونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

(25) Na'e taa'i 'e Mele$_i$ 'a Hina$_j$ pea tangi e  (**هینا** گریا و میلا لە **هینای** دا.)

لەم ڕستەیەدا دەبینین کە (هینا) بکەری لاڕستەیە یەکەمە و بەرکاری لاڕستەی دووەمە، هەربۆیە دەکرێت هەردووکیان هەمان ئاماژەپێدەریان هەبێت و بەم پێیەش وا باشترە یەکێك لە ئارگیومێنتەکان لاببردرێت کە ئارگیومێنتە بەرکارەکەیە و ڕستەکەش دەبێتە (هینا گریا و میلا لێی دا). واتە، ئارگیومێنتە بەرکارەکە لابردراوە.

شتێکی ئاسایی و سروشتیە کە بپرسین بۆچی شێوەی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی لە هەندێك زماندا دەردەکەوێت. لە زۆربەی زمانەکاندا، یاسا سینتاکسییەکان بۆ دەربڕینی پەیوەندییە ڕێزمانییەکان بەکاردێن. بۆ نموونە، پەیوەندیی بکەر لەگەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆ. لە زمانەکانی وەکو دیربال و تۆنگان ئەو یاسا سینتاکسییانە بۆ جیاکردنەوەی ئارگیومێنتەکانی بکەر و بەرکار لەگەڵ ئارگیومێنتی کارا بەکاردێن[2].

هەندێك زمان یان تەوەری کارا/بکەر یان بکەر/بەرکار هەڵدەبژێرن. ئەگەر زمانێك یاسا سینتاکسییەکانیان پەیوەندی نێوان ئارگیومێنتەکانی کارا و بکەری هەڵبژارد، ئەوا ئەو زمانە لە ڕووی سینتاکسیەوە ئەکیوزەتیڤە. ئەگەر زمانێکیش بەهۆی یاسا سینتاکسیەکانیەوە پەیوەندی نێوان ئارگیومێنتەکانی بکەر و بەرکاری دەرخست، ئەوا ئەو زمانە لە ڕووی سینتاکسیەوە ئێرگەتیڤە[3].

هەروەها ئەو شتێکی ڕاست نییە کە هیچ پەیوەندیەك نییە لەنێوان سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژی و سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی سینتاکسی. بۆ نموونە، ئەگەر زمانێك کە لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە ئەکیوزەتیڤ بێت، ئەوا لە ڕووی سینتاکسییەوە بەهۆی یاسا

---

1 . Dixon, R. M. W., (1979), P.127.
2 . IBID, P.128.
3 . IBID, P.128.

سینتاكسییەكانەوە پەیوەندی نێوان ئارگیومێنتەكانی كارا و بكەر هەڵدەبژێرێت. ئەگەر بێت هەبوونی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژی و هەبوونی پەیوەندیی سینتاكسی نێوان كارا و بكەر شتێكی هەڕەمەكی بێت، ئەوا دەبێت هەبوونی پەیوەندی نێوان ئارگیومێنتەكانی بكەر و بەركاریش ڕێگەی پێ بدرێت لەو زمانانەی كە لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە سیستەمی دۆخی ئەكیوزەتیڤیان هەیە. لێرەوە دەردەكەوێت كە سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی سینتاكسی شتێك نییە كە تەواو سەربەخۆ بێت لە سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆژی. زمانێك ئەگەر لە ڕووی مۆرفۆلۆژیەوە ئێرگەتیڤ بێت، ئەوا دەكرێت لە ڕووی سینتاكسیەوە یان ئێرگەتیڤ بێت یان ئەكیوزەتیڤ بێت. لەو كاتەی كە ئەگەر زمانێك لەڕووی مۆرفۆلۆژیەوە ئەكیوزەتیڤ بێت، دەبێت لەڕووی سینتاكسیەوە تەنیا ئەكیوزەتیڤ بێت. بەم شێوەیە دەبینین كە دۆخ دەست نیشانی ئەوە دەكات كە ئایا زمانێك ئارگیومێنتی بكەر بە هاوپایە ئارگیومێنتی بەركار دادەنێت، یان ئارگیومێنتی بكەر بە هاوپایە ئارگیومێنتی كارا دادەنێت لە ڕووی كردەوە سینتاكسییەكانەوە. هەر بۆیە ئەمە شتێكە پەیوەستە بە شوێنی ئارگیومێنتەكانەوە و یاسا سینتاكسییەكان بە هەستیار دادەنرێن بەرانبەر بە پێكهاتەی شوێنەكانی ئارگیومێنتەكان[1].

بە واتایەكی تر لە زۆربەی زمانەكاندا هەندێ ڕۆڵی سینتاكسیی چالاك بۆ تێكەڵكردن و لێكدان و لابردنی هەندێ فرێز هەن. بە هۆی ئەم جۆرە پەیوەندییە سینتاكسییانە دەشێ هەندێ فرێز لەژێر هەندێ مەرج، وەك: مەرجی هاوپێرستی لابدرێت. بە شێوەیەكی كە فرێزی ناوی یەكەم شوێنی فرێزی ناوی دووەم پڕ بكاتەوە. وەك:

(26) ئەڤینێ هۆزانا خو خواند و ـــــ پاشی دەركەفت

لە لاڕستەی دووەمدا بكەرەكە (ئەڤین) بە هۆی هاوپێرستی لەگەڵ بكەری لاڕستەی یەكەم لە لاڕستەی دووەم لادراوە.

1 . Dixon, R. M. W., (1979), P.128-129.

### پ-ئێرگەتیڤی قڵیشاو (هاوکاتی) Spilt Ergativity:

ئێرگەتیڤی قڵیشاوی دەردەکەوێت لەو کاتەی کە سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی و سیستەمی دۆخی ئەکیوزەتیڤی بەیەکەوە لە تاکە زمانێك دەردەکەون و یەکێکیان زاڵە و ئەوەی تریان لە هەندێك باری دیاریکراوی کەمدا دەردەکەوێت[1]. واتە هەبوونی هەردوو دۆخی ئەکیوزەتیڤی و ئێرگەتیڤی لە یەك کاتدا. ئەم هاوکاتبوونە یاخود بەناویەکترداچوونە بە هۆی دەمکات و ئەسپێکتەکانەوە جێبەجێ دەکرێت. ئێرگەتیڤی قڵیشاو (هاوکات یاخود) پارچەکراو دیاردەیەکی مۆرفۆسینتاکسییە لە زمانە ئێرگەتیڤییەکاندا هەیە[2].

لە زمانی کوردیدا* وەکو هەموو زمانە ئێرگەتیڤییەکانی تر، بەرکاری تێپەڕ وەکو بکەری تێنەپەڕە، دۆخی ڕەها وەردەگرێت. بەرکارەرکەشی لەدۆخی ناڕاستەوخۆدایە[3].

یەکێك لە ڕێگە هەرە باوەکانی نیشاندانی ئێرگەتیڤی قڵیشاو بریتیە لە نیشاندان بە گوێرەی دەمکاتە ڕێزمانیەکانی زمانەکە. دەکرێت زمانێك لە هەندێك لە دەمەکاندا خاوەنی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤ-ئەبسلوتیڤی بێت، لە هەندێك لە دەمەکانی تریشدا سیستەمی دۆخی نۆمینەتیڤ-ئەکیوزەتیڤی هەبێت. بۆ نموونە، لە زمانی جۆرجی و هیندی و زمانە هیندۆ-ئێرانییەکان[4].

لە زمانی جۆرجیدا دەمی ڕابردوو سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤ-ئەبسلوتیڤی هەیە، کە تیایدا پاشگری (i) کە دیارخەری دۆخی ئەبسلوتیڤە، پاشگری (ma) دیارخەری دۆخی ئێرگەتیڤە. دەی ڕانەبردووش سیستەمی دۆخی نۆمینەتیڤ-ئەکیوزەتیڤی هەیە، بۆیە پاشگری (i) دیارخەری

---

1 . **Anderson, J. M., (1977), On Case grammar: Prolegomena to a theory of grammatical relations, London, Croom Helm, P.137.**

2. ڤیان سلێمان حاجی. (2009)، ل118.

* مەبەستی توێژەر زاری کرمانجیی ناوەڕاست کە سیستەمی دۆخیان ئێرگەتیڤی قڵیشاوە، نەك زاری کرمانجیی خواروو کە بە تەواوەتی بکەری-بەرکارییە (نۆمینەتیڤ-ئەکیوزەتیڤ)ە.

3. ڤیان سلێمان حاجی. (2009)، ل123.

4 . **Comrie, B., (1978). Ergativity, Syntactic typology, Studies in the phenomenology of language, Austin, University of Texas Press, P.354.**

دۆخی نـۆمینەتیڤە و پاشـگری (s) دیـارخەری دۆخـی ئەکیـوزەتیڤە[1]، وەکـو لەم نموونـانەی خوارەوەدا دەردەکەون:

"قوتابییەکە دەڕوا"

ڕانەبردووی تێنەپەڕ

| (27) Sṭudenṭ | -i | midis |
|---|---|---|
| قوتابی | ن.نۆمینەتیڤ | دەڕوا |

قوتابییەکە نامەکە دەنووسی

"ڕانەبردووی تێپەڕ"

| (28) Sṭudenṭ | -i | çeril | -s | çers. |
|---|---|---|---|---|
| قوتابی | ن.نۆمینەتیڤ | نامە | ئەکوزەتڤ | دەنووسی |

قوتابییەکە ڕۆیشت

"ڕابردووی تێنەپەڕ"

| (29) Sṭudenṭ | -i | mivida |
|---|---|---|
| قوتابی | ن. ئەبسلوتیڤ | ڕۆیشت |

قوتابییەکە نامەکەی نووسی

" ڕابردووی تێپەڕ"

| (30) Sṭudenṭ | - ma | çeril | -i | daçera |
|---|---|---|---|---|
| قوتابی | ن. ئێرگەتیڤ | نامە | ن.ئەبسلوتیڤ | نووسی |

لەو نموونـانەی پێشـووتردا دەبینـرێ کە پاشـگری (i) دیـارخەری دۆخـی نـۆمینەتیڤیە لە نموونەکانی ژمـارە (27، 28) دا، لەو کـاتەی هەمـان پاشـگر دیـارخەری دۆخـی ئەبسلوتیڤیە لە ڕستەکانی (29، 30)دا. بۆیە دەبینین کە هەبوونی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی بە شـێوەیەکی قڵیشاوە لە زمانی جۆرجیدا. لە زمـانی جۆرجیـدا لێکچوونێکی مۆرفۆلۆژیی هەیە لەنێوان ئەو ئـارگیومێنتەی کە دەبێـتە نۆمینەتیـڤ لە سیسـتەمی دۆخـی نۆمینەتیـڤ-ئەکیـوزەتیڤی لەگەڵ ئەو ئـارگیومێنتەی کە دەبێـتە ئەبسـلوتیڤ لە سیسـتەمی دۆخـی ئێرگەتیـڤ-ئەبسـلوتیڤی لە هەمان زماندا. ئارگیومێنتی نۆمینەتیڤ کە پاشگری (i) وەکو دیـارخەری دۆخـی وەردەگرێـت لە

1 . Comrie, B., (1978)., P.357-358.

دەمــی ڕابــردوودا، هەمــان پاشــگر دەچێــتە ســەر ئــارگیومێنتە ئەبســلوتیڤیەکان لە دەمــی ڕابردوودا[1].

لە زمـانێکی وەکـو زمـانی چۆلـدا، کە زمـانێکی مایـانی وڵاتـی مەکسـیکە، هەبـوونی ئێرگەتڤـی قڵیشاو لەسەر بنەمای دەمی ڕابردوو و ڕانەبردوو لەو زمانەدا زۆر هاوشێوەی زمـانی جۆرجیە، بەڵام بڵاوبوونەوەی فۆرمەکان جیاوازە[2].

زمانێك خاوەنی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی قڵیشاوە ئەگەر:

**یەکەم**: زمـانەکە یاسـای دیـارخەری دۆخـی ئێرگەتیڤـی لەسـەر ناوەکـان دەربکەویـت و یاسـا و دیــارخەری دۆخــی ئەکیــوزەتیڤی لەســەر ڕاناوەکــان دەربکەویــت لە زمــانەکە، بەڵام نەك بە پێچەوانەوە. وەکو زمانەکانی تۆنگان و کاڵکاتونگو.

**دووەم**: لەوانەیە زمانێـك یاسـای سیسـتەمی دۆخـی ئێرگەتیڤـی بـۆ نیشـاندانی دۆخ هەبێـت و سیستەمی دۆخی ئەکیوزەتیڤی هەبێت بۆ ڕیککەوتن، بەڵام نەك هەبوونی دیارخەری دۆخی بـۆ سیستەمی دۆخی ئەکیوزەتیڤی و ڕیککەوتن بۆ سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی. وەکو زمـانی وارڵ پیری کە زمانێکی ئوستراڵیە.

**سێیەم**: لەوانەیە زمانێك یاسای سیستەمی دۆخـی ئێرگەتیڤـی لە شارِستەکانیدا نیشان بـدات و یاسای سیستەمی دۆخی ئەکیوزەتیڤی لە لاڕستەکانی دەربخات، بەڵام نەك بە پێچەوانەوە.

**چـوارەم**: لەوانەیە زمانێـك سیسـتەمی دۆخـی ئێرگەتیڤـی لە دەمە تەواوەکـانی نیشـان بـدات و سیستەمی دۆخی ئەکیوزەتیڤی لە دەمە ناتەواوەکـانی نیشـان بـدات، بەڵام نەك بە پـێچەوانەوە. وەکو لە زمانی هیندی و کەشمیریدا[3].

1 . Comrie, B., (1978)., P.359-360.
2 . IBID, P.361.
3 . Anderson, J. M., (1977), On Case grammar: Prolegomena to a theory of grammatical relations, London, Croom Helm, P.137.

# بەشی چوارەم
# دۆخی ئێرگەتیڤ لە زمانی کوردیدا

## سیستەمی دۆخ لە زمانی کوردیدا

سەبارەت بە جۆری سیستەمی دۆخ لە کوردیدا و بۆ ئەوەی بزانرێ زمانی کوردی زمانێکی ئێرگەتیڤییە یان نا، سەرەتا دەبێت ئاماژە بە خودی زاراوە و چەمکی ئێرگەتیڤ بکرێ.

لەو زمانەی کە پێکهاتەی ئێرگەتیڤیان هەیە، بکەری ڕووکەشی ڕستەی تێنەپەڕ (S) و بەرکاری ڕستەی تێپەڕ (O) بە هاوشێوەی یەکتری دیارخەری دۆخی وەردەگرن، لەو کاتەی بکەری ڕستە تێپەڕەکە (A) جیاواز لە هەردووکیان دیارخەری دۆخی ئێرگەتیڤی وەردەگرێت. بە واتایەکی تر، لێکچوونێکی مۆرفۆلۆژی هەیە لە نێوان بکەری کارە تێنەپەڕەکە و بەرکاری کارە تێپەڕەکە، وەکو لە زمانی باسکیدا[1].

دەکرێت سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی بە شێوەی دیارخەری دۆخی لە سەر فرێزە ناوییەکان دەربکەوێت. کە تیایدا فرێزە ناویە بکەرەکەی کارە تێپەڕەکە (A) دیارخەری دۆخی ئێرگەتیڤی وەردەگرێت. هەرچی فرێزی ناوی بکەری ڕستەی کارە تێنەپەڕەکە (S) و فرێزی ناوی بەرکاری کارە تێپەڕەکەن (O) لە دۆخی نۆمینەتیڤیدا دەردەکەون، واتە دیارخەری دۆخییان سفرە، وەکو لە زمانی جۆرجیدا[2].

شتێکی زۆر باوە کە لە ماوەی پەرەسەندنی مێژووی ژمارەیەك لە زمانە هیندۆ-ئەوروپییەکان و سەرجەم زمانە هیندۆ-ئێرانییەکان بە جۆرێك لە جۆرەکان پەرەیان بە پێکهاتە و سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی داوە[3]. سیستەمی دۆخ و پلەی ئێرگەتیڤی لە زمانی کوردی بە پێی زار و شێوەزارەکان جیاوازییەکی هەیە، بۆیە لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێ هەندێ لایەنی سیستەمە دۆخییەکان بە گشتی و ئێرگەتیڤی بە تایبەتی لە سێ زاری زمانی کوردی بخرێنە ڕوو، ئەو زارانەش (کرمانجیی ژووروو، کرمانجیی ناوەڕاست، کرمانجیی خواروو).

---

1 . Amin, Waria Omar. (1979), P.135.
2 . IBID, P.135.
3 . Bynon, T., (1979), The ergative construction in Kurdish, Bulletin of the School of Oriental and African Studies, University of London, Vol.42, No. 2, P.211.

## أ- زاری کرمانجیی ژووروو:

له شێوەزارەکانی زاری کرمانجیی ژووروودا، ناو و ڕاناو گیرەکی دیارخەری دۆخی وەردەگرن. جگە له دۆخی بانگکردن، دوو دۆخی تریش تیایاندا هەیە کە بریتین لە دۆخەکانی ڕاستەوخۆ (Direct) و ناڕاستەوخۆ (Oblique)ن. ئەم دوو دۆخە بە هۆی جیاوازی پاشگرەوە لە یەکتری جیا دەکرێنەوە، یان بە هۆی گۆڕانی فۆرمی تەواوی وشەکەیە[1].

سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی لە زۆربەی زمانە هیندۆ-ئێرانییەکاندا لە دەمی ڕابردوودا دەردەکەوێت. دەمی ڕابردووش بە هۆی پێشگرە مۆدەڵەکانەوە دادەڕێژرێن کە ئەم پێشگرە مۆدەڵە لە خودی قەدی کارەکە وەردەگیرێت. دەمی ڕانەبردووش بە هەمان شێوە لە قەدی کارەکەوە دادەڕێژرێت، ئەگەرچی کە دەمی ڕانەبردوو دۆخی ئێرگەتیڤی نیشان نادات. کاری سادە، جا ڕابردوو بێت یان ڕانەبردوو، لە سێ بەش پێکدێت: (پێشگر+ قەدی کار+ پاشگری دیارخەری ژمارەی کەس)[2].

لە زاری ژووروی زمانی کوردیدا سێ گرووپی ڕاناوی کەسی هەیە: گرووپی یەکەم بە شێوەی سەربەخۆ دەردەکەون و گرووپی سێیەمیش بە شێوەی پاشگری دەردەکەوێت، وەکو لە خشتەی (1)دا دەخرێنەڕوو[3]:

**خشتەی (1) ڕاناوە کەسییەکانی زاری کرمانجیی ژووروو**

| کەس | گرووپی یەکەم A | گرووپی دووەم B | گرووپی سێیەم C |
|---|---|---|---|
| 1 | من | ئەز | –م |
| 2 | تە | تو | –ی |
| 3 | وی، وێ | ئەو | –ت، –یت، –Ø |
| 1 | مە | ئەم | –ین |
| 2 | وە | هون | –ن |
| 3 | وان | ئەو | –ن |

1 . Bynon, T., (1979), P.211.
2 . IBID, P.211.
3 . Amin, Waria Omar. (1979), P.137.

ڕانــاوە کەســییەکانی گروپــی یەکەم تەنیــا لەگەڵ کــاری تێــپەڕ دەردەکەون وەکــو بــکەر (A) دەردەکەون لە دەمی ڕابردوودا، وەکو بەرکار (O) دەردەکەون لە دەمی ڕانەبردوودا. کار هەرگیـز لەگەڵ ڕاناوە کەسییەکانی گروپی یەکەم ڕێکەوتـن ناکات. کاتێـك ئەو ڕانـاوە کەسییانە دەبـنە بـکەر، ئەوا کـارەکە لەگەڵ بەرکـارەکە ڕێـك دەکەوێـت، کـاتێکیش ئەو ڕانــاوە کەســیانە دەبــنە بەرکار، کارەکە لەگەڵ بکەرەکە ڕێکدەکەوێت. ڕانـاوە کەسـیەکانی گروپـی دووەم هەمیشە لەگەڵ کارەکە ڕێکدەکەون جا ئەو ڕاناوە کەسیانە چ ببنە بکەر چ ببنە بەرکار لە ڕستەدا[1].

گروپی دووەمی ڕاناوە کەسیەکان دەبنە بکەری ڕستەی تێنەپەڕیش لە دەمی ڕابردوودا، هەروەك چۆن دەبنە بکەری ڕستەی تێنەپەڕ و تێپەڕ لە دەمی ڕانەبردوودا. ئەم ڕاناوە کەسییانە دەتوانن ببنە بەرکاری کاری تێپەڕیش لە دەمی ڕابردوودا. خشتەی (2) سروشت و ئەرکی ڕاناوەکان دەخاتەڕوو لەگەڵ چۆنیەتی گونجان ڕێکەوتنی ئەو ڕاناوانە لەگەڵ کاردا[2]:

**خشتەی (2) ڕاناوە کەسییەکانی زاری کرمانجیی ژووروو بەپێی ڕابردوو و ڕانەبردوو**

| | ڕانەبردوو | | ڕابردوو | |
|---|---|---|---|---|
| | O | S | O | S |
| تێپەڕ | 1 | 2 | 2 | 1 |
| تێنەپەڕ | | 2 | | 2 |

ڕاناوی لکاو، یان پاشگری دیارخەری ژمارەی کەسی لە دەمـی ڕانەبـردوو و ڕابـردوو لە یەکتـری جیاوازن تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا، جیـاوازییەکەش ئەوەیە کە پاشـگری دیـارخەی ژمـارەی کەسی بۆ کەسی سێیەمی تاك لە دەمـی ڕانەبـردوودا بە ئاشـکرا دەردەکەوێـت، لەو کـاتە هەمـان ئەو پاشگرە دیـارخەرەی ژمـارەی کەسـی بـۆ کەسـی سـێیەمی تـاك لە دەمـی ڕابـردوودا سـفرە و نییە. وەکو لەم نموونانەی خوارەوەی زاری کورمانـجیی ژووروودا[3]:

1 . Amin, Waria Omar. (1979), P.137.
2 . IBID, P.137.
3 . Bynon, T., (1979), The ergative construction in Kurdish, Bulletin of the School of Oriental and African Studies, University of London, Vol.42, No. 2, P.212.

**خشتەی (3) ڕاناوی لکاو (پاشگری دیارخەری ژمارەی کەسی) لە زاری کرمانجیی ژووروو**

| تێپەڕیەتی | کەسی یەکەمی تاک | کەسی یەکەمی تاک | کەسی سێیەمی تاک | کەسی سێیەمی تاک |
|---|---|---|---|---|
| ڕانەبردووی تێنەپەڕ | من دەکەوم | Ez di-kev-im | ئەو دەکەوێت | Ew di-kev-e |
| ڕانەبردووی تێپەڕ | من دەبینم | Ez di-bîn-im | ئەو دەبینێت | Ew di-bîn-e |
| ڕابردوو تێنەپەڕ | من کەوتم | Ez ket-im | ئەو کەوت | Ew ket -Ø |
| ڕابردووی تێپەڕ | تۆ منت بینی | Te ez dît-im | من ئەوم دیت | Min ew dît |

لەو کاتەی کە کارەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت، ئەوا لەگەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆ ڕێك دەکەوێت لە کەس و ژمارە، واتە بەرکار لە چ کەس و ژمارەیەکدا بێت کاریش ڕاناوێکی لکاوی سەر بە هەمان کەس و ژمارە وەردەگرێت[1].

هەروەها دەمی ڕانەبردوو بەهۆی پێشگری (di) دەناسرێتەوە، واتە (پێشگری د + ڕەگی ڕانەبردووی کار + ڕاناوی لکاو). لەکاتێکدا دەمی ڕابردوو پێشگری نییە، واتە سفر (پێشگر Ø + قەدی ڕابردووی کار + ڕاناوی لکاو)[2]، ڕاناوە لکاوەکانیش پاشگری دیارخەری ژمارەی کەسین. وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا:

| | نموونە | دەم و تێپەڕیەتی | دارشتنەکەی |
|---|---|---|---|
| 1 | Hesp dikeve<br>ئەسپەکە دەکەوێت | ڕانەبردووی تێنەپەڕ | پێشگری **di** + ڕەگی ڕانەبردوو + ڕاناو |
| 2 | Hesp dikevin<br>ئەسپەکان دەکەون | ڕانەبردووی تێنەپەڕ | پێشگری **di** + ڕەگی ڕانەبردوو + ڕاناو |
| 3 | Mirov hat<br>پیاوەکە هات | ڕابردووی تێنەپەڕ | پاشگری **Ø** + قەدی ڕابردووی کار + ڕاناو |

1 . وریا عومەر ئەمین. (1983)، لایەنێکی جیاوازی، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق- دەستەی کوردی، ژ10، ل274.

2 . Bynon, T., (1979), P.212.

| | | | |
|---|---|---|---|
| 4 | **Mirov hatin**<br>پیاوەكان هاتن | ڕابردووی<br>تێنەپەڕ | پاشگری **Ø** + قەدی ڕابردووی كار + ڕاناو |
| 5 | **Hesp mirovî dibîne**<br>ئەسپەكە پیاوەكە دەبینێت | ڕانەبردووی<br>تێپەڕ | پێشگری **di** + ڕەگی ڕانەبردوو + ڕاناو |
| 6 | **Hesp mirovan dibîne**<br>ئەسپەكە پیاوەكان دەبینێت | ڕانەبردووی<br>تێپەڕ | پێشگری **di** + ڕەگی ڕانەبردوو + ڕاناو |
| 7 | **Şivên hesp dît**<br>شوانەكە ئەسپەكەی بینی | ڕابردووی<br>تێپەڕ | پاشگری **Ø** + قەدی ڕابردووی كار + ڕاناو |
| 8 | **Şivên hesp dîtin**<br>شوانەكە ئەسپەكانی بینی | ڕابردووی<br>تێپەڕ | پاشگری **Ø** + قەدی ڕابردووی كار + ڕاناو |
| 9 | **Şivanan hesp dît**<br>شوانەكان ئەسپەكەیان بینی | ڕابردووی<br>تێپەڕ | پاشگری **Ø** + قەدی ڕابردووی كار + ڕاناو |
| 10 | **Şivanan hesp dîtin**<br>شوانەكان ئەسپەكانیان بینی | ڕابردووی<br>تێپەڕ | پاشگری **Ø** + قەدی ڕابردووی كار + ڕاناو |

**ئەوە دەبینرێت كە لە ڕستەكانی (1، 2، 3، 4) هەردوو فرێزی ناوی (ئەسپ و پیاو) دۆخی ڕاستەوخۆیان وەرگرتووە، ئەم دۆخە ڕاستەوخۆیەش بە شێوەی دۆخی (سفر) دەركەوتووە، جا فرێزە ناوییەكە تاك بێت یان كۆ، ڕانەبردوو بێت یان ڕابردوو و كارەكەش لەگەڵی ڕێك دەكەوێت.**

**ڕستەكانی ژمارە (5، 6)ن، وەكو ڕستەكانی (1، 2، 3، 4)ن، جگە لەوە نەبێت كە لە ڕستەكانی ژمارە (5، 6)دا فرێزی ناوی دووەم هەیە كە، مرۆڤە، لە دۆخی ناڕاستەوخۆ (Oblique)دایە و ئەركی بەركاری ڕاستەوخۆی ڕستەكە دەبینێت. هەرچەندە ڕستەكانی ژمارە (7، 8، 9، 10)ن بەركاری ڕستەكان (ئارگیومێنتی ئامانج) لە دۆخی ڕاستەوخۆدان و ئەو بەركارە لە ڕێكەوتندایە لەگەڵ كارەكە، بكەری لۆژیكی، واتە ئارگیومێنتی كارا، لە دۆخی ئێرگەتیڤدایە. ئارگیومێنتی**

کارای ئەو ڕستانەش بە نیشانەی ئێرگەتیڤ دیارخراوە، دیارخستنی لە ڕووی مۆفۆلۆژییەوە دیاردەیەکە تایبەتە بە پێکهاتەی ئێرگەتیڤی[1].

لە شێوەزارەکانی زاری کرمانجیی زمانی کوردیدا باری بۆ دەمی ڕانەبردوو هاوتایە بە دەمی ڕانەبردووی زمانە ئەکیوزەتیڤیەکانی وەکو لاتینی و ئینگلیزیدا. ڕستە تێپەڕەکان لە ڕووی پێکهاتەییەوە هاوتا و هاوتەریبن بە ڕستە تێنەپەڕەکان، جگە لەوەی کە ڕستە تێپەڕەکان فرێزیکی ناوی تریان هەیە کە ئەرکی بەرکارەکە دەبینێت. لەبەرانبەردا، دەمی ڕابردوو پێکهاتەی سینتاکسی ڕستە تێپەڕەکان ئێرگەتیڤێکی نموونەییە، لەبەرئەوەی کە ئەو ناوە فرێزەیەی کە کارەکەی لەگەڵ ڕێك دەکەوێت چیتر ئارگیومێنتی کارا (A) نییە، بەڵکو ئارگیومێنتی بەرکارە (O)، لەلای دەستە چەپی ڕستەکەوە ئارگیومێنتێکی تر هەیە کە ئەرکی کارا جێبەجێ دەکات[2].

## ب- کرمانجیی ناوەڕاست:

ئەم زارە بەڵگەی ئەوەی تێدا بەدی دەکرێت کە سیستەمی دۆخی نۆمینەتیڤ-ئەکیوزەتیڤیی هەبێت و لە هەمان کاتیشدا سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤ- ئەبسلوتیڤی هەبێت. لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا سێ گرووپی ڕاناوی کەسی لکاو هەیە کە بە شێوەی پاشگر دەردەکەوێت، وەکو لە خشتەی (3)دا دەخرێنەڕوو[3]:

---

1 . Bynon, T., (1979), P.213-214.
2 . IBID, P.215.
3 . Amin, Waria Omar. (1979), P.137.

**خشتەی (3) ڕاناوە کەسییەکانی زاری کرمانجیی ناوەڕاست**

| کەس | ڕاناوی جودا | ڕاناوی لکاو | | |
|---|---|---|---|---|
| | | گرووپی یەکەم A | گرووپی دووەم B | گرووپی سێیەم C |
| 1 | من | –م | –م | –م |
| 2 | تۆ | –یت | –یت | –ت |
| 3 | ئەو | –ت، –یت | –Ø | –ی |
| 1 | ئێمە | –ین | –ین | –مان |
| 2 | ئێوە | –ن | –ن | –تان |
| 3 | ئەوان | –ن | –ن | –یان |

ئەگەر سەرەنجی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی بدرێ، دەبینرێ کە ڕەفتاری کارە تێپەڕەکانی لە دەمی ڕابردوودا هاوچەشن و هاوبەرگ نین. ئەم دەرکەوتنەی دۆخی ئێرگەتیڤی بۆ ماوەیەك بەردەوام بوو لەنێو شێوەزارەکانی زاری ژووروی زمانی کوردی. لە شێوەزارەکانی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا ڕیزبوونی ئاسایی بۆ ڕستە تێپەڕەکان بریتیە لە:

(کارا+ بەرکار+ کار).

کارەکانیش یان قەدی ڕانەبردوون یان ڕابردوون، ئینجا کارەکە ڕاناوی لکاو (دیارخەری ژمارەی کەسی) گرووپی (A) یان (B) وەردەگرن. لە زاری ناوەڕاستدا دیاریخەری ژمارەی کەسی گرووپی (A) یان (B) هاوتەریبە لەگەڵ زاری ژوورو، زاری ناوەڕاستیش خاوەنی گرووپی سێیەمیشە کە (C)یە.[1]. ئەم (10) ڕستەیەی خوارەوە کە بە زاری ناوەڕاستدان، هەمان نموونەی زاری ژووروون:

1 . Bynon, T., (1979), P.215.

| | نموونە و واتا | دەم و تێپەڕیەتی | دارشتنەکەی |
|---|---|---|---|
| 1 | Espeke dekewet<br>ئەسپەکە دەکەوێت | ڕانەبردووی تێنەپەڕ | پێشگریde+ ڕەگی کاری ڕانەبردوو+ ڕاناوی لکاو کۆمەڵەی A |
| 2 | Espekan dekewin<br>ئەسپەکان دەکەون | ڕانەبردووی تێنەپەڕ | پێشگریde + ڕەگی کاری ڕانەبردوو + ڕاناوی لکاو کۆمەڵەی A |
| 3 | Piyaweke hat<br>پیاوەکە هات | ڕابردووی تێنەپەڕ | پێشگری Ø + قەدی کار ڕابردوو + ڕاناوی لکاو کۆمەڵەی B |
| 4 | Piyawekean hatin<br>پیاوەکان هاتن | ڕابردووی تێنەپەڕ | پێشگری Ø + قەدی کار ڕابردوو + ڕاناوی لکاو کۆمەڵەی B |
| 5 | Espeke piyaweke debînêt<br>ئەسپەکە پیاوەکە دەبینێت | ڕانەبردووی تێپەڕ | پێشگری de + ڕەگی کاری ڕانەبردوو + ڕاناوی لکاو کۆمەڵەی A |
| 6 | Espeke piyawakan debînêt<br>ئەسپەکە پیاوەکان ئەبینێت | ڕانەبردووی تێپەڕ | پێشگری de + ڕەگی کاری ڕانەبردوو + ڕاناوی لکاو کۆمەڵەی A |
| 7 | Şiwaneke espekey bînî<br>شوانەکە ئەسپەکەی بینی | ڕابردووی تێپەڕە | ...- ڕاناوی لکاو کۆمەڵەی C + قەدی کار ڕابردوو |
| 8 | Şiwaneke espekanî bînî<br>شوانەکە ئەسپەکانی بینی | ڕابردووی تێپەڕە | ...- ڕاناوی لکاو کۆمەڵەی C + قەدی کار ڕابردوو |
| 9 | Şiwanekan espekeyan bînî<br>شوانەکان ئەسپەکەیان بینی | ڕابردووی تێپەڕە | ...- ڕاناوی لکاو کۆمەڵەی C + قەدی کار ڕابردوو |
| 10 | Şiwanekan espekanyan bînî<br>شوانەکان ئەسپەکانیان بینی | ڕابردووی تێپەڕە | ...- ڕاناوی لکاو کۆمەڵەی C + قەدی کار ڕابردوو |

لەم ڕستانەی سەرەوەدا چوار جۆر ڕستە دەبینرێ، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ڕستەکان تێپەڕ بن یان تێنەپەڕ بن، ڕابردوو بن یان ڕانەبردوو بن، ژمارەی کەسی بکەر بە بەردەوامی بەهەمان شێوە دووبارە دەبێتەوە.

بەهەمان شێوەی زاری کرمانجیی ژووروو، ڕستەکانی ژمارە (1) بۆ (6) ڕاناوی لکاوی (دیارخەری ژمارەی کەسی) گرووپی (A) لە ڕانەبردووی تێنەپەڕ دەردەکەوێت. لە کاتێکدا دیارخەری ژمارەی کەسی گرووپی (B) وەردەگرن لە باری ڕابردووی تێنەپەڕدا. لە ڕستەکانی ژمارە (7 بۆ

10) ئەوە نیشان دەدەن کە کارەکان هەموو ڕابردووی تێپەڕن و هەندێك لە دیارخەری ژمارەی کەسی گرووپی (C) وەردەگرن و هەروەها ئەو دیارخەری ژمارەی کەسی گرووپی (C) شوێنی جیاواز لە دیارخەری ژمارەی کەسی گرووپی (A) و (B) داگیردەکەن و ئەو دیارخەرە ژمارەیە کەسانەی گرووپی (C) بە قەدی کارەکەوە نانووسێن، بەڵکو دەچنە سەر بەرکارە ڕاستەوخۆکە. تەنیا ئەگەر بەرکاری ڕاستەوخۆ بە شێوەیەکی دیار دەرنەکەوێت، ئەوا ئەو دیارخەرانە ژمارەی کەسی گرووپی (C) بە شێوەی پاشگر دەچنە سەر قەدی کارەکە[1].

بە گوێرەی خودی پێناسەی ئێرگەتیفی بێت کە دەڵێت: بکەری کارێکی تێنەپەڕ (S) دەبێتە بەرکاری کاری تێپەر (O) بۆ ئەو کارانەی کە لە تێپەڕ و تێنەپەڕدا دەردەکەون. بەپێی ئەم پێناسەیە بێت زارەکانی ناوەڕاستی زمانی کوردی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیفیان هەیە، بەڵام ئەم سیستەمە دۆخییە تەنیا لە دەمە ڕابردووەکاندا دەردەکەوێت. ڕاناوە کەسییە لکاوەکان، واتە ئەو ڕاناوە کەسیانەی بە شێوەی پاشگر دەردەکەون و لەگەڵ کارە تێنەپەڕەکان دەردەکەون، ڕۆڵی بکەر دەبینن کاتێك کە لەگەڵ کارە تێپەڕەکان دەردەکەون لە پێکهاتەیەکی کاریدا بۆ ئەوەی ئەو ڕاناوە کەسییانە کە بە شێوەی پاشگر دەردەکەون ئەرکی بەرکار ببینن لە دەمی ڕابردوودا[2]. وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونده‌بێتەوە:

(1) ئێمە دەنووین/ تێنەپەڕ

| ئێمە | دە | نوو | ین |
|---|---|---|---|
| بکەر | ن. بەردەوامی | ڕەگی نووستن | ڕاناوی لکاو- بکەر/ ئێمە |

(2) بینیتین (تۆ ئێمەت بینی)/ تێپەڕ

| بینی | ت | ین |
|---|---|---|
| قەدی بینین | ڕاناوی لکاو- بکەر/ تۆ | ڕاناوی لکاو- بەرکار/ ئێمە |

1 . Bynon, T., (1979), P.216.
2 . Amin, Waria Omar. (1979), P.136.

لەبەرانبەردا، ئەو ڕیکەوتنەی کار (verbal agreement) کە لە شێوەزارەکانی ژووررووی زمانی کوردیدا هەیە لە دەمی ڕابردووی تێپەڕ، بارێکی نموونەیی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤییە. کاتێ کە کارەکە تێپەڕ بێت لە دەمی ڕابردوو، ئەوا کار لەگەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆ ڕێك دەکەوێ لە کەس و ژمارە، واتە بەرکار لە چ کەس و ژمارەیەکدا بێت کاریش ڕاناوێکی لکاوی ڕێکەوتن سەر بە هەمان کەس و ژمارە وەردەگرێت، وەکو لە (**3**) و (**4**)دا ڕوونە:

(3) ئەم دبین/ تێنەپەڕ

| ئەم | د | ب | ین |
|---|---|---|---|
| ئێمە | ن. بەردەوامی | ڕەگی بوون | ڕاناوی لکاو- بکەر/ ئێمە |

کارێکی تێپەڕ دەگونجێت و ڕێك دەکەوێت لەگەڵ بەرکاری ڕستەوخۆدا، وەکو (4)دا:

(**4**) وی ئەم دیتین/ تێپەڕ

| وی | ئەم | دیت | ین |
|---|---|---|---|
| ئەو | ئێمە/ بەرکار | قەدی دیتن | ڕاناوی لکاو- بەرکار/ ئێمە |

لە زاری ناوەڕاستدا ئەگەر بەرکاری ڕاستەوخۆ بەو وشەیەك یان بە ڕاناوێکی جودا دەربڕاوە، ئەوا پێویستی بە دەرچوونی ڕاناوی لکاوی ڕێکەوتن نییە، بەڵام لە کاتی نەبوونی بەرکاری ڕاستەوخۆ بە فۆرمی وشەیەك یان ڕاناوی جودا کە ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوا ڕاناوی لکاوی ڕێکەوتن دەردەچێ بۆ ئاماژەکردن بۆ بەرکارە ڕاستەوخۆکە(*)، بۆ نموونە:

(**5**) ئێمە تۆمان بۆ ئەوان نارد

---

* لە شێوەزاری پشدەر کە سەر بە زاری ناوەڕاستی زمان زمانی کوردییە، دەبینرێ ڕیکەوتنی کار لەگەڵ بەرکار بە شێوەیەکی نموونەیی بێت، لە ڕابردووی کاری تێپەڕ بە شێوەیەکی زەقتر بەرچاو دەکەوێ لەوەی لە شێوەی نووسین بە زاری ناوەڕاستدا، بۆ نموونە: ١-نازدارێ جلەکانی شتوون، ٢-شیلانێ مریشکەکانی داکردوون، ٣-ئەمن کتێبەکانم خوێندوونەوە. تابان نووری حەمە سەعید. (**2010**)، شێوەزاری ناوچەی پشدەر، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ل**114**.

| ئێمە | تۆ | -مان | بۆ | ئەوان | نارد |
|---|---|---|---|---|---|
| بکەر | بەرکاری ڕاستەوخۆ | ڕاناوی لکاو-بکەر | پێشبەند | بەرکاری ناڕاستەوخۆ | قەدی کار |

**(6** ئێمە بۆ ئەوانمان ناردیت

| ئێمە | بۆ | ئەوان | -مان | نارد | -یت |
|---|---|---|---|---|---|
| بکەر | پێشبەند | بەرکاری ناڕاستەوخۆ | ڕاناوی لکاو-بکەر | قەدی کار | بەرکاری ڕاستەوخۆ |

بۆ زیاتر سەلماندنی هەبوونی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤ-ئەبسلوتیڤی دەبێ بنەمای تێست (تاقیکردنەوە) بەکاربهێنرێت لە بواری پەیوەندیی ڕێزمانیدا، بۆ ئەوەی دەستنیشانی ئەوە بکرێ کە دەکرێت سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی-ئەبسلوتیڤی لە زاری کرمانجیی ناوەڕاست بوونی هەبێت[1].

لەوانەیە هەمیشە ڕوون نەبێت کە ئایا زمانێکی دیاریکراو سیستەمی دۆخی نۆمینەتیڤ ئەکیوزەتیڤە یان ئێرگەتیڤ-ئەبسلوتیڤە، ئەمەش بەشێکی زۆری بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە ئەو زمانانە بەوە ناسراون سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤ-ئەبسلوتیڤیان هەبێت، ئارەزووی ئەوەش دەکەن کە سیستەمەی دۆخی نۆمینەتیڤ-ئەکیوزەتیڤیش لە زمانەکە هەبێت، نەك ئەوەی زمانێك هەر بەتەنیا سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی هەبێت[2]. لەو تێستانەی بەکاردەهێنرێت لەپێناو دیارخستنی ئێرگەتیڤتیی زمانەکان:

## أ-دیارخەرەکانی کۆتایی:

لەو زمانانەی کە سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤ-ئەبسلوتیڤیان هەیە، بکەر و بەرکار بەهەمان شێوەی دیارخەری کۆتایی وەردەگرن کە زۆربەی کات دیارخەرەکەش سفرە، لەوکاتەی

---

1 . Robyn C. F., (1985), Ergativity in Suleimaniye Kurdish, Originally presented at the Middle East Studies Association, 1985 Annual Meeting, P.1.

2 . Moravscik, E. A., (1978), On the Distribution of Ergative and Accusative Patterns. Lingua, Vol.45, P. 275.

ئارگیومێنتی کارا جیاواز لەوان دیارخەری دۆخی وەردەگرێت و دۆخەکەشی ئێرگەتیڤە. زمانی کوردی زاری ناوەڕاست ئەم جۆرە دیارخەرەی نییە لە دەمی ڕانەبردوو و لە دەمی ڕابردوو*[1].

## ب-دیارخستنی ڕاناوەکان:

لەو زمانانەی کە سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤ-ئەبسلوتیڤیان هەیە، لەوانەیە گرووپی ڕاناوی دیارخەر و دیارنەخراو هەبێت، وەکو لە زمانی تاتی، کە یەکێکە لە زمانە ئێرانییەکان. لەم جۆرە سیستەمە دۆخییەدا، ئەو ڕاناوانەی کە دەبنە بکەر و بەرکار دیارخەر وەرناگرن، لەوکاتەی ئەو ڕاناوانەی کە دەبنە کارا دیارخەر وەردەگرن. لە کرمانجیی ناوەڕاستی زمانی کوردی هیچ جۆرە گرووپ ڕاناوێکی دیارخەروەرگر و وەرنەگر بوونی نییە لە دەمی ڕانەبردوودا[2]، وەکو لەم دوو نموونەی خوارەوەدا:

(7) من دەچم بۆ سەیران

| من | دە | چ | م | بۆ | سەیران |
|---|---|---|---|---|---|
| بکەر/ کەسی 1-تاك | ن. بەردەوامی | ڕەگی چوون | ڕاناوی لکاو- کەسی 1-تاك/ من | پێشبەند | تەواوکەر |

(8) کارزان من بانگ دەکات

| کارزان | من | بانگ | دە | ك | ات |
|---|---|---|---|---|---|
| کارا | بەرکار | تەواوکەر | ن. بەردەوامی | ڕەگی کردن | ڕاناوی لکاو- کەسی3تاك/ ئەو |

*لە شێوەزاری خۆشناوەتی کە سەر بە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردییە، دیارخەری دۆخی ئێرگەتیڤ (ی، ێ) ماوە. بۆ نموونە: 1-کوڕی نان خوارد (کوڕەکە نانی خوارد)، 2-کیژێ دار نەبڕیبوو (کچەکە داری نەبڕیبوو)، 3-ئازادی کتاب لۆ نەوزادی هەنارد (ئازاد کتێبی بۆ نەوزاد نارد). نەبەز فەتاح بابەکر. (2009)، سیما تایبەتییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

1 . Robyn C. F., (1985), P.2.
2 . IBID, P.2.

دەكرێت ڕاناوی كەسی (من) لەڕستەیەك بكەر بێت و لە ڕستەیەكی تریش كارا بێت. هەروەها پێناچێت كە لە دەمی ڕابردووش ڕاناوی دیارخەروەرگر و دیارخەروەرنەگر هەبێت[1].

## ج-دیارخستنی كلیتیكەكان (Clitics)

هەندێك زمان لەوانەیە وشەبەست (كلیتیك) بەكار بێنن، كە ئەو وشەبەستانە دەركەوتنی سەربەخۆیان نییە، بەڵكو زیاتر ئەو وشەبەستانە دەدرێنە پاڵ توخمێكی تر لە ڕستەدا. ئەو وشەبەستانە دەتوانن وەكو ڕاناوی بەند دەربكەون لەسەر كار یان توخمەكانی تری ڕستە.

ئەو وشەبەستە ڕاناویانە دەتوانن ببنە بكەر، بەركار، كارا. ئەگەر گرووپی ئەو وشەبەستانەی دەبنە بكەر و بەركار جیاواز بن لە گرووپی ئەو وشەبەستانە كە دەبنە كارا، ئەوا بەڵگەی هەبوونی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیفی مۆرفۆلۆژیە لەو زمانەدا. زاری ناوەڕاستی زمانی كوردی دوو گروپی وشەبەستی هەیە لە دەمی ڕانەبردوو گروپی یەكەمی وشەبەستە ڕاناویەكان بە شێوەی بكەر و كارا دەردەكەون (وشەبەستە دیارخەر وەرنەگرەكان)، بەركاریش گروپی دووەمی وشە بەستە ڕاناویەكان وەردەگرێت (وشەبەستە دیارخەر وەرگرەكان)[2]. وەكو لە خشتەی (4) دیارە:

**خشتەی ژمارە ( 4 )وشەبەست لە دەمی ڕانەبردوو**

| | |
|---|---|
| بەركاری ڕاستەوخۆ (O )<br>گروپی دووەمی وشەبەست | ئەنجامدەر (A)<br>گروپی یەكەمی وشەبەست |
| | گروپی یەكەمی وشەبەست<br>بكەر (S) |

1 . Robyn C. F., (1985), P.2-3.
2 . IBID, P.3.

لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینین کە وشەبەستی ڕاناوی (ین) کە بۆ کەسی یەکەمی کۆیە، وەکو بکەر دەرکەوتووە لە ڕستەی ژمارە (9)، و لە ڕستەی ژمارە (10)، وەکو کارا دەرکەوتووە. دەبینین کە هەردوو وشەبەستە ڕاناوییەکەی کە بوونەتە بکەر و کارا سەر بەیەك گروپن، لەو کاتە وشەبەستی ڕاناوی (م)، کە بۆ کەسی یەکەمی تاکە، لە ڕستەی ژمارە (10)دایە بۆتە بەرکار و گروپی دووەم وشەبەستە ڕاناوییەکانی وەرگرتووە[1].

| (9) ئێمە | نا- | چ | -ین |
|---|---|---|---|
| بکەر<br>کەسی1ی کۆ | نیشانەی<br>نەرێ | ڕەگی کاری<br>چوون | ڕاناوی کەسی1ی کۆ<br>وشەبەست/ گرووپی یەکەم |

| (10) دە | -ی | کڕ | -ێت |
|---|---|---|---|
| م.بەردەوامی | ڕاناوی کەسی3ی تاك<br>وشەبەست/ گرووپی دووەم | ڕەگی کاری<br>کڕین | ڕاناوی کەسی2ی کۆ<br>وشەبەست/ گرووپی یەکەم |

هەرچەندە لە دەمی ڕابردوودا، ئەو ڕاناوە وشەبەستی بکەر و بەرکارەکەن کە سەر بەهەمان گروپن، گروپی یەکەم، لەو کاتەی کاراکە سەر بە گروپی دووەمی وشەبەستە ڕاناویەکانە. وەکو لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا دەردەکەوێت[2]:

**خشتەی ژمارە ( 5 ) وشەبەست لە دەمی ڕابردوو**

| | |
|---|---|
| بەرکاری ڕاستەوخۆ (O)<br>گروپی یەکەم وشەبەست | کارا (A)<br>گروپی دووەمی وشەبەست |
| گروپی یەکەمی وشەبەست<br>بکەر (S) | |

1 . Robyn C. F., (1985), P.3.
2 . IBID, P.3.

له ڕستەی ژمارە (11) و (12)دا بکەرەکان بەرکاری ڕستەی ژمارە (11) سەر بەهەمان گروپی وشەبەستی ڕاناوین کە گروپی یەکەمە[1].

| (11) چوو | -ن | -ە | ماڵەوە |
|---|---|---|---|
| قەدی کاری چوون | بکەر ڕاناوی کەسی3ی کۆ وشەبەست/ گرووپی یەکەم | | بەرکار |

بەم شێوەیە، لە دەمی ڕبردوودا دەبینین کە وشەبەستە ڕاناویەکانی کە دەبنە بکەر و بەرکار سەر بە هەمان گرووپن کە گرووپی یەکەمە، لەوکاتەی ئەو وشەبەستە ڕاناویەی کە دەبێتە کارا سەر بە گروپێکی تره کە گروپی دووەمە. لەبەرانبەردا، ئەو وشەبەستە ڕاناویانەی کە دەبنە بکەر و کارا سەر بەهەمان گرووپن کە گرووپی یەکەمە، لەو کاتەی ئەو وشەبەستە ڕاناویەی کە دەبێتە بەرکار بە شێوەیەکی جیاواز ڕەفتار دەکات و سەر بە گرووپی دووەمە. بەم جۆرە وا دەردەکەوێت کە بە پێ بنەمای دیارخستنی وشەبەست بێت، زاری ناوەڕاست لە ڕووی مۆرفۆلۆژیەوە خاوەن سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤییە لە دەمی ڕابردوودا، بەڵام لە دەمی ڕانەبردوودا وا نییە[2].

## د- ڕێککەوتن (Agreement)

ڕێککەوتنی کار یەکێکە لە سیفەتە مۆرفۆلۆژییەکان کە جێبەجێکردنی ئەم سیفەتە دەستنیشانی ڕادەی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی دەکات لە زمانێکدا. ئەگەر کارەکە ڕێککەوتنی نیشاندا لەگەڵ بکەر یان بەرکاری ڕاستەوخۆ بە جۆرێك لە جۆرەکان، ڕێکەوتنی لەگەڵ کاراکە نیشان دا بە جۆرێکی جیاوازتر لەوەی کە نیشانی دا لەگەڵ بکەر و بەرکارە ڕاستەوخۆکە، ئەوا ئەمە بەڵگەی هەبوونی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی بێت [3]. بەگوێرەی ئەم پێناسانەی کە تا

1 . Robyn C. F., (1985), P.3.
2 . IBID, P.3-4.
3 . Dixon, R. M. W., (1979), Ergativity, Language, Vol 55, Linguistic Society of America, P.66. & Trask, R. L., (1979), On the origins of ergativity, Ergativity: Towards a theory of grammatical relations, London, Academic Press, P.388.

ئێستا بۆ ڕێکەوتنی کار کراون، هەندێك کێشە هەیە لە وەسفکردنی ڕێکەوتنی کار لە زمانی کوردی زاری ناوەڕاستدا:

**یەکەم**: وشەبەستەکانی ڕێکەوتنی کار لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی بە شێوەیەکی بنەڕەتی هاوسنوور و لە تەنیشت کارەکەوە نایەن، بۆ نموونە، چەند بارێکی وەها هەیە کە تیایاندا وشەبەستەکە ڕێکەوتنی لەگەڵ کارای کارەکە هەیە، نەك لەگەڵ خودی کارەکە، ئەو کاراش لە کارەکە کراوەتەوە و گواستراوەتەوە بۆ توخمێکی پێشووتر.

**دووەم**: ئەو وشەبەستەی کە ڕێکەوتنی هەیە لەوانەیە ئاماژەپێکەرێکی ئاشکرای نەبێت، بە واتایەکی تر، لەوانەیە فریزێکی ناوی درەبڕدراو نەبێت تاوەکو وشەبەستەکە ئاماژەی بۆ بکاتەوە. بەم پێیە لە ڕێکەوتنی نێوان کارەکە و فریزە ناوییەکە لەوانەیە وشەبەستەکە تاکە ئاماژەپێدەر بێت.

**سێیەم**: لەوانەیە زیاتر لە وشەبەستێك لە ڕستەکە هەبێت، لەوانەیە هەموو ئەو وشە بەستانە لەسەر کارەکە یان لە شوێنی تری ڕستەکە بن[1].

بۆ دەستنیشانکردنی ڕێکەوتنی کار لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی، پێویستە سێ بنەما بگیرێتە بەر:

**یەکەم**: گرووپی وشەبەستەکە، بۆ نموونە (وشەبەستی گرووپی یەکەم، وشەبەستی گرووپی دووەم).

**دووەم**: ئایا وشەبەستەکە بە کارەکەوە لکێندراوە یان نا؟

**سێیەم**: ئەو بارودۆخانەی کە تیایاندا وشەبەستەکە پێویستە.

سەبارەت بە بنەمای یەکەم، پەیوەندی نێوان کارەکە و ئەو فریزە ناوییەی کە لەگەڵی ڕێکەوتووە، پەیوەندییەکی دیارخراو نییە، هەر بۆیە دەبێت لەم بارەدا وشەبەستەکانی گرووپی یەکەم بەکاربێن، نەك گرووپی دووەم. هەروەك لە زمانی مۆدێرنی فارسیدا کە ڕێکەوتنی کار بە هۆی وشەبەستەکانی گرووپی یەکەمەوە نیشان دەدرێت لەسەرجەم دەمەکاندا، بە بێ

---

1 . Robyn C. F., (1985), P.4.

لەبەرچاوگرتنی تێپەڕیەتی کارەکە. لە ڕاستیدا، وشەبەستەکانی گرووپی یەکەم لە سێ چواریەکی ڕستە تێپەڕەکان ڕێکەوتنی کار نیشان دەدەن.

لە دەمی ڕانەبردوودا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی تێپەڕیەتی کارەکە، وشەبەسەتەکانی گرووپی یەکەم ڕێکەوتن کارەکە نیشان دەدەن یان لەگەڵ بکەرەکە یان لەگەڵ کاراکە. وشەبەستەکانی گرووپی دووەم کاتێك ڕێکەوتنی کاری نیشاندەدەن، واتای هەبوونی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەگەیەنن. لەدەمی ڕابردوودا، ڕێکەوتنەکە قڵیشاوە لە سەرانسەری ڕستە تێپەڕەکان، لە ڕستە ڕابردووە تێنەپەڕەکانیشدا، وشە بەستەکانی گرووپی یەکەم کاتێك دەردەکەون ڕێکەوتنی کارەکە لەگەڵ بکەرەکە نیشاندەدەن. هەرچەندە، لە دەمی ڕابردووی ڕستەی تێپەڕ، وشەبەستەکانی گرووپی یەکەمی سەرکارەکە ئاماژە بە بەرکاری ڕاستەوخۆدەکەن، نەك کاراکە. ئەوەی ئاماژە بە کاراکە دەکات ئەوە وشە بەستەکانی گرووپی دووەمن، لەوانە بە کارەکەوە نەنووسابن. بەم شێوەیە بنەمای یەکەم، کە گرووپی وشەبەستە ڕاناویەکانە ئەوە نیشاندەدات کە زمانەکە سیستەمی دۆخی نۆمینەتیف-ئەکیوزەتقی هەیە لە دەمی ڕانەبردوودا، کە تیایدا گرووپی یەکەمی وشەبەستە ڕاناویەکان ئاماژە بە ڕێکەوتنی کار دەکەن لەگەڵ بکەر و کارا. بە پێچەوانەوە، لە دەمی ڕابردوودا گرووپی یەکەمی وشە بەستە ڕاناوییەکان ئاماژە بە ڕێکەوتنی کارەکە دەکەن لەگەڵ بکەر یان بەرکار، ئەمەش سیستەمی دۆخی ئێرگەتیقی لە زمانە نیشان دەدات لە دەمی ڕابردوودا[1].

لەوانەیە مەسەلەیەك دێتە ئاراوە، ئایا وشەبەستەکە بە کارەکەوە نووساوە یان نا. لەوانەیە ئەمە کەمێك کێشەدار بێت لەوەی کە وشەبەستە بەرکارەکان، بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لەسەر کارەکە دەرکەون، لەو کاتەی پێشخستنی ئەو وشەبەستەی کە دەبێتە کارا لە دەمی ڕابردوودا لەوانەیە وا بکات کە تەنیا وشەبەستی سەر بەرکارەکە جێ بهێڵێت یان هیچ وشەبەستێك بەجێ نەهێڵێت.

لە دەمی ڕانەبردوودا وشەبەستە کاراکان وەکو پاشگر لەسەر کارەکە دەردەکەون، لەو کاتەی وشەبەستەکانی بەرکاری ڕاستەوخۆ لەوانەیە لەسەر کارەکە دەربکەون. لە دەمی ڕابردوودا، وشەبەستەکانی بکەر و بەرکار وەکو پاشگر لەسەر کارەکە دەردەکەون، وشەبەستی کارا

1 . Robyn C. F., (1985), P.5.

لەکارەکە دەکرێتەوە. بەم شێوەیە بە گوێرەی بنەمای دووەم بێت، زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی ئەنجامی تێکەڵی بەدەستەوە دەدات: شێوازی سیستەمی دۆخی نۆمینەتیف-ئەکیوزەتف لەدەمی ڕانەبردوو، شێوازی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیف-ئەبسلوتیف لە دەمی ڕابردووی کاری تێپەڕ.

واتە ئەگەر چاوێك بە هەرسێ بنەمایەکەدا بخشێنرێتەوە، دەبینین کە ڕێکەوتنی کار لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی بە شێوەیەکی قلێشاو کاردەکات. بە واتایەکی تر، سیستەمی ڕێککەوتنی کار توخمی هەردوو سیستەمی دۆخی نۆمینەتیف-ئەکیوزەتف و ئێرگەتیف-ئەبسلوتیف لە خۆ دەگرێت. ڕێککەوتنی کاری لە دۆخی ئێرگەتیڤی لە دەمی ڕابردوو دەردەکەوێت بە شێوەی وشەبەست و بەگوێرەی دەرفەتی ئەوەی کە کام وشەبەست لەسەر کار دەردەکەوێت. ڕێککەوتنی کار لە دۆخی ئەکیوزەتڤی لە زمانەکەدا لە دەمی ڕانەبردوو دەردەکەوێت بە گوێرەی دەرفەتی گرووپی وشەبەستەکە، بە گوێرەی ئەوەی کە کام وشەبەست لەوانەیە لەسەر کارەکە دەرکەوێت[1].

لە ئەنجامدا دەردەکەوێت کە هەبوونی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤی-ئەبسلوتیڤی لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوەیە و تەنیا لە دەمی ڕابردوودا. لە ڕووی سینتاکسییەوە زمانەکە لە هیچ دەمێك دۆخی ئێرگەتیڤی نیشان نادات[2].

---

1 . Robyn C. F., (1985), P.5-6.
2 . IBID P.12.

## ج-زاری کرمانجیی خواروو:

زاری کرمانجیی خواروو* وەك زاری کرمانجی ناوەڕاستدا سێ گروپی ڕاناوی کەسی لکاوی هەیە کە بە شێوەی پاشگر دەردەکەوێت، وەکو لە خشتەی (6)دا دەخرێنەڕوو[1]:

**خشتەی (6) ڕاناوە کەسییەکانی زاری کرمانجیی ناوەڕاست**

| کەس | ڕاناوی جودا | ڕاناوی لکاو | | |
|---|---|---|---|---|
| | | گروپی یەکەم A | گروپی دووەم B | گروپی سێیەم C |
| 1 | من، م | –م | –م | –م |
| 2 | تو، تن، ت | –ید | –ید | –د |
| 3 | ئەو | –یگ | Ø– | –ی |
| 1 | ئیمە | –یم(ن) | –یم(ن) | –مان |
| 2 | ئیوە | –ین | –ین | –دان |
| 3 | ئەوان | –ن | –ن | –یان |

ئەگەر سەرەنجی زاری خوارووی زمانی کوردی بدرێ، دەبینرێ کە ڕەفتاری کارە تێپەڕەکانی لە دەمی ڕابردوودا هاوچەشن و هاوبەرگن. ئەمەش جیاوازە لە هەردوو زاری ناوەڕاست و ژووروو.

کارەکان یان ڕەگی ڕانەبردوون یان قەدی ڕابردوون، لەگەڵ ڕاناوی لکاو (دیارخەری ژمارەی کەسی) گرووپی (A) بۆ ڕابردوو و (B) بۆ ڕانەبردوو وەردەگرێت. ئەم (10) ڕستەیەی خوارەوە کە بە زاری خواروودان، هەمان نموونەی زاری ژووروو و ناوەڕاستن:

---

* مەبەستی توێژەر لە زاراوەی زاری خواروو، ئەو زارە کوردییەی کە لە خوارووی کوردستان قسەی پێ دەکرێت، بۆ نموونە لە باشووری کوردستان (خانەقین، مەندەلی، جەلەولا، بەدرە، زرباتیە)، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کرماشان، ئیلام، سەرپێڵ زەهاو، سەومار).

1 . Amin, Waria Omar. (1979), P.137.

| دارشتنەکەی | دەم و تێپەڕیەتی | نموونە | |
|---|---|---|---|
| پاشگری Ø + ڕەگی ڕانەبردوو + ڕاناو | ڕانەبردووی تێنەپەڕ | Espege kefîg/ kefid<br>ئەسپەکە دەکەوێت | 1 |
| پاشگری Ø + ڕەگی ڕانەبردوو + ڕاناو | ڕانەبردووی تێنەپەڕ | Espeyle kefin<br>ئەسپەکان دەکەون | 2 |
| پاشگری Ø + قەدی ڕابردووی کار + ڕاناو | ڕابردووی تێنەپەڕ | Piyage hat<br>پیاوەکە هات | 3 |
| پاشگری Ø + قەدی ڕابردووی کار + ڕاناو | ڕابردووی تێنەپەڕ | Piyageyle hatin<br>پیاوەکان هاتن | 4 |
| پاشگری Ø + ڕەگی ڕانەبردوو + ڕاناو | ڕانەبردووی تێپەڕ | Espege piyage dunîg/dunid<br>ئەسپەکە پیاوەکە دەبینێت | 5 |
| پاشگری Ø + ڕەگی ڕانەبردوو + ڕاناو | ڕانەبردووی تێپەڕ | Espege piyageyle dunîg/dunid<br>ئەسپەکە پیاوەکان دەبینێت | 6 |
| پاشگری Ø + قەدی ڕابردووی کار + ڕاناو | ڕابردووی تێپەڕ | Şiwanege espege dî<br>شوانەکە ئەسپەکەی بینی | 7 |
| پاشگری Ø + قەدی ڕابردووی کار + ڕاناو | ڕابردووی تێپەڕ | Şiwanege espeylege dîn<br>شوانەکە ئەسپەکانی بینی | 8 |
| پاشگری Ø + قەدی ڕابردووی کار + ڕاناو | ڕابردووی تێپەڕ | Şiwaneylege espege dîn<br>شوانەکان ئەسپەکەیان بینی | 9 |
| پاشگری Ø + قەدی ڕابردووی کار + ڕاناو | ڕابردووی تێپەڕ | şiwaneylege espeylege dîn<br>شوانەکان ئەسپەکانیان بینی | 10 |

لەم ڕستانەی سەرەوەدا دەبینرێ، لە ڕستەکانی ژمارە (1) بۆ (10) ڕاناوی لکاوی (دیارخەری ژمارەی کەسی) گرووپی (A) لە ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ دەردەکەوێت. لە کاتێکدا دیارخەری ژمارەی کەسی گرووپی (B) لە باری ڕابردووی تێپەڕ و تێنەپەڕدا.

گرووپی (C) شوێنی جیاواز لە دیارخەری ژمارەی کەسی گرووپی (A) و (B) داگیردەکەن و لە هەموو حاڵەتەکانی کاری تێپەڕ لە باری ڕابردوو و ڕانەبردوو دەبێتە بەرکار.

بە گوێرەی خودی پێناسەی ئێرگەتیڤی بێت کە دەبێ بکەری کارێکی تێنەپەڕ (S) ببێتە بەرکاری کاری تێپەر (O) بۆ ئەو کارانەی کە لە تێپەڕ و تێنەپەڕدا دەردەکەون. بەپێی ئەم پێناسەیە بێت زاری خوارووی زمانی کوردی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤیی نییە، نە لە دەمە ڕابردووەکان و نە لە دەمە ڕانەبردووەکاندا دەردەکەوێت.

بۆ زیاتر سەلماندنی نەبوونی سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤ-ئەبسلوتیڤی، وبەگوێرەی بنەمای تێست (تاقیکردنەوە) ئەوەی کە لە بواری پەیوەندیی ڕێزمانییدا بەکار دەهێنرێت، بۆ دەستنیشانکردنی ئێرگەتیڤتیی زمانەکان:

## أ-دیارخەرەکانی کۆتایی:

زاری کرمانجیی خوارووی زمانی کوردی ئەم جۆرە دیارخەرەی نییە، نە لە دەمی ڕانەبردوو و نە لە دەمی ڕابردوو.

## ب-دیارخستنی ڕاناوەکان:

لە زاری کرمانجیی خوارووی زمانی کوردی هیچ جۆرە گرووپ ڕاناوێکی دیارخەروەرگر و دیارخەروەرنەگر بوونی نییە لە دەمی ڕانەبردوودا[1]، وەکو لەم دوو نموونەی خوارەوەدا:

---

1 . Robyn C. F., (1985), P.2.

(13) من چم ئەڕا سەیران

| سەیران | ئەڕا | م | چ | ∅ | من |
|---|---|---|---|---|---|
| تەواوکەر | پێشبەند | ڕاناوی لکاو- کەسی 1-تاك/ ئێمە | ڕەگی چوون | ن. بەردەوامی | بکەر/ کەسی 1-تاك |

(14) کارزان من بانگ کەیگ

| یگ | کە | ∅ | بانگ | من | کارزان |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕاناوی لکاو- کەسی3تاك/ ئەو | ڕەگی کردن | ن. بەردەوامی | تەواوکەر | بەرکار | کارا |

دەکرێت ڕاناوی کەسی (من) لەڕستەیەك بکەر بێت و لە ڕستەیەکی تریش کارا بێت.

## ج-دیارخستنی کلیتیکەکان (Clitics)

ئەو وشەبەستە ڕاناویانە لە زاری خوارووودا دەتوانن ببنە بکەر، بەرکار، کارا. گرووپی ئەو وشەبەستانەی دەبنە بکەر و کارا جیاواز بن لە گرووپی ئەو وشەبەستانە کە دەبنە بەرکار، ئەوەش بەڵگەی هەبوونی سیستەمی نۆمینەتیف- ئەکیوزەتیف لەو زمانەدا. زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی دوو گروپی وشەبەستی هەیە لە هەردوو دەمی ڕانەبردوو و ڕابردوو گروپی یەکەمی وشەبەستە ڕاناویەکان بە شێوەی بکەر و کارا دەردەکەون، بەرکاریش گروپی دووەمی وشە بەستە ڕاناویەکان وەردەگرێت[1]. وەکو لە خشتەی (7) دیارە:

---

1 . Robyn C. F., (1985), P.3.

**خشتەی ژمارە (7) وشەبەست لە دەمی ڕابردوو و ڕانەبردوو**

| | |
|---|---|
| بەرکاری ڕاستەوخۆ (O )<br>گروپی دووەمی وشەبەست | کارا (A)<br>گروپی یەکەمی وشەبەست |
| | گروپی یەکەمی وشەبەست<br>بکەر (S) |

لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینین کە وشەبەستی ڕاناوی (ید) کە بۆ کەسی یەکەمی کۆیە، وەکو بکەر دەرکەوتووە لە ڕستەی ژمارە (9)، و لە ڕستەی ژمارە (10)، وەکو کارا دەرکەوتووە. دەبینین کە هەردوو وشەبەستە ڕاناوییەکەی کە بوونەتە بکەر و کارا سەر بەیەك گروپن، لەو کاتە وشەبەستی ڕاناوی (ی)، کە بۆ کەسی یەکەمی تاکە، لە ڕستەی ژمارە (10)دایە بۆتە بەرکار و گروپی دووەم وشەبەستە ڕاناوییەکانی وەرگرتووە.

| (15) ئیمە | نیە- | چ | -ید |
|---|---|---|---|
| بکەر<br>کەسی1ی کۆ | نیشانەی<br>نەرێ | ڕەگی کاری<br>چوون | ڕاناوی کەسی2ی تاک<br>وشەبەست/ گرووپی یەکەم |

| (16) Ø | خوە | -ید | -ەی |
|---|---|---|---|
| م.بەردەوامی | ڕەگی کاری<br>خواردن | ڕاناوی کەسی2ی تاک<br>وشەبەست/ گرووپی یەکەم | ڕاناوی کەسی3ی تاک<br>وشەبەست/ گرووپی دووەم |

### د-_ڕێککەوتن (Agreement)

لە زاری خوارووی ڕێکەوتن لەنێوان (بکەر و کاری تێنەپەڕ)ی ڕابردوو و ڕانەبردوو و (کارا و کاری تێپەڕ)ی ڕابردوو و ڕانەبردوو. واتە کارەکە ڕێککەوتنی لەگەڵ بکەر بە جۆرێك لە جۆرەکان، بە هەمان شێوەی ڕێکەوتنی لەگەڵ کاراکە نیشان دەدات. ئەمەش بەڵگەی هەبوونی سیستەمی دۆخی نۆمینەتیف- ئەکیوزەتیفە.

# ئەنجامەكان

١-دۆخ ئاماژە بۆ (ئەو ئەرك و پەیوەندییە سینتاكسییانە كە بەشە بنجییەكانی ڕستە دەستینشانی دەكەن)، یان (ئەو نیشانانەی كە دەخرێتە سەر فرێزەكانی ڕستەیەك بە هۆی ئەركەكەیەتی بە مەبەستی لێكدانەوەی فرێزەكانی ناو ڕستە و ناسینەوەی پەیوەندی نێوانیان)، یان (سیستەمی دۆخی)، یان (دیاریكردنی ئەو پەیوەندییە كە ناوێك بەرامبەر بە كارێك هەیەتی لە ئاستی ڕستەدا، یان ناوێك بەرامبەر ئامرازی بەند لە ئاستی فرێزی بەندد).

٢-ژمارەی دۆخەكان لە هەموو زمانەكاندا لە بنج (ڕۆنانی قووڵ)دا وەك یەكن. ئەوەندەیە زمانەكان لە ڕووی تایپۆلۆژییەوە لە سیما (ڕۆنانی ڕووكەش)دا جیاوازی پێشان دەدەن لە چۆنیەتی دارشتنی ڕێزمانییان

٣-سیستەمی دۆخ لە ڕێگەی (دیارخەر و نیشانەی دۆخ دیاری دەكرێت)، یان (ڕێكەوتنی نێوان بكەر و كار و بەركار)، یان (بە هۆی وشەبەستەكان "كلیتیك")، یان (ڕیزبوونی وشەكان) دیاری دەكرێت.

٤-سیستەمی دۆخی نۆمینەتیف-ئەكوزەتیڤ لە هەر سێ دیالێكتی سەروو و ناوەڕاست و خواروودا هەیە. سیستەمی ئێرگەتیف-ئەبسولەتیڤ لە دەمی ڕابردووی تێپەری دیالێكتی (ژووروو و ناوەڕست)دا هەیە، بەڵام لە دیالێكتی (خواروو)دا نییە.

٥-ئەو ئێرگەتیڤەی كە لە زارە كوردییەكاندا هەیە ئێرگەتیڤێكی قلیشاوە، چونكە تەنها لە دەمی ڕابردووی تێپەڕدا دەردەكەوێت.

٦-نیشانەی دۆخ (دیارخەری دۆخی) لە زمانی كوردی لە ئاستی دیالێكتە جیاوازەكاندا، بە شێوەیەكی لێكجیاوازدا هەیە. نیشانانەكانی دۆخ بەرەو لەناوچوون دەچن، بەڵگەی ئەوەش بوونی ئەو نیشانانە یان پاشماوەكانی لە چەند شێوەزارێكی زاری كورمانجیی ناوەڕاست. هۆكاری نەمان یان بەرەو لەناوچوونی دیارخەری دۆخی بۆ بنەمای ئابووریكردن لە زمان و ئاسانبوونەوەی دەگەڕێتەوە.

٧-زمانی كوردی بە شێوەیەكی جیاواز دۆخ پیشان دەدات. زاری كورمانجیی سەروو لە ڕووی پیشاندانی دۆخەوە دەوڵەمەندە. شێوەزارەكانی زاری ناوەڕاست جیاوازن لە ڕووی پیشاندانی دۆخەوە.

# سەرچاوەکان

## به زمانی کوردی


- **ئومێد بەرزان برزۆ**. (2009)، ڕێزمانی جێناو لە شـــێوەزاری خانەقیدا، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

- **بازیان یوونس محێددین**. (2013)، پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، خانەی موکریانی، هەولێر.

- **تابان نووری حەمە سەعید**. (2010)، شێوەزاری ناوچەی پشدەر، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- **تالیب حوســـێن عەلی**. (2014)، زانســـتی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- **حاتەم ولیا محەمەد**. (2009)، پەیوەندییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.

- **حەیـدەر حـاجی خـدر**. (2010)، تـایبەتمەنـدییە مۆرفۆلۆژییەکـانی زمـانی کوردی لە ڕوانگەی پۆلینی مۆرفۆلۆژیـانەی زمـانەکەوە، مـاســـتەرنـامە، کۆلێجی زمـان. زانکۆی سەلاحەدین.

- **سـەباح ڕەشـید قادر. (2009)**، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسـەڵات و بەسـتنەوە (**GB**) لە زمانی کوردیدا، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- **سەلاح حەویز ڕەسوول**. (2014)، پرەنسیپی بەئابووریکردن لە زمانی کوردیدا- لە ڕوانگە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بچووکترین پرۆگرامدا، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- **غازی عەلی خورشید**. (2013)، ڕێزمان، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- **ڤیان سلێمان حاجی**. (2009)، کەرەستە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە-شیوەزاری کرمانجی سەروو، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- **ڤیان ئیبراهیم عەلی ئیبو**. (2015)، دۆخ د زمانێ کوردیدا- گوڤەرا بەهدینی، دکتۆرانامە، سکولی ئاداب، زانکۆی دهۆك.
- **ك.ك.کوردۆیێڤ**. (1984)، وەرگێڕان: کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی- بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، چاپخانەی (الادیب البغدادي)، بەغداد.
- **کوردستان موکریانی**. (1986)، سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی (دارالحرية)، بەغداد.
- **لەیلا جەلیل عەباس**. (2003)، نێر و مێ لە زمانی کوردیدا- بە کەرەستەی کرمانجیی ژووروو و خواروو، دکتۆرانامە، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغداد، بەغداد.
- **محەمەدی مەحوی**. (2001)، ڕستەسازیی کوردی، سلێمانی.
- ــــــــــــــ. (2014)، سینتاکسی ئەرگەتیڤی\ ئەبسۆلۆتیڤیی کوردی- ئەرگەتیڤی شەقبووی وەچەزاری سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ ٣١ (ئادار).

- **مزگین عەبـــدولرەحمـــان ئەحمەد**. (2006)، دۆخی ئێرگەتیڤ لە زمـــانی کوردیـــدا-کرمانجی سەروو، ماستە رنامە، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- **نەبەز فەتاح بابەکر**. (2009)، سیما تایبەتییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- **نیعمەت عەلی سایە**. (2004)، ڕێزمانی شێوەزاری کەڵهوڕی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- وریـــا **عومەر ئەمین**. (1983)، لایەنێکی جیـــاوازی، گۆڤـــاری کۆڕی زانیـــاریی عێراق- دەستەی کوردی، ژ10.
- ______________. (2015أ)، زاراوەی دۆخ، ڕۆژنامەی بەدرخان، ژ174، هەولێر.
- ______________. (2015ب)، ئەرکی ڕێزمانی و لۆژیکی، ڕۆژنامەی بەدرخان، ژ172، هەولێر.
- **یارا قادر حەمەد مەلازادەیی**. (2013)، مۆڕفۆسینتاکس لە شێوەزاری کۆیەدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
- **ئازاد ئەحمەد حوسـێن**. (2008)، سـینتاکسـی کرداری لێکدراو لە شـێوەزاری هەورامیدا، دکتۆرانامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- **یووســف شــەریف ســەعید**. (2009)، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازیی کوردی، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- ______________. (2011)، زمانەوانی، ڕێکخراوی زماننـاسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- **Samî Tan**, (2005), Rêziman û rastnivîsa zaravayê Kurmancî, Enstîtuya Kuydî ya Stenbolê, çapxaneya İmaj matbaacilik, Stenbol.
- **Fevzi Özmen,** (2013), Perspektîf- dersên hînbûna Kurdî, Enstîtuya Kuydî ji bo lêkolîn û zanist, çapa duyem, Hewlêr.

## به زمانی عەرەبی:


- **اســـماعيل** قمندار. (2014)، دراســـة اللهجات الكوردية الجنوبية، دار عدنان للطباعة، بغداد.
- محمد حســـن **باكلا و محيي الدين خليل الريح** و...أخرون. (1983)، معجم مصطلحات علم اللغة الحديث (عربي – إنكليزي)، مكتبة لبنان، بيروت.


## به زمانی فارسی:


- مصطفى عاصى و محمد عبد على. (1996)، واژگان گزيده زبانشنسى، شركت انتشارات علمى و فرهنگى، تهران


## به زمانی ئینگلیزی:


- **Amin, Waria Omar., (**1979), Aspects of the verbal construction in Kurdish, London university.
- **Anderson, J. M.,** (1977), On Case grammar: Prolegomena to a theory of grammatical relations, London, Croom Helm, P.
- **Anderson, J. M.,** (1987), Case grammar and the localist hypothesis, Concepts of case, Tübingen, P.
- **Anderson, S. R.,** (1985). Inflectional morphology, Language typology and syntactic description, Cambridge: University of Cambridge Press.
- **Anderson, S., (**1976). On the notion of subject in ergative languages, Subject and topic. New York, Academic Press.
- **Bavin, E. L. & Stoll S.,** (2013), The Acquisition of Ergativity, John Benjamins Publishing.

- **Blake, B. J.**, (2004), Case, second edition, Cambridge university press, Cambridge.

- **Bussmann, H., (**1996), Dictionary of Language and Linguistics, Routledge, London and New York.

- **Butt M., (2007),** Modern Approaches to Case: an Overview, Universit¨at Konstanz.

- **Bynon, T**., (1979), The ergative construction in Kurdish, Bulletin of the School of Oriental and African Studies, University of London, Vol.42, No. 2.

- **Cocchi, G., (2010),** nominative and ergative languages:towards a unified theory of case checking. Publication Date: 2010-04-28, an international journal of syntactic research Syntaxis -- V. 02.

- **Comrie, B.,** (1978). Ergativity, Syntactic typology, Studies in the phenomenology of language, Austin, University of Texas Press.

- **Comrie, B.,** (1991), Form and function in identifying cases, Paradigms: The Economy of Inflection, Berlin and New York, Mouton de Gruyter.

- **Crystal, D., (**2012), A dictionary of linguistics and phonetics, 6th edition, Blackwell publishing, Fabulous printers, Singapore.

- **Dixon, R. M. W.,** (1979), Ergativity, Language, Vol 55, Linguistic Society of America.

- **Dixon, R. M. W.,** (1994), Ergativity, Cambridge, Cambridge University Press.

- **Farrell, T.,** (1995), Fading ergativity? A study of ergativity in Balochi, School of Oriental and African Studies, University of London, London.
- **Fillmore, C. J.,** (1965), Indirect Object Constructions in English and the Ordering of Transformations, Mouton.

- **Fillmore, C. J.,** (1968), The Case for Case, In Bach and Harms, New York, P.31.

- **Grimm, S. M.,** (2005), The Lattice of Case and Agentivity, MSc Thesis, Universiteit van Amsterdam.

- **Haspelmath, M.,** (2006), Terminology of case, Handbook of Case, Oxford University Press, Oxford.

- **Hodge, K. P., (2006),** The morpho-syntax of Latin and old French: The loss of a case system, MA Thesis, university of Florida.

- **Hualde, J. I. & Urbina, J. O.,** (2003), A Case grammar of Basque, Berlin; New York: Mouton de Gruyter.

- **Iggesen, O. A.,** (2005), Number of cases, feature 49, The World Atlas of Language Structures.

- **Janson, T.,** (2004). A natural history of Latin, (M. D. Sørensen & N. Vincent, Trans.), Oxford University Press.

- **Lam, P. P .W.,** (2006)., Causative-inchoative alternation of ergative verbs in English and Japanese, Tokyo University of Foreign Studies, Tokyo.

- **McGregor, W. B., (**2009), Typology of Ergativity, Language and Linguistics Compass 3/1,  Blackwell Publishing.

- **McGregor, W. B.,** (2010), Optional ergative case marking systems in a typological-semiotic perspective, Lingua, Volume 120, Issue 7.

- **Mel'cuk, I, A,.** (1986), Toward a Definition of Case, Case in Slavic, Columbus, Ohio, Slavica.

- **Moravscik, E. A.,** (1978), On the Distribution of Ergative and Accusative Patterns. Lingua, Vol.45.

- **Nose, M., (2006),** Diversity of Cases: The World Atlas of Language Structures, Tohoku University/ Japan Society for the Promotion of Science.

- **Parker, F. & Riley K. & Meyer C.,** (1988), Case assignment and the ordering of constituents in coordinate constructions, American Speech, Vol. 63 No.3.

- **Richards, J. C., & Schmidt, R,.** (2010), Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics, Fourth edition, Great Britain, Pearson Education Limited.

- **Robyn C. F.,** (1985), Ergativity in Suleimaniye Kurdish, Originally presented at the Middle East Studies Association, 1985 Annual Meeting.
- **Sioupi, A.,** (1999). The typology of middle constructions, ergative verbs and passive voice, Proceedings of the 12th International Symposium of Theoretical and Applied Linguistics, Aristotle University, Thessaloniki, Vol. 1.
- **Trask, R. L.,** (1979), On the origins of ergativity, Ergativity: Towards a theory of grammatical relations, London, Academic Press.
- **Trask, R. L.,** (1999), Key Concepts in Language and Linguistics, Routledge, London and New York.
- **Woolford, E.,** 1997. Four-way case systems: ergative, nominative, objective, and accusative. Natural Language and Linguistic Theory 15, Volume 15, Issue 1.
- **Yallop, C.,** (1977), An Aboriginal Language of Central Australia. AIAS Press, Canberra.

## ماڵپەڕی ئینتەرنێت:

- **www.en.wikipedia.org/wiki/Accusative_case**
- **www.en.wikipedia.org/wiki/Amharic**
- **www.en.wikipedia.org/wiki/Apalaí_language**.
- **www.en.wikipedia.org/wiki/Apurinã_language**.
- **www.en.wikipedia.org/wiki/Baure_language**.
- **www.en.wikipedia.org/wiki/Case_grammar.**
- **www.en.wikipedia.org/wiki/Ergative_case**
- **www.en.wikipedia.org/wiki/Hixkaryana_language**.
- **www.en.wikipedia.org/wiki/Malagasy_language**
- **www.en.wikipedia.org/wiki/Martuthunira_language**.

- **www.en.wikipedia.org/wiki/Nagndi-Markweta_language**
- **www.en.wikipedia.org/wiki/Nunggubuyu_language**.
- **www.etymonline.com/index.php?allowed_in_frame=0&search=accusative**
- **www.etymonline.com/index.php?allowed_in_frame=0&search=nominative**
- **www.propelsteps.wordpress.com/tag/sov**
- **www.tr.wikipedia.org/wiki/İsmin_hâlleri**

# ABSTRACT

Case is a grammatical category used to identify the syntactic relationship between words in a sentence. The traditional classification is based on variations in the morphological forms of the word. Each form is analyzed in terms of a specific meaning. Such as Nominative is the case of grammatical subject of the sentence. Genitive refers to possession…etc.

Typologically languages are classified into Ergative and nominative– accusative languages.

In a nominative - accusative language the surface subject is marked, in an identical manner in the transitive and intransitive sentences, while the o

In an ergative construction, the surface subject of the intransitive sentence and the object of the transitive sentence are marked in an identical manner, while the subject of the transitive verb may be marked for ergative case. i.e. There is a morphological identity between the subject of an intransitive verb and the object of a transitive verb.

Ergativity may be realized by (1) case marking on NPs, in which the subject NP of the transitive verb is marked for the ergative. The intransitive subject and transitive object occur in the nominative. (2) It may be realized by verbal agreement. In such a language the transitive object and. the intransitive subject agree with their verbs in number and person. (3) It may be realized by both case marker on NPs and verbal agreement.

The title of this thesis is (Kurdish Language Cases). It deals with the grammatical cases in Kurdish language. It consists of three chapters.

**Chapter One** deals with the title, aim, purpose, limitations, problem hypothesis, theoretical framework and the data of the research.

**Chapter Two** is entitled (What is grammatical Case?), it deals with the grammatical and logical function, definition of case and traditional and Filmorian cases.

**Chapter Three** which is entitled (Case Systems) is two sections. First section deals with nominative - accusative case, the Ergative Case and the types of Ergative case. Second section deals with, Morphological Ergative, Syntactic Ergative and Split Ergative.

**Chapter Four** is entitled (Case in Kurdish Language) deals with the case system in Kurdish Language dialects; Northern Kurmanji, Central subdialects and southern dialects

The thesis ends with some conclusions and a bibliography.

زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# Grammatical Case in Kurdish Language

A thesis

Submitted to the Council of the College of Education at Salahaddin University - Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Language.

By

**Faisal Ghazi Mohammad**

B.A. Kurdish Department

Supervised by

**Prof. Dr Waria Omar Amin**

Erbil, Kurdistan

September 2015